دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٢٦، سێشەممە ١٥ی جۆزەردانی ١٣٩٧ی هەتاوی، ٥ی ژوئەنی ٢٠١٨

www.kurdistanmedia.com

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ دانیشتنی ساڵانەی خۆی بەڕێوە برد ٢

بەڕێوەچوونی ڕۆژی جیهانیی منداڵان لە بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکرات ٢

دیداری یەکیەتیی ژنان و خاتوون نەسرین قاسملوو ٣



پاش هاتنەدەری ئامریکا لە ڕێککەوتنی ناوکی ٤




بنەوانەی کایەی ئوسولگەرایی و ئیسلاح تەڵەبی... ٥



سنوورەکان بشێوێنن ٦



ڕاسان لە لێکدانەوە و بڕیاری دروستەوە فرچکی گرتووە ١٠

# ترسی ڕێژیم لە ڕاپەڕین



دوابەدوای هاتنەدەری تاکلایەنەی ئامریکا لە بەرجام بە بڕیاری دانڵد ترامپ و کشانەوەی بەشێکی بەرچاو لە بانک و کۆمپانیا زەبەلاحە جیهانییەکان بەهۆی ئەگەری تەحریمە نێونەتەوەییەکان لە ئێران، ترس سەراپای ڕێژیمی تارانی داگرتووە.

لە نوێترین لێدوانە پڕ لە ترسەکانی سەرانی ڕێژیم لەهەمبەر داهاتووی ڕێژیم پاش بەرجام، عەلی خامنەیی لە ٢٩هەمین ساڵیادی مردنی دیکتاتۆری بەناوبانگ، بڕیاری بە دەزگای وزەی ناوکی دا کە بەپەلە کارئاسانییەکان بۆ بردنەسەری ئاستی پیتاندنی ئۆرانیۆم بەڕێژەی ١٩٠ هەزار سوو (SWU) جێبەجێ بکات.

ناوبراو هەروەها باسی لە پرسی سازکردنی مووشەک و بەردەوامی بەرنامەی مووشەکی ڕێژیم کرد و ڕایگەیاند: دوژمنانمان بەتەمای ئەوەن کە بە گوشاری ئابووری، دەروونی و کردەیی ئێمە بەچۆکدا بێنن؛ مووشەک بۆ ئێمە مایەی ئەمنیەت و خاڵی بەهێزییە و سەروەریمان لە ناوچەدا مسۆگەر دەکات!

هەر لەم ئاخاوتنەدا خامنەیی هاوشێوەی سەرکۆمارە دەسنیشان کراوەکەی باسی لەوە کرد کە ئامریکا دەیهەوێ خەڵک بە گژ ڕێژیمدا بکاتەوە.

قسەکانی خامنەیی کە چەشنێک لە ترس و هەڕەشەی پێوە دیار بوو لە کاتێکدا بوون کە پاش کشانەوەی ئامریکا لە بەرجام چەندین کۆمپانیا و بانکی زەبەلاحی جیهانی بەهۆی ئەگەری گەمارۆی ئامریکا لە ئێران کشاونەتەوە یان ڕایانگەیاندووە کە لە داهاتوودا دەکشێنەوە.

ناوی بەشێک لەم کۆمپانیا و بانکانە بریتییە لە: تۆتاڵی فەرانسە، شیرکەتی ئاوەدانی و بیناسازیی کۆرەی باشوور، شیرکەتی جێنراڵ ئێلکتریک، شیرکەتی ئامریکایی نایک، بانکی "DZ"ی ئاڵمان، شیرکەتی" پی.جی.نیگ "ی لەهستان، شیرکەتی پۆلاسازی ئیتالیا و کەشتیرانی دانمارک، شیرکەتی ئەیرباس، شیرکەتی نەوتی ئێنی ئیتالیا، سریکا ئێنێرژی بریتانیا، بوویینگی ئامریکا، سیترۆئینی فەرانسە، زیمێنسی ئاڵمان وکۆمپانیای لۆک ئۆیل.

ئەم بارودۆخە هاوکات لەگەڵ چەسپاندنی خولێکی نوێ لە گەمارۆکان بەدژی کەسایەتی و دامەزراوەکانی سەر بە ڕێژیم لەلایەن ئامریکاوە کە بریتین لە: "عەبدولعەلی عەسگەری سەرۆکی ناوەندی دەنگ و ڕەنگی ڕێژیمی ئێران، حوسێن ئەڵلاکەرەم سەرۆکی شۆرای هاوئاهەنگیی ئەنساری حیزبوڵڵا، عەبدولحوسێن فیرووزئابادی، عەبدولسەمەد خورەمئابادی جێگری دۆزگەری گشتیی ڕێژیمی ئێران، عەبدولحەمید مۆحتشەم سەرۆکی گشتیی ئەنساری حیزبوڵڵا و بەڕێوەبەری بلاڤۆکی "یالثارات الحسین" و هەروەها حەمید ئۆستاد بەرپرسی ئەنساری حیزبوڵڵای مەشهەد"، گرووپی حیزبوڵڵا و گرووپی بەرنامەنووسیی هانیستا و وەلیوڵلا سەیف"، سەرۆکی بانکی ناوەندیی ڕێژیم"، کاریگەری بەرچاوی لەسەر کەشی دەروونی کۆمەڵگای ئێران داناوە بەچەشنێک کە وەک چالاکانی سیاسی و چاودێرانی نێوخۆ باسی لێوە دەکەن بازرگانە نێوخۆییەکان بەرەبەرە سەرمایەکانیان لە بازاڕ کشاندۆتەوە و شەپۆلێکی بەرین لە گرانی و مایەپووچ بوونی کارگە و کارخانە وەبەرهێنەرەکان هاتۆتە ئاراوە کە لە ئەنجامدا ئاستی بێکاری زیادی کردووە کە کۆی ئەم ڕووداوانە باری دەروونی کۆمەڵگای ئاڵۆز و گرژتر کردووەتەوە.

خامنەیی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە کەڵکاژۆوەرگرتن لە ئێعترازە خەڵکییەکان و سازکردنی بشێوی لە ئێران بەرنامەی دوژمنانە؛ دوژمن بە ناردنی کۆمەڵێک مرۆڤی نارەسەن و شەڕئەنگێز بۆ نێو کۆبوونەوە خەڵکییەکان دنەی خەڵکیان داوە تاکوو ئاژاوەیەکی قووڵمان بۆ دروست بکەن.

خامنەیی لە کاتێکدا باس لە ئاژاوەگێڕی "دوژمن" دەکات کە لە چەند حەوتوی ڕابردوودا لە چەندین شاری ئێران و کوردستان خەڵک لەهەمبەر سیاسەتی قڕکردنیان لەلایەن ڕێژیمەوە ڕژانە سەر شەقامەکان یان لەهەمبەر سیاسەتە دژەمرۆڤانەکانی ڕێژیم مانیان گرت کە بەرچاوترینیان مانگرتنی دووکاندار و بازاڕییانی شاری بانە، مانگرتنی کامیۆندارانی ئێران و کوردستان، کۆبوونەوە و تێکهەڵچوونی خەڵکی کازروون و گردبوونەوەی کرێکارانی هێپکۆ بوو.

ئەوەیکە پڕئاشکرایە لەپاش کشانەوەی ئامریکا لە بەرجام و گەڕانەوەی تەحریمە پێشووەکان و سەپاندنی گەمارۆی نوێ هاوکات لەگەڵ کوورتکردنەوەی دەستی ئێران لە ناوچە و کۆتایی هێنان بە تەڕاتێنەکانی ڕێژیم لە ناوچە کە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ناوچە و جیهان دروست کردووە، دەبنە هۆی شکستی گەورەی سیاسی، ئابووریی و ئیدیۆلۆژی ڕێژیم و بەدوور نازانرێت کە گوشارە سیاسی و ئابوورییەکان، گەلانی ئێران پەلکێشی سەر شەقامەکان بکات تاکوو بەشێوەیەکی جیددیتر لە ڕابردوو، لەدژی ڕێژیم و سیاسەتەکانی ڕاپەڕن؛ بۆیە دەکرێ بڵێین قسەکانی خامنەیی لە ئەنجامی "ترس لە ڕاپەڕینە!".

## پەیڤ

**وەرزی هەڵدێران**

### کەریم پەرویزی

لە بڕگە هەستیارەکانی مێژوودا، سیما شاراوەکان زیاتر لە جاران خۆیان دەردەخەن. ئەگەر پێشتر کردەوە و لێدوانەکانیان تەنیا بۆ کەسە زۆر پسپۆڕ و بە وتەی باو «خاوەنڕایان» دیار بوو و دەیانزانی کە چ بیرکردنەوەیەک لە پشتی لێدوانە بەرواڵەت جوانەکانیانەوە خۆی حەشار داوە، لە بڕگە هەستیارەکاندا ئیدی ناچار دەبن خۆیان دەربخەن و هەموو کەس بەروونی سیمای شاراوەیان دەبینێ.

لە ئێراندا بە هۆی تاوان و دڕندەییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، سەدان هەزار کەس کوژراون و بە میلیۆنان کەس ماڵوێران و ئاوارە بوون و لەبەر ئەم تاوانە گەورانەی لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا بەڕێوەیان بردووە، زۆر کەس و لایەن و ڕەوتی سیاسی لە هەمبەر ئەو دڕندەییانەدا هەڵوێستیان گرتووە و خەڵکیش پشتی ئەو کەس و لایەنە خاوەن هەڵوێستانەیان گرتووە.

لە نێو ئەو جۆرە کەس و لایەنانەدا هەبوون و ئێستاش هەن کەسانێک کە هەڵوێستیان دژ بە کۆماری ئیسلامی لەبەر باوەڕ و بیرکردنەوەی جیاوازیان نییە، بەڵکوو تەنیا لەبەر ئەوەیە کە خۆیان لە دەسەڵاتدا نین و گەر ڕێژیم گۆشەیەک لە شیرینیی دەسەڵاتی پێ بدایەتن، ئەوانیش قامچیەکیان دژ بە خەڵک ڕادەوەشاند.

لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا، لەم جۆرە کەسانە زۆر هاتوون و چوون و ئێستاش کەسانێکیان هەر هەن و سیمای جۆربەجۆریشیان بەخۆوە گرتووە. جارێک بە ناوی چاکسازیخوازی، جارێک بە ناوی پەرەدان بە گوتاری دێموکراسی، جارێک بە ناوی دژایەتیی شەڕ و ماڵوێرانی و ... ویست و ئیرادەی دەروونیی خۆیان شاردۆتەوە و زۆر جار سیمای ئازادیخوازی و لایەنگری لە مافی خەڵکیشیان لەخۆیان نیشان داوە.

بۆ ئەوەی زۆر بەلاڕێدا نەچین، بەڕوونی دەتوانین ئاماژە بە کۆنە بازجوو و ئەشکەنجەگەرەکانی ساواک و سپای پاسداران و دەزگای ئیتلاعاتی ڕێژیمی تاران بکەین کە چوونەتە دەرەوەی وڵات و لە بڕگەیەکدا خۆیان بە ستەملێکراو نیشان داوە و سیمای دژایەتیی کۆماری سێدارەیان بەخۆوە گرتووە!

یان لە نێو ڕەوتە فیکریە دژە ڕێژیمەکاندا کەسان و لایەنی وا بە بیرکردنەوەی فاشیستییەوە هەن، کە لەژێر ناوی دێموکراسیخوازی و دروشمی دیکەدا خۆیان حەشار داوە، بەڵام لە بنەڕەتدا هەر وەکوو کۆماری ئیسلامی بیریان کردۆتەوە و لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا نموونەی لەو چەشنە پەیدا بوون کە لێدوانەکانیان ڕواڵەتی دێموکراتیکی هەبووە، بەڵام نیەت و

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ڕاگەیەندراوێکی بۆ پشتیوانی لە مانگرتنی شۆفێری ماشێنە بارهەڵگرەکان بڵاو کردەوە

دەقی ڕاگەیەندراوەکە:

ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئیران: پشتیوانی لە مانگرتنی شۆفێری ماشێنە بارهەڵگرەکان دەکەین.

ماوەی نزیك بە هەفتەیەکە شۆفێری ماشێنە بارهەڵگرەکان لە چەندین شاری ئێران و کوردستان لەوانە مەشهەد، هەمەدان، بوشێهر، ئیسفەهان، شیراز، سەقز، کرماشان، دیواندەرە و... بۆ دەربڕینی نارەزایەتیی بەرامبەر بە جێبەجێ نەکردنی خواستە پیشەییەکانیان مانیان گرتوە و سەرەڕای بەڵێنە بێبنەماکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان، مانگرتنەکان لە چەندین شاری جۆراوجۆر بەردەوامە.

هەرچەند مانگرتنی شۆفێری ماشینە بارهەڵگرەکان داواکارییەکی پیشەییە، بەڵام دەرهاویشتە و بەشێکە لەو قەیرانە ئابوورییەی کە دەسەڵاتدارانی ڕێژیم بۆ خەڵکی ئێرانیان خوڵقاندوە و خەڵک بۆ بەدەستهێنانی بژیوی ژیانی ڕۆژانەیان تووشی چەندین کێشە و گرفت دەبنەوە.

ئەمەش لە کاتێکدایە کۆماری ئیسلامی ساڵانە چەندین میلیارد دۆلار خەرجی گرووپە توندڕەو و تێرۆریستییەکان لە وڵاتانی جۆراوجۆر دەکات.

ئێمە وێڕای دەربڕینی پشتیوانیی خۆمان لە مانگرتنی بەربڵاوی شۆفێری ماشێنە بارهەڵگرەکان لە شارەکانی ئێران و کوردستان و هەروەها مانگرتن و نارەزایەتیی چین و توێژە جۆراجۆرەکانی کۆمەڵگای ئێران، خوازیاری دەستەبەربوون و وەدیهاتنی داواکارییە ڕەواکانیانین.

وڵام نەدانەوە بە داخوازیی شۆفێرە مانگرتووەکان، نموونەیەکە لە پشتگوێخستنی ژیانی خەڵک لە لایەن بەرپرسانی ڕێژیمی ئیسلامی.

**سەرکەوتوو بێت مانگرتنی شۆفێری ماشینە بارهەڵگرەکان لە شارەکانی ئێران و کوردستان**

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**

**٥ی جۆزەردانی ١٣٩٧**



## کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ دانیشتنی ساڵانەی خۆی بەڕێوە برد



کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ لە دانیشتنی ساڵانەی خۆیدا چەند خاڵی گرینگی تایبەت بە نەتەوەکانی ئێران پەسەند کرد.

"ئاسۆ ساڵح" نوێنەری حیزبی دێموکرات لە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئیرانی فێدراڵ بە ماڵپەڕی کوردستان میدیای ڕاگەیاند، کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ ڕۆژانی شەممە و یەکشەممە ڕێکەوتی ٥ و ٦ی جۆزەردانی ١٣٩٧ی هەتاوی، لە شاری ستۆکهۆڵم دانیشتنی ساڵانەی خۆی بەڕێوە برد.

لەم دانیشتنە نوێنەرانی ١٣ حیزب و لایەن بەشدار بوون و چەند خاڵی گرینگ تایبەت بە نەتەوەکانی ئێران پەسەند کران.

لەو دانیشتنەدا سەرەتا ڕاپۆرتی سیاسیی دوو ساڵی ڕابردوو لە لایەن "بەختیار عەلیار"، کۆردیناتۆری پێشووی کۆنگرە خوێندرایەوە و دوای تێبینیی بەشدارانی ئەو کۆنگریە ڕاپۆرتەکە بە هەندێ گۆڕانکاری پەسەند کرا.

پاشان داوای ئەندامەتی یەکیەتیی دێموکرات فێدراڵی ئازەربایجان، بیرلیک، پاش پێداچوونەوە لە لایەن ئەندامانی کونگرە پەسەند کرا و بەو شێوە ئەم ڕێکخراوە وەکوو ئەندامی نوێی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ ناسێندرا.

لە درێژەی دانیشتنەکان، بارودۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی نەتەوەکانی ئێران، بارودۆخی ناوچە و سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکی ئێران لە لایەن بەشداربووان شرۆڤە کرا و لەسەر ئەو ئەساسە چوارچێوەی کاریی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ بۆ ساڵی داهاتوو دیاری کرا.

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ هەروەها بڕیارنامەیەکی سەبارەت بە دیاریکردنی سنووری جوغرافیایی نەتەوەکانی ئێران پەسەند کرد ،بەپێی ئەو بڕیارنامەیە دابینکردنی ئەو سنوورانە لە داهاتوودا تەنیا لە ئەستۆی پارلمانی نەتەوەیی- ئیالەتی ئەو نەتەوانەیە.

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ هەروەها بڕیارنامەیەکی بۆ مەحکوومکردنی سزای ئێعدام پەسەند کرد کە دەقەکەی بەم چەشنەیە:

بە مەبەستی پاراستنی یەکیەتی و تەبایی نەتەوەکانی ئێران و خۆڕاگریی ئەو نەتەوانە کە دژی ڕێژیمی ئێران و لەپێناو ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمە خەبات دەکەن و بۆ دامەزراندنی نیزامێکی دێموکراتیک هەوڵ دەدەن، کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە چارەسەرکردنی کێشەی سنوورەکانی نێوان نەتەوەکانی ئێران لە ئەستۆی مەجلیسی نەتەوەیی/ ئەیالەتییە.

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ لەو بڕیارنامەیەدا باسی لەوە کردووە، کە باسکردن لە کێشەی سنوورەکان لە ئێستادا ئاڵۆزی دەخاتە ناو ڕیزی خەباتی سیاسیی نەتەوەکانی ئێران کە دژی ڕێژیمی ئێران خەبات دەکەن و ئەوەش بە قازانجی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

ئەندامانی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ، جەخت لەسەر ئەوەش دەکەنەوە کە لە ڕێگای دیالۆگ و گفتوگۆ کێشەی خاک لە نێوان نەتەوەکانی ئێران چارەسەر دەکرێت و ئەو بەرپرسایەتییەش دەخاتە ئەوستۆی مەجلیسی نەتەوەیی ئێران.

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ ساڵی ٢٠١٥ی زایینی لە شاری لەندەن دامەزرا و بەربڵاوترین ئێتێلافی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانە.

## شاندێکی حیزبی دێموکرات سەردانی نوێنەرایەتیی پارتی پێشڤەڕۆی کورد لە سووریەیان کرد



شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەردانی نوێنەرایەتیی پارتی پێشڤەڕۆی کورد لە سووریەیان لە شاری سلێمانی کرد و کۆمەڵێک پرسی تایبەت بە کوردیان تاوتوێ کرد.

شاندێکی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٤ی جۆزەردانی ١٣٩٧ی هەتاوی، بە سەرپەرەستیی "محەممەدنەزیف قادری" ئەندامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکرات، سەردانی نوێنەرایەتی پارتی دێموکراتی پێشڤەڕۆی کورد لە سووریەیان لە شاری سلێمانی کرد و لە لایەن "عەلی شەمدین" ئەندامی مەکتەبی سیاسی و نوێنەری ئەو پارتە لە هەرێمی کوردستان پێشوازییان لێ کرا.

لەو سەردانەدا دوو لایەن باسیان لەسەر پرسی کورد، لە هەموو بەشەکانی کوردستان و بەتایبەت ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات کرد و هەروەها لەسەر ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە بیروڕای خۆیان دەربڕی.

لە کۆتاییدا دوو لایەن لە سەر بەهێزترکردنی پێوەندییەکانیان جەختیان کردەوە.

## شاندێکی حیزبی دێموکرات بەشداری لە پرسەی "عادڵ موراد" کرد

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەشداری لە ڕێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشیی "عادڵ موراد" کرد.

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٤ی جۆزەردانی ١٣٩٧ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرەستیی "محەممەدنەزیف قادری" ئەندامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکرات، لە ڕێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشیی "عادڵ موراد"، سکرتێری ئەنجومەنی ناوەندیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە شاری سلێمانی بەشدارییان کرد.

شاندی حیزبی دێموکرات پرسە و سەرەخۆشیی حیزبی دیمۆکراتیان پێشکەش بە بنەماڵەی بەڕێزیان و ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی و ئەنجومەنی ناوەندیی (ی.ن.ک) ڕاگەیاند.

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ڕۆژی جیهانیی منداڵان لە بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکرات



ڕێوڕەسمی ڕۆژی جیهانیی منداڵان، بە ئامادەبوونی منداڵانی کادر، پێشمەرگە و بنەماڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو.

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١٠ی جۆزەدانی ١٣٩٧ی هەتاوی، بە بۆنەی ١ی ژوئەن ڕۆژی جیهانیی منداڵان ڕێوڕەسمێک لە لایەن ناوەندی "نێرگز"ی منداڵانی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە، بە خوێندنی سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" لە لایەن بەشێک لە منداڵانی ناوەندی نێرگز و دواتر چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و بەتایبەت منداڵانی شەهیدی کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان پەیامی منداڵانی ناوەندی نێرگز، بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵانەوە لە لایەن "ڕێزان مەقرووزی" ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی ناوەندی نێرگزەوە پێشکەش کرا.

دوای پێشکەشکردنی پەیامی ناوەندی نێرگز، "مستەفا هیجری" لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چەند وتەیەکی بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵان و بەتایبەت منداڵانی کورد پێشکەش کرد.

پاش پێشکەشکردنی ئەو دوو پەیامە سروودێک لە ژێر ناوی "وەرن با شاد بین" لە لایەن منداڵانی ناوەندی نێرگزەوە پێشکەش کرا.

بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵان، بۆ ڕێزلێنان لە دوو ڕاهێنەری منداڵان لە ناوەندی نێرگز، خەڵات و لەوحی ڕێزلێنان پێشکەش بە خاتوو "زەمەن بەهاری و زانیار بەهاری" کرا کە ئەو خەڵات و لەوحە ڕێزلێنانە لە لایەن مستەفا هیجری، پێشکەش بەو دوو ڕاهێنەرەی منداڵانی ناوەندی نێرگز کرا.

پاشان خاتوو "زەمەن بەهاری" بە بۆنەی وەرگرتنی خەڵات و لەوحی ڕێزلێنان لە بواری پەروەردەی منداڵاندا، چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

لە درێژەی ئەو ڕێوڕەسمەدا، گرووپی سروودی منداڵانی ناوەندی نێرگز خەڵات کران کە خەڵاتەکان لە لایەن زانیار و زەمەن بەهاری پێشکەش کران.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا، نمایشی جلوبەرگ لە لایەن منداڵانی ناوەندی نێرگزەوە بەڕێوە چوو.

دواتر چەند تابلۆی هەڵپەڕکێ لە لایەن گرووپی کچان و کوڕانی ناوەندی نێرگزەوە پێشکەش بە بەشداربووانی ڕێوڕەسمەکە کرا.

ڕێوڕەسمی ١ی ژوئەن، ڕۆژی جیهانیی منداڵان بە شانۆیەک لە ژێر ناوی "گرانە" لە لایەن منداڵانی ناوەندی نێرگزەوە کۆتایی پێهات.

## بەشداری شاندێکی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات لە پرسەی پێشمەرگەیەکی سەردەمی کۆماری کوردستاندا



هەیئەتێکی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە پرسەی پێشمەرگەیەکی سەردەمی کۆماری کوردستاندا لە شاری سۆران بەشداری کرد.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١ی جۆزەردانی ١٣٩٧ی هەتاوی، شاندێکی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرەستیی "محەممەدساڵح قادری" بەرپرسی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات لە شاری هەولێر، بەشداریان لە پرسەی مام "زورار سلێمان بەگی دەرگەلەیی" پێشمەرگەی کۆماری کوردستان، تێکۆشەری دێرین و کەسایەتی ناسراوی دەڤەری باڵەکایەتی لە شاری سۆران کرد.

قادری لەو پرسەیەدا، هاوخەمی و سەرەخۆشیی حیزبی دێموکرات و "مستەفا هیجری" لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی بە بنەماڵەی خوالێخۆشبوو گەیاند.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٩ی بانەمەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی، مام "زورار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی"، پێشمەرگەی تێکۆشەرو قارەمانی سەردەمی کۆماری کوردستان، لە شاری سۆران لە کوردستانی باشوور ماڵاوایی لە ژیان کرد.

## شار و گوندەکانی کوردستان گۆڕەپانی چالاکیی تەبلیغین



قارەمانی دێموکرات، لە شار و گوندەکانی کوردستان بۆ پشتیوانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چالاکیی جۆراجۆری تەبلیغیی بەڕێوە دەبەن.
ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران، بۆ پشتیوانیی لە خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و پەیمان نوێکردنەوەی لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان بەردەوام چالاکیی تەبلیغیی بەڕێوە دەبەن.
ڕۆڵەکانی دێموکرات لە شاری مەریوان، لە گوندی "نێ"ـی هەمیشە دێموکرات، ئاڵای پیرۆزی کوردستانیان هەڵکرد و پەیمانی وەفادارییان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدانی کوردستان نوێ کردەوە.
هاوکات قارەمانانی دێموکرات لە شاری بۆکان، لە یەکێک لە بەرزاییەکانی ئەو شارە بە ئاگر وشەی "حدکا"یان نووسیوە و پشتیوانیان لە حیزبی دێموکرات دەربڕیوە.
هەر لەو پێوەندییەدا، تێکۆشەرانی دێموکرات لە شارەدێی "پەسوێ" سەر بە شاری پیرانشار، لە جیاتی سەڵای پارشێو، سرووودی دوژمنشکێنی "ئەی ڕەقیب"یان لە بڵندگۆی مزگەوت بڵاو کردووەتەوە.
هەروەها تێکۆشەرانی دێموکرات لە شەوانی ڕابردوودا لە گوندی حاجی خۆشی مەهاباد و هەروەها لە بەرزاییەکانی شاری بانە ئاڵای پیرۆزی کوردستانیان هەڵکرد.
هەروەها تێکۆشەرانی دێموکرات لە باوەڕێزی سنە بە نووسینی دروشمەکانی وەک: قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە و بژی حیزبی دێموکرات پەیمانی وەفادارییان بە ڕێبازی شەهیدانی گەل نوێ کردەوە.

## تێکۆشەرانی دێموکرات پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێ کردەوە



پۆلێک لە قارەمانانی دێموکرات بە مەبەستی پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان لە ساڵوەگەری شەهیدی فەرماندە "ئیبراهیم شێخاڵی"، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.
ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێکەوتی ٧ی جۆزەردانی ١٣٩٧ی هەتاوی، لە ڕۆژی شەهیدکرانی شەهیدی فەرماندە "ئیبراهیم شێخاڵی"، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.
تێکۆشەرانی دێموکرات لە ڕۆژی شەهیدکرانی فەرماندەی بلیمەتی حیزبی دێموکرات، لە شارەدێی "پەسوێ" زێدی لەدایکبوونی شەهید ئیبراهیم شێخاڵی وێنەی تایبەتیان بڵاو کردووەتەوە، هەروەها بە نووسینی دروشم لە زۆربەی شەقام و کۆڵانەکان، شوێنە تایبەتەکانی وەک قوتابخانە، سالۆنی وەرزشی و مزگەوتەکان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.
هەروەها لەو چالاکییانەدا، قارەمانی دێموکرات، ئاڵای ڕێژیمی کۆنەپەرەستی ئێرانیان لە قوتابخانە هێناوەتە خوارەوە.
شەهید "ئیبراهیم شێخاڵی" خەڵکی شارەدێی پەسوێ و فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی شەهید "نەحوۆ" و ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتە شارستانی ئورمیە بوو. ئەو فەرماندە قارەمانە، لە ڕۆژی ٧ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی لە دەوروبەری گوندێ "جێرمێ"ی ناوچەی تەرگەوەڕ، لە شەڕ دژی داگیرکەرانی ڕێژیمی ئێراندا شەهید بوو.
تەرمی شەهیدی فەرماندە بە هۆی بارودۆخی تایبەت لە کاتی شەهیدبوونیدا، لە شوێنێکی تایبەت و لە ناوچەیەکی شاخاوی بە خاک ئەسپێردرا.

## دیداری یەکیەتیی ژنان و خاتوو نەسرین قاسملوو



شاندێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەردانی خاتوو نەسرین قاسملوو، هاوسەری شەهید دوکتور قاسملوویان کرد.
ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٥ی جۆزەردانی ١٣٩٧ی هەتاوی، شاندێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرەستیی "کەژاڵ نەقشبەندی" بەرپرسی گشتیی ئەو ڕێکخراوەیە لە دەرەوەی وڵات، سەردانی خاتوو نەسرین قاسملوو، هاوسەری ڕێبەری شەهید دوکتورعەبدولڕەحمان قاسملوو و ئەندامی ئیفتخاریی یەکیەتیی ژنانیان لە فەرانسە کرد.
لەو دیدارەدا سەرەتا لە لایەن کەژاڵ نەقشبەندییەوە باسێک لەسەر ئامانجی یەکیەتیی ژنان لە دیدارکە و هاوخەباتی و پشتیوانیی بەردەوامی خاتوو نەسرین لە بزووتنەوەی ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵات، بەتایبەت تێکۆشانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرا.
هەر لەو دیدارە بە مەبەستی ڕێزگرتن لە هەوڵ و تێکۆشانی خاتوو نەسرین قاسملوو لەوحێکی ڕێزلێنان پێشکەش بە ناوبراو کرا.
پاشان لە لایەن نەسرین قاسملووەوە، وێڕای دڵخۆشیدەربڕین بۆ ئەو دیدارە، چەند وتەیەکی بە نیسبەت خەباتی ژنانی کورد و ڕۆڵی یەکیەتیی ژنان وەک ڕێکخراوێکی بەرپرسیار و شوێندانەر لە ڕاستای خزمەت بە ژنانی کورد پێشکەش کرد و بە ئاماژەدان بە داهاتووی پڕ لە کێشەی کۆمەڵگەی ئێران و کوردستان لەهەمبەر جێگیربوونی ماف و ئازادییە ڕەواکانی ژنان، هیوای خواست کە ژنان، بەتایبەت ئەندامانی یەکیەتیی ژنان هەرچی زیاتر خۆیان بە چەکی زانست و خوێندەواری تەیار بکەن.
لەو دیدارەدا کۆمەڵێک پرسیاری تایبەت بە ژنانی کورد لە لایەن هەیئەتی بەشدار هاتنە ئاراوە کە لە لایەن خاتوو نەسرینەوە وڵام درانەوە.

## ١٢ی جۆزەردان، ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهاباد بە دەستی ڕێژیمی ئێران

ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی هەر ساڵێک وەبیرهێنەرەوەی جەنایەتێکی دیکەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە کوردستاندایە.
لە ڕێکەوتی ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ی هەتاویدا ڕێژیمی دڕندەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ چاوترسێنکردنی خەڵکی خەباتکاری کوردستان، بە تایبەتی لاوانی شۆڕشگێڕ، بۆ تۆڵەئەستاندنەوە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، لەوپەڕی دڕندەییدا ٥٩ لاوی کوردیان لە شاری مەهاباد ئێعدام کرد.
ئەوە نە یەکەم تاوان و نە دواتاوان دژی خەڵکی کوردستان بوو بەچەشنێک کە ئێعدامی بە کۆمەڵی لاوانی کورد، دوای ئەم تاوانەش هەر درێژەی هەبوو.
بڕیاردەران و بەڕێوەبەرانی تاوان و جەنایەت دژی خەڵکی کوردستان، هیچ کات سەبارەت بە کردەوەکانیان لێپرسینەوەیان لەگەڵ نەکرا، بە پێچەوانەوە پلە و پایەیان لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا چووە سەر.
بەڵام تێپەڕینی زەمان، ئەم تاوانانە و خوێنی بە ناحەق ڕژاوی ئازادیخوازانی کوردستان، لە بیر گەلی کورد ناباتەوە.
ئێستا کە ٣٥ ساڵ بەسەر ئێعدامی بە کۆمەڵی ٥٩ لاوی مەهابادی تێپەڕ دەبێت، ڕۆڵەکانی کوردستان خوێنی لاوانی شۆڕشگێڕ لەبیر ناکەن و درێژەدەری ڕێگایانن.
ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی، لە لووتکەی بەرەنگاریی خەڵکی کورد لە بەرانبەر هێرشەکانی سپای خومەینی بۆ سەر کوردستان، بەرپرسان و پیاوکوژانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لە شەڕ دژ بە پێشمەرگەی کوردستاندا لە کورتییان دابوو و شکستی یەک لە دوای یەکیان دەخوارد، لە نێو شارەکانی کوردستاندا دەستیان بە سەرکوت و هەڕەشە و گوڕەشە کرد، تاکوو بەخەیاڵی خاوی خۆیان چۆک بە ئیرادەی خەباتکارانە و مافویستانەی کوردستان دابدەن.

## دایکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کۆچی دوایی کرد

دایکی شەهیدێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری سنە بۆ هەمیشە دڵی لە لێدان کەوت.
دایە "زەریفە یاری"، دایکی شەهید "خالید شاهمۆرادی" خەڵکی گوندی "کەژیکەران"، سەر بە ناوچەی "حوسێن ئاوا"ی سنە بە هۆی پیری کۆچی دوایی کرد.
تەرمی دایە زەریفە لەنێو ئاپۆرای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاک ئەسپێردرا.
شەهید خالید لە شەڕێکدا دژی داگیرکەرانی کوردستان لە گوندی "باوەڕێز" لەگەڵ دوو پێشمەرگەی دیکەدا لە لایەن جەلادەکانی ڕێژیمەوە گەمارۆ دران و بە برینداری کەوتنە دەست هێزەکانی ڕێژیمەوە، دوای ئەوەیکە لە زیندانەکانی ڕێژیم دابوون بەرپرسانی ڕێژیم داوای هاوکاریان لێ کردبوون، بەڵام دوو قارەمانی دێموکرات تەسلیمی ویستی دوژمن نەبوون و لە ئاکامدا ئێعدام کران و تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوون.

## باوکی شەهیدێکی حیزبی دێموکرات، لە شاری نەغەدە ماڵئاوایی لە ژیان

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٢ی جۆزەردانی ١٣٩٧ی هەتاوی، کاک "عەلی ئێبراهیمی" ناسراو بە "عەلی دریازی"، خەڵکی گوندی "شاوەلە" سەر بە شاری نەغەدە، کۆچی دوایی کرد.
کاک عەلی، باوکی فەرماندەی شەهید "محەممەد دریازی" بوو، کە شەهید محەممەد یەکێک لە فەرماندە قارەمانەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو.
تەرمی ناوبراو لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاک ئەسپێردرا.
شەهید "محەممەد دریازی" ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی، لە گوندی شاوەلە چاوی بە دنیا هەڵێنا و ڕێکەوتی ٢٢ی بانەمەڕی ١٣٦٤ هەتاوی، لە شەڕێکی قارەمانانەدا لە شوێنێک بە ناوی "ئاغوتماز"ی شاری مەهاباد تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوو.
تەرمی فەرماندەی شەهید لە گوندی گامیشیان بە خاک ئەسپێردرا.

## پێشمەرگەیەکی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری بۆکان کۆچی دوایی کرد




کاک سەید "کامیل نیزامی" پێشمەرگەی دێرینی حیزبی دێموکرات ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٩ی جۆزەردانی ١٣٩٧ی هەتاوی، لە شاری بۆکان کۆچی دوایی کرد و تەرمی ناوبراو لە نێو ئاپۆرای خەڵکدا بە خاک ئەسپێردرا.
کاک سەید کامیل ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگانەی لەبەر کرد و ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی بە هۆی ئەوەی کە تووشی نەخۆشی دەبێت، لەسەر ئیجازە و ڕەزامەندیی حیزب دەگەڕێتەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆی.
ناوبراو لە ماوەی پێشمەرگەبوونیدا وەک سەرپەل و دواتریش وەک فەرماندەی لکی ١ی هێزی بەیان دیاری کرا.
کاک سەید کامیل تا دوایین ساتەکانی ژیانی وەفادار بە ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مایەوە.

## دوو ئەندامی دڵسۆزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری کامیاران ماڵئاواییان لە ژیان کرد



ڕۆژی شەممە ڕێکەتی٢٩ی بانەمەڕی ١٣٩٧ی شێخ "ئەنوەر ڕۆحانی" کوڕی شێخ "ئەبووبەکر" خەڵکی گوندی "کاشتەر" لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد.
ناوبراو بە هۆی هاوکاریکردنی حیزبی دێموکرات لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە زیندانی کراوە.
تەرمی ناوبراو لە نێو ئاپۆرای خەڵکی ناوچەکە لە گوندی کاشتەر بەخاک ئەسپێردرا.
هاوکات ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢ی جۆزەردانی١٣٩٧ی هەتاوی، شێخ "وەجیەدین قادری" کوڕی شێخ "ئەحمەد" خەڵکی گوندی "سیویە" لە تەمەنی ٧٤ ساڵیدا بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد.
ناوبراو ئەندامێکی دڵسۆزی حیزب و کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەری ناوچەکە بوو، کە سێ جار بە هۆی هاوکاریی حیزب دێموکرات زیندانی کراوە.

## درێژەی پەیڤ

هۆکاری دژکردەوەکانیان بۆ تێکدانی کۆڕێک و بیری فاشیستییان دەگەڕێتەوە.
ئەم جۆرە سیمایانە، لە حاڵەتی ئاساییدا ڕواڵەتی ئەمرۆیی و ئازادیخوازی دەگرن، بەڵام لە بڕگە هەستیارەکاندا دەروونی خۆیان دەردەخەن؛ هەر وەک لەم چەند مانگەی ڕابردوودا کە کۆماری ئیسلامی کەوتۆتە ژێر گوشارێکی ڕاستەقینەی جیهانییەوە، ئیدی دەمامکەکان فڕێ دەدرێن و بە ئاشکرا و بێشەرمانە دیفاع لە ڕێژیمی تاوان و سێدارە دەکەن. لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کەسانێک لەم ماوەیەدا دەمامکیان وەلاناوە و دیفاع لە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دەکەن کە کەسوکار و هاوڕێی نزیکیان بەدەستی کۆماری ئیسلامی ئێعدام کراوە، یان لە زینداندا لەژێر ئەشکەنجە کوژراوە!
دەمامک فڕێدانی ئەو کەسانە و دیفاعی روون و رووهەڵماڵاوانەی ئەو کەسە دەمامکدارانە، هەرچەند دیاردەیەکی تاڵی سیاسییە کە سیمای خەباتکاری و تێکۆشان خەوشدار دەکا، بەڵام دەرخەری ئەو ڕاستییە کە هەموو لایەک درکیان بەوە کردووە کە ڕێژیمی فاشیستی مەزهەبیی حاکم لە ئێران بەرەوە نەمان دەچێ و ئەوانە بۆیە دەمامک فڕێ دەدەن تاکوو بە هەر شێوەیەک بووە، سیستمی سەرەڕۆیی و پاوانخوازی لە تاران و ناوەندی ئێران بپارێزن، بەڵام دیارە کە مێژوو بڕیاری دیکەی داوە.

## ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە شاری بۆکان ماڵئاوایی لە ژیان کرد

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٩ی بانەمەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی، کاک "ڕەشید ئاتەش سەوار" ناسراو بە "ڕەشیدی پوور سینەم"، خەڵکی گوندی "مەلالەر"ـی ناوچەی چۆمی مەجیدخان سەر بە شاری بوکان، لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری ورمێ کوچی دوایی کرد.
کاک ڕەشید لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە حیزبدۆست و ئەندامی حیزب بوو و ماڵی ناوبراو جیگای حەسانەوەی پێشمەرگەکان و هەروەها ناوبراو کەسێکی جێگای باوەڕی خەڵکی ناوچەکە بووە.

## دایکی شەهیدێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە هوێ نەخۆشی ماڵئاوایی لە ژیان کرد

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٣١ی گوڵانی ١٣٩٧ی هەتاوی، دایە "خاوەر ئەرشەدی" دایکی شەهید "یەدوڵڵا شیرین سوخەن" لە تەمەنی ٦٣ ساڵیدا لە شاری سنە کۆچی دوایی کرد.
تەرمی دایە خاوەر هەر لەو ڕۆژەدا لە گوندی "خاکڕۆزی"، لە نێو ئاپۆرای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاک ئەسپێردرا.
شەهید "یەدوڵڵا شیرین سوخەن" ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی لە گوندی خاکڕۆزی سەر بە شاری سنە لەدایکبوو، ناوبراو پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو، کە ڕێکەوتی ١٧ی سەرماوەزی ١٣٦٧ی هەتاوی لە دەروازەی شاری کۆیە تیرۆر کرا.

# پاش هاتنەدەری ئامریکا لە ڕێککەوتنی ناوکی



ئیدریس ئەحمەدی

کشانەوەی ئامریکا لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی لە گەڵ ئێران، چاوەڕوانکراو نەبوو، یان لانیکەم حەتمی نەبوو. سەرەڕای نارازیبوونی دانڵد ترامپ لەو ڕێککەوتنە، تەنانەت پێش هەڵبژاردنی وەک سەرۆکی ئامریکا، لە ئاست نێوخۆیی و نێودەوڵەتیدا، ئەو ڕێککەوتنە پشتیوانی هەبوو و هەیە. لەلایەکی دیکەوە، ئیدارەی ترامپ، بەدیلی بۆ ئەو ڕێککەوتنە نەبوو، هەروەها سەرەڕای گرتنەبەری سیاسەتی زارەکی توند بەرانبەر بە ئێران، ئامادە نەبووە و نییە تێچووی گۆڕینی ڕێژیم بدات.

پشتیوانی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی بۆ ئەو ڕێککەوتنە، هەر لەجێگای خۆیانن. دژبەرانی ئیدارەی ترامپ لە نێوخۆ و لە ئاست نێودەوڵەتیدا، شێلگیرانە هەوڵ دەدەن بۆ ڕاگرتنی ئەو ڕێککەوتنە، بە تایبەتی یەکیەتیی ئەورووپا؛ کەوابوو، لەو ڕووەوە، گۆڕان نەهاتووەتە دی.

ئەوەی کە گۆڕاوە، پارسەنگی هێزە لە نێو ئیدارەی ترامپدا. سەرەڕای ئەوەی ترامپ بۆ خۆی لە سەرەتاوە لەو ڕێککەوتنە نارازیی بووە، بەڵام وەزیری پێشووی کاروباری دەرەوەی ئامریکا ڕێکس تیلەرسن، هەروەها ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی پێشوو هێربێرت ڕەیمند مەکماستر و وەزیری بەرگری جەیمز ماتیس کۆک بوون لەسەر مانەوەی ئامریکا لەو ڕێککەوتنەدا.

بەلادانی تیلەرسن و مەکماستر و دانانی مایک پۆمپێئۆ و جان بۆڵتۆن لە جێگەیان، ترامپ دوو کەسی لە دوو پۆستی کلیدیدا داناوە کە خوازیاری سیاسەتی توندترن بەرانبەر بە ئێران، نەك تەنیا لە ئاست سیاسەتی زارەکیدا، بەڵکوو لە کردەوەشدا. وەزیری بەرگری کۆنە جێنێراڵە، کەسێکە زۆرتر بار هاتووە کە فەرمان جێبەجێ بکا؛ بۆیە، لەگەڵ ئەوەی پێشتر هاوبیری تیلەرسن و مەکماستر بوو، بەڵام بە تەنیا نەیتوانی سەرۆکی وڵاتەکەی لەو بڕیارە پاشگەز بکاتەوە، لە فەرمانیشی لانادا.

بەدەر لە گۆڕانی پارسەنگی هێز لە نێو ئیدارەی ترامپ بە قازانجی ئەوانەی خوازیاری سیاسەتی توندترن لەهەمبەر ئێران، سێ فاکتەری دیکە دەوریان هەبوو لەوەی ئامریکا دواجار لەو ڕێککەوتنە بێتە دەر.

هۆکاری یەکەم، گرێدراوە بە تێگەیشتنی ترامپ سەبارەت بە سیاسەت و مێتۆدی سیاسەتکردنەوە. ترامپ پێشینەی لە بازرگانیدایە. وەک کەسێکی بازرگان، سیاسەتکردن وەک ململانێی ئابووری دەبینێ. هەروها پێی وایە کە خاڵی لاواز یان بەهێزی هەر لایەنێک، لە پێگەی ئابوورییەوە سەرچاوە دەگرێ، چوونکە هێزی نیزامی و دیپلۆماتیک، بە درێژکەرەوەی هێزی ئابووری دەبینێ. ترامپ هەروەها بە خوێندنەوەی خاڵی لاواز و بەهێزی لایەنی بەرانبەر، هەوڵ دەدا ڕێککەوتن بە قازانجی ئامریکا مسۆگەر بکات. لە ڕوانگەی ترامپەوە، ڕێککەوتن ناتوانێ دایمی بێ و لە بەر تیشکی پارسەنگی هێزدا، قابیلی پێداچوونەوە و تەنانەت هەڵوەشاندنەوەیە. ئەگەر تەرجەمە بکرێ بە گۆڕەپانی دیپلۆماسی، ترامپ پێی وایە ئەگەر ئابووری لایەنگەلی بەرانبەر و نەیار بخرێتە ژێر گوشارەوە، دواجار لە بواری سیاسییەوە تەنازول دەکەن. ئەم تێگەیشتنە لە سیاسەت، کە ڕاوێژکارانی بە "ناسیۆنالیزمی ئابووری" لە قەڵەمیان داوە، لەوەتی ترامپ هاتووەتە سەرکار، لە کۆی سیاسەتی دەرەوەی ئامریکا ڕەنگی داوەتەوە؛ لە پەیوەندی لە گەڵ ڕێککەوتنە تیجارییەکانەوە بگرە تاکوو ڕێککەوتنی پاریس لە بواری ژینگە و هەروەها سیاسەت بەرانبەر بە کۆریای باکوور و ئێران، شاهیدی ئەم ڕاستییە بووین.

کە ئەگەڕێتەوە سەر ئێران، ترامپ گرفتی لە گەڵ ڕێککەوتن لە گەڵ ئێراندا نییە، بەڵکوو گرفتی لە گەڵ ئەو ڕێککەوتنە هەیە کە ئیدارەی پێشوو لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەستی، کە بە قازانجی ئێران و بە زەرەری ئامریکا بووە.

فاکتەری دووهەم، پەرەئەستاندنی نفوزی ئێرانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، ئەویش تا ئاستێک کە کۆماری ئیسلامی لە ئامانجی وەدەستهێنانی باڵادەستی لە زۆر شوێنی جیۆستراتژی وەک عێراق، سووریا، لوبنان و یەمەن نزیکتر کردووەتەوە. شەڕ و ناسەقامگیری لەو وڵاتانە یارمەتیدەری ئێران بوون لە پێناو زیادکردنی نفوزی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، بەڵام لەهەمان کاتیشدا هەڵگرتنی گەمارۆکان و دەستڕاگەیشتنی ئێران بە پارەی زیاتر، یارمەتیدەری ئێران بووە تاکوو زۆرتر لە ناوچەکەدا پەرە بە نفوزی خۆی بدا.

ڕێککەوتنی ناوکی نەک تەنیا چارەیەکی دایمی نەبوو بۆ قەیرانی ناوکی ئێران، بەڵکوو پێگەی ئێرانی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بەهێزتر کرد. ئەم ڕاستییە وێڕای پێشکەوتنی بەرنامەی مووشەکی ئێران و هەروەها دامەزراندنی حزووری نیزامی بەرچاو لە سووریە یان لە پەنای ئیسرائیل، مەترسی هێژمۆنی نیزامی و سیاسی ئێرانی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بەرجەستەتر کردووەتەوە. پۆمپێئۆ و بۆڵتۆن و هێندێک کەسی دیکە دەڵێن ئەو ڕێککەوتنە سنووردارە بە مەسەلەی ناوکی، لەکاتێکدا ئێران لە بواری موشەکسازی دوورهاوێژ، پشتیوانیکردنی تێرۆریزم، دەستێوەردان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و پێکهێنانی ناسەقامگیری لە ناوچەکەدا، دەستی باڵای هەیە و دەبێ ئەو مەسەلانەش ڕەچاو بکرێن.

جێگای ئاماژەیە کە لەو کاتەوە ئامریکا وەک زلهێزی دەرەکی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا جێگای بریتانیای گرتەوە، سێ بەرژەوەندی ستراتیژیکی دیاری کردووە کە ئامادەیە ئەگەر پێویست بێ، لە پێناویاندا شەڕی ئابووری لە فۆرمی سەپاندنی گەمارۆی توند تاکوو بەکاربردنی هێزی نیزامی بگرێتە بەر. ئەو سێ بەرژەوەندییە ئەمانەن:

١) مسۆگەرکردنی گواستنەوەی نەوتی کەنداو بۆ بازاڕی نێودەوڵەتی بە نرخی گونجاو

٢) پاراستنی هاوپەیمانانی، لەسەرووی هەموویانەوە ئیسرائیل، لە خەتەری ئەمنییەتی

٣) هەروها ڕێگرتن لەوەی هێزی ناوچەیی یان دەرەکی، لە ڕووی نیزامییەوە بەسەر ناوچەکەدا، خۆی بسەپێنێ یان ببێ بە خاوەن هێژمۆنی.

هەر ئەم بەرژوەندییانە بوون وای کرد ئامریکا پاش داگیرکردنی کوەیت، هێزی نیزامی عێراق تێک بشکێنێ و دواتر، هەم عێراق و ئێران بخاتە ژێر گەمارۆی توندەوە لە شکڵی ستراتژییەکدا لەژێر ناوی "تێکهەڵپێچانی دووسەرە". دواتر، کە ئاشکرا بوو ئێران بەرنامەیەکی نهێنی بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ناوکیی هەیە، گەمارۆکانی لەسەر ئێران تووندتر کردەوە بە مەبەستی بەچۆکداهێنانی.

ئێستا دەرکەوتووە، بە بۆشایی دەسەڵات لە ڕۆژهەڵاتی ناوین وێڕای زیادبوونی نفوزی ئێران لە ناوچەکەدا، ئەو سێ بەرژەوەندییە ستراتژیکە کەوتوونەتە ژێر هەڕەشەی جیددییەوە. ئیدارەی ئۆبامای لێ بەدەر، کە لە پێناو ڕێککەوتن لە گەڵ ئێران، ئامادە بوو باجی گەورە بدا، هەر ئیدارەیەکی دیکەش لەسەرکار بایا، دەبوا وڵامدەر بێ بەم دۆخە و ئەو خەتەرانەی کە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە سەرچاوە دەگرن.

ئەگەر هێلاری کلینتۆن وەک سەرۆکی ئامریکا هەڵبژاردرابا ، ڕەنگە ئامریکا لەو ڕێککەوتنە نەهاتبایەتە دەر، بەڵام بێ شك هەوڵی بەرپەرچدانەوەی جیددی دەدا بۆ ڕێگرتن لە سیاسەتی هێژمۆنیخوازانەی ئێران. هەڵبەت ترامپ، بە هۆی تێگەیشتنێک کە لە سیاسەت هەیەتی وێڕای ئەوەیکە لە حیزبێکی دیکەیە و پاراستنی میراتی ئۆبامای زۆر بۆ گرنگ نییە، بە باشی زانیوە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئێران، ئامریکا لەو ڕێککەوتنە بێنێتە دەرێ.

خاڵێکی دیکەی پەیوەندیدار ئەوەیە کە سەرەڕای هەوڵی هاوپەیمانانی ئامریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بۆ بەرپەرچدانەوەی ئێران، بە تایبەت لەلایەن سعودییە و ئیسرائیلەوە، هێزیان بڕی ئەوەندە ناکا پێش لە کۆماری ئیسلامی بگرن کە هێژمۆنی وەدەست بێنێ.

خاڵێکی دیکە دووبەرەکی نێوان وڵاتانی ناوچەیە، کە وای کردووە ئێران بتوانێ ساناتر سیاسەتی هێژمۆنیخوازی درێژە پێ بدا؛ بۆیە، ئامریکا ناچارە بۆ خۆی بێتە مەیدانەوە. وێدەچێ ئامریکا بیهەوێ بە هاتنەدەر لەو ڕێککەوتنە، وڵاتانی ئەورووپایی ناچار بکا کە پێداچوونەوە بە سیاسەتی خۆیاندا بکەن، کە تاکوو ئێستا بریتی بووە لە بەهێزکردنی ئێران.

فاکتەری سێهەم، شکستهێنانی دانووستاندنی ئامریکا و ئەورووپا بوو سەبارەت بە پێداچوونەوە یان تەکمیلکردنی ڕێککەوتنی ناوکی لە گەڵ ئێران. ڕوون نەبووتەوە بۆچی وڵاتانی ئەورووپایی لە گەڵ ئیدارەی ترامپ نەیانتوانی بە کۆدەنگی بگەن، بەڵام دەگوترێ ئامریکا مەرجی ئەوە بووە کە، وێڕای مەسەلەی موشەکسازی و دەوری تێکدەرانەی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، دەبێ چاوەدێری هەتاهەتایی بۆ بەرنامەی ناوکی ئێران بکرێ. ئەورووپاییەکان ئەوەیان پەسەند نەبووە و وتوویانە لە گەڵ جەوهەری ڕێککەوتنەکەدا دژایەتی هەیە. هاتنە دەری ئامریکا دوای سەرنەگرتنی دانووستاندن لە گەڵ ئەورووپاییەکان ڕووی دا.

ئامانجی ئیدارەی ترامپ ئەوەیە کە بە سەپاندنی گەمارۆ بەسەر کۆماری ئیسلامیدا و لاوازکردنی، ڕێژیم ناچار بکرێ کە دیسان بێتەوە سەر مێزی وتووێژ بۆ واژۆکردنی ڕێککەوتنێکی نوێ و بەرینتر، هەم لە بواری مەسەلەی پەیوەندیدار کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێ درا، هەمیش لە بواری زەمەنییەوە.

گەیشتن بەو ئامانجە بەندە بەوەیکە گەمارۆکان چەندە شوێندانەر بن. هەروەها بەندە بەوەیکە وڵاتانی ئەورووپایی، چین، ڕووسیا و هێندێک وڵات لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، یارمەتیدەری کۆماری ئیسلامی بن بۆ دەورلێدان لەو گەمارۆیانە یان خێر. قەیرانە ئابوورییەکانی ئێران، زادەی سیستمی سیاسی کۆماری ئیسلامی ئێرانن. بە واتایەکی دیکە، ئەو قەیرانانە، سیستمین تاکوو ئەوەی کاتی بن یان ئاکامی سیاسەتی ئەم یان ئەو حکومەت، یان ئەم یان ئەو باڵی نێو ڕێژیم بن. پێش گەمارۆی نێودەوڵەتی، هەروەها دوای هەڵگرتنی بەشی زۆری ئەو گەمارۆیانە، ئەو قەیرانانە هەبوون و لە چەند ساڵی دواییدا، بگرە قووڵتر بوونەتەوە. قەیرانی ئابووری وێڕای قەیرانی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی، کە هەموویان پێکەوگرێدراون و زادەی سیستمی سیاسی کۆماری ئیسلامین، ئێرانیان هێناوەتە لێواری دارمان یان کۆلاپسی تەواو. نیشانەی ئەمەمان لە ڕاپەڕینی جەماوری بەرینی زستانی پاردا بینی، کە پەیتا پەیتا لێرەولەوێ، درێژەیان هەبووە.

ڕاستییەکەی، ئێران لە دۆخی شۆڕشدایە، هەڵبەت هۆی ڕوونەدانی شۆڕش نەبوونی هاوسۆزی و هەڤاڵبەندییە لە نێوان چینی هەژار و چینی نێوەڕاست لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە، نەبوونی هاوپەیمانی لە نێوان نەتەوەی فارس و باقی نەتەوەکان. ئەمەش بە نۆرەی خۆی دەگەڕێتەوە بۆ ناسیۆنالیزمی فارس، کە ڕوخانی کۆماری ئیسلامی بە هەڵوەشانەوەی ئێران و لەنێوچوونی باڵادەستی نەتەوەی فارس دەزانێ. دەوری فریوکارانەی بەناو ڕیفۆرمخوازەکان لە نێوخۆ و لە ئاست نێودەوڵەتیدا، فاکتەری دیکەی گرنگە، چوونکە ئەوان ڕێژیمپارێزن، نەک ڕیفۆرمخواز. بێ گومان، ترس لە سەرکوتی بێبەزەییانە، هەروها ترس لەوەی ئێران وەک سووریە یان عێراق تووشی شەڕی نێوخۆیی و نەهامەتیی زۆرتر ببێ، ترسێک کە کۆماری ئیسلامی بەردەوام لە ڕێگای پروپاگەندەی هەمەلایەنەوە بەهێزی دەکا، ئەمانەش لە بەرپانەبوونی شۆڕش، سەرەڕای لەباربوونی زەمینەی شۆڕش، دەور دەگێڕن.

تاکوو ئەو کاتەی ڕوون دەبێتەوە ئێران ئامادە دەبێ لە گەڵ ئامریکا ڕێککەوتنێکی نوێ ببەستێ یان نا، فشاری ئامریکا بە هاوکاری هێندێک وڵات لە ڕۆژهەڵاتی ناوین کە ئاسایشیان بە هۆی سیاسەتە شەڕخواز و تێکدەرانەکانی کۆماری ئیسلامییەوە کەوتوونەتە خەتەرەوە، ئەو قەیرانە نێوخۆییانەی ئێران قووڵتر دەکەنەوە. دوور نییە ئامریکا، بە دانی ئیمتیاز بە چین و ڕووسیە، هەروەها بە فشارهێنان بۆ وڵاتانی ئەورووپایی، بتوانێ سەرکەوتوو بێ؛ کەوابوو، لە کورتمەودادا، کۆماری ئیسلامی لاوازتر دەبێ و زەمینەی دارمانی قووڵتر دەبێتەوە.

ئەگەر سیاسەتی ئیدارەی ترامپ لەهەمبەر کۆریای باکوور بکرێ بە بنەما و ئەگەر ئیدارەی ترامپ تێیدا سەرکەوتن بەدەست بێنێ، ئەوا ئەگەری زۆرە ئێران ڕازی بێ بە مەرجەکانی ئامریکا. لە بەرانبەردا، دەبێ ئامریکا بە نۆرەی خۆی مانەوەی ڕێژیم زەمانەت بکا. (وەزیری دەرەوەی ئامریکا، بە ڕوونی وتی کە ئەگەر کۆریای باکوور سەبارەت بە داماڵینی چەکی ناوکی ڕازی بێ، ئەوان مانەوەی ئەو ڕێژیمە زەمانەت دەکەن) هەڵبەت، لە کاتێکدا کۆریای باکوور مانەوەی ڕێژیمی بۆ ئەولەوییەتە، کۆماری ئیسلامی بەرنامەی موشەکی و نفوزی خۆی لەناوچەکەدا، بۆ گرنگە و بە دابڕاوییان نازانێ لە مەسەلەی مانەوەی خۆی.

دوور نییە ئێران دواجار ئامادە بێ بۆ وتووێژ لە گەڵ ئامریکا، بەڵام وەک پیشەی هەمیشەیی، ئەوەندە ئەو وتووێژانە درێژ دەکاتەوە، تاکوو ئیدارەی ترامپ لەسەر کار نەمێنێ.

هەڵبەت ئەوەی کە داهاتووی ئێران یەکلادەکاتەوە، فاکتەری دەرەکی نین، بەڵکوو دینامیکی نێوخۆیی ئێرانە. کۆماری ئیسلامی سیاسەتی دەرەوەی ئێجگار بەرزەفڕانەیە، واتە سیاسەتی وەدەستهێنانی هێژمۆنی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، ئەمە لە کاتێکدایە کە توانایی نێوخۆیی نییە بۆ ئەو سیاسەتە بەرزەفڕانەیە. کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست توانیویەتی بەهێز بێ، بەڵام لە نێوخۆ لاوازە و گەیشتووەتە لێواری دارمان. وڵاتێک لە دەرەوە بەهێزی بێ و لە نێوخۆدا لاواز و لە لێواری دارماندا بێ، توانای دابینکردنی هەزینەی درێژەدان بە بەرزەفڕی نییە. هەروها بەهۆی ئەوەوە کە قەیرانەکانی نێوخۆی سیستمین، تەنیا بە گۆڕینی ڕێژیم کۆی ئەو نەتەوانەی لە ئێراندا دەژین و هەروەها دونیای دەرەوە لە دەست کۆماری ئیسلامی ڕزگاریان دەبێ.

# بنەوانەی کایەی
# ئوسولگەرایی و ئیسلاح تەڵەبی لە ئێران

کەیوان درووەدی




لە شۆڕشی ٥۷ و دوای زاڵبوونی فاشیزمی ئایینی بەسەر ڕەوت و لایەنە جیاجیاکانی هەڵسووڕ لە سەحنەی سیاسیی ئەوکات، دەسەڵاتێکی پاشڤەڕۆ و چەقبەستوو هاتەسەر دەور کە لەخۆیدا هەڵگری پۆتانسیەلی پێویست بۆ کۆمەڵگەی ئەم سەردەمە نەبوو.

بەپێی ناوەڕۆکی پاوانخوازانەی ئەم دەسەڵاتە هیچ ڕێگەیەک بۆ ڕەنگدانەوەی بیر و بۆچوونە جیاوازەکان لە یاسادا نەماوە. ئەمە وای کرد کە ململانێی سیاسی لە بازنەی ئەم دەسەڵاتەدا بەرتەسک ببێتەوە. لە سەرەتاوە ئەم ململانێ دەرکەوتەیەکی بەرهەست و دیاری نەبوو و لەنێو بازنەکەدا بە شێوازی جۆراوجۆر وەکوو هەڕەشە و پاداش یان سەرنوقم کردن و پەراوێزخستن چارەسەر دەکرا. نموونەی ئەم بابەتە لە مەسەلەی لابرانی بەنی سەدر و ڕەشەکوژیی ٦۷ و هەڵوێستی توند و دژەیەکی مونتەزری و خومەینی دیار بوو.

دوای برانەوەی شەڕی ڕێژیمی ئێران و بەعس و گەڕانەوەی هێمنایەتییەکی ڕێژەیی بە حوکمی نیشتنەوەی تەپوتۆزی شەڕ و ناسەقامگیری، دەرفەتێکی هەندەکی بۆ خۆدەرخستنی بیروبۆچوونە جیاوازەکان هاتە ئاراوە.

ئەگەرچی هیچکات ناتوانین لێبڕاوانە باس لە سەرهەڵدانێکی هزری و ڕۆشنگەری لە چوار دەیەی ڕابردوو بکەین بەڵام تاکوتەرا کۆمەڵێک دەنگی جیاواز بەرز بووەتەوە.

ساڵانێکی پێچوو و لە حەوتەمین گەڕی هەڵبژاردنەکانی ئێران ئەم کێبەرکێیە لە ئاستی سەرەوە بۆ نێو ئاپۆڕەی خەڵک شۆڕ کرایەوە کە بە "دووی خورداد" ناسراوە و تێیدا خاتەمی سەرکەوت. لێرە بەولا ئیتر ئەم ململانێ بوو بە گوتاری زاڵ کە سەرجەم ڕەهەندە جیاجیاکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی لە هەڵبژاردنەوە هەتا مەسەلەی چۆنییەتی بەڕێوەبەری و ئیدارەی جوغرافیای ئێرانی گرتەوە.

وەک وتمان کۆتایی هاتنی _ نابەدڵخوازانەی _ شەڕ، بازنەی بەرتەسکی دەسەڵاتی بەرەوڕووی ئەو ڕاستییە کردەوە کە هەرچی دەستی کەوتووە لە دارایی و ڕەواییەکەی، بەگشتی بۆ گەندەڵیی دەرباری پەڵەوی و ئەو زۆردارییە دەگەڕێتەوە کە ڕێژیمی پێشوو بەسەر گەلانی نێو ئێران زاڵی کردبوو. هەربۆیەش دەستی خستەوە ناو ئەو چاخە لە مێژوو کە تێیدا توانیبووی قورسایی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە نەریتی دەربار و پاشایەتیی بە قازانجی خۆی بگۆڕێ و هێنانە سەرکاری خاتەمیش تا ڕادەیەکی بەرچاو بۆ ئەم نەخشەڕێگایە دەگەڕێتەوە.

لەم ڕووەوە هیچ سەردەمێک بەقەدەر دەورەی سەفەوی و قاجار گونجاو نەبوو. سەردەمێک کە شیعەگەری بەتەواوی دەستی بەسەر جوغرافیای ئێران داگرت.

## گواستنەوەی دینامیزمی مێژوویی

وەک باسکرا ڕێژیم دەبوایە کایەیەکی بدۆزیایەتەوە و ڕێسای گەمەی بەجۆرێک گۆڕیبایە کە ناوچەیەکی ئەمن و پارێزراوی چێ کردبا کە تێیدا ڕێژەی مەترسی لە کزترین حاڵەتدا بوایەت. بۆ ئەم مەبەستەش کایەی کۆنی "ئەخباری" و "ئوسولی"ی بووژاندەوە و ڕێسای ململانێی بە تەواوەتی گۆڕی بۆ بازنەی خودییەکان.

هێشتا دیار نییە کە بیچمگرتنی ئەم دیاردە بەووردی لە کوێ و چۆن دەستی پێکرد، بەڵام ئەوە حاشاهەڵنەگرە کە دەسەڵاتی حاکم بەمشێوەیە ڕێگەی بۆ درێژەی سەرەڕۆیی خۆش کرد.

دەستەواژەی ئەخباری و ئوسولی لە دەقە مێژووییەکاندا بۆ یەکەمجار لەلای "قەزوینی" لە ساڵەکانی کۆتایی سەدەی شەشی هەتاوی هاتووە. بەپێی ناوەڕۆک و شێوازی سیاسەت کردن، ئەم دوو ڕەوتە بریتین لە دوو هێڵی هەندێک جار هاوتەریب کە بەپێی هەڵکەوتەی مێژوویی ناوەناوە تەعامولیان بەرەو ملمانێ ڕۆیشتووە. ئەم دوو هێڵە هاوسەرچاوە (شیعەگەری) ئەوکاتانەی کە زەروورەتێک هاتووەتە ئاراوە تێهەڵکێش کراون و ئەم زەروورەتەش هێزگرتنی ڕکابەرێکی جیددی بووە کە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسییانی خستووەتە لێواری بەربوونەوە. لە دۆخی ئاوارتە و تایبەتدا کە هێزیتر لە سەحنەی سیاسی بەرەو کزبوون و ئاوابوون چووە ئەم دوو هێڵە بۆ بەدەستەوە گرتنی ڕێشۆمەی "ئوممەتی ئیسلامی" کەوتوونەتە ململانێ.

بەم پێشەکییەوە ئەنجامگیرییەکی ساکار ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە وردەوردە بەستێنەکە بۆ ململانێ لەبارتر بووە. ململانێیەک کە نەک هەردوولا بەشداری دەسەڵات و دەسخستنی سامان و دارایی (بیت المال) دەکات بەڵکوو بە هەندێک چاشنیی وەک بشێوی، ناسەقامگیری، نائەمنی و هتد، گشت ڕکابەرەکانیتر دەخاتە پەراوێز و گرینگتر لە هەمووان ئەوەی کە دەنگی فاشیزمی پاشایی دەخاتە پاڵ خۆی.

لەڕووی پێناسەوە ڕێبازی ئەخباری جەخت لەسەر بەڵگەهێنانەوە لە دەقی کۆن و حەدیس دەکاتەوە و هەرجۆرە داهێنانێک بە "بدعت" و لادان لە شیعەگەری دەزانێت. لەبەرامبەردا ئوسوولییەکان لایان وایە تەنیا بەکارهێنانی سەرچاوە باوەکانی ئایینی شیعە ناتوانێ وڵامدەر بێت و دەبێ زانایان و کەسانی خاوەنڕا لێکدانەوەی خۆیان بۆ شیکردنەوەی باس و بابەتەکان بخەنەڕوو.

لەڕووی کارکردەوە، ئەخبارییەکان خۆیان بە ڕێنوێنیکەری کۆمەڵ دەزانن و ئوسوولییەکان هەنگاوێ ئەولاتر دەچن و خۆیان بە جێبەجێکاری بەوتەی خۆیان "ئەحکامی خوا" دەزانن. فەزلوڵڵای نووری، یەکێک لە دەموچاوە ناسراوەکانی ئەم ڕەوتە لەم بارەوە ئێژێ: "من خەڵک وەکوو منداڵێک وێنا دەکەم کە ئەگەر ئەشرەفییەکی پێ بدەی نازانێ چیی لێ بکات!."

لەڕاستیدا ئەم دوو ڕەوتە هەمان دوو ڕەوتی هەنووکەی دەسەڵاتی فاشیستی _ ئێرانین کە بە بڕێک دەستێوەردانی ئامانجدار بەناوگەلی وەک کۆنسێرڤاتیڤ و ڕێفۆرمیست ناویان لێدەبرێت. لەڕووی باڵادەستییەوە، لایەنی ئوسوولی براوەتر بووە و ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ڕەوڕەوەی مێژوودا ڕێژەی ئەو فەقیهانەی کە ئامادە بوونە لەبەر باوەڕیان واز لە ئیمتیاز و پشکی زۆرتر لە بیت‌المال، دەرکردنی بڕیاری شەرعی، پێکەوەنانی پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی بهێنن، کەمتر بووە و بۆ دەسخستنی سەرچاوەکانی هێز پەیوەست بە گرووپێک بوونە کە بۆ ئەم مەبەستە شانسی زیاتری هەیە کە هەمان ئوسوولییەکان بوونە.

دەسکەوتەکانی کایەی ئوسوولی و ئەخباری

١_ چێ کردنی ئۆپۆزسیۆنی ساختە؛ ئەم دەسکەوتە بە گرینگترین بەرهەمی ئەم جوڵانێیە ئەژمار دەکرێ لەبەر ئەوە کە بۆشایی ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینە پڕ دەکاتەوە و وادەنوێنێ کە دەسەڵات سەرەڕۆ نییە و لایەن یان لایەنگەلێک بە چاودێری و بەدواداچوون پێشی پێدەگرن.

٢_ کۆکردنەوەی خەڵک بۆ هەڵبژاردنی دەورەیی؛ هێنان و ڕاکێشانی ئاپۆڕە بۆ سەر سندووقەکانی هەڵبژاردن جیا لەوەی ڕوو بە دنیای دەرەوە ئەو پەیامە دەگەیەنێت کە خەڵک باوەڕیان بە دەسەڵات هەیە، لەڕووی ناوخۆییش ئەو کەس، ڕەوت و لایەنگەلە بێ‌هیوا دەکات لەوەی کە گۆڕانێکی جیددی لە کۆمەڵگە دروست بکەن و بەگشتی تۆوی خۆبەدەستەوەدان و پاسیف بوون لە نێو خەڵکدا دەچێنێ.

٣_ دابەشکردنی داهات و سەرمایە لە بازنەی خودییەکان؛ ئاسایی و ئاشکرایە کە سامان و دارایی لە ئێران لە نێوان دامەزراوەکانی بان یاسایی وەکوو بەیتی ڕێبەری و ئەوقاف و بەسیج و هتد و دەوڵەت و لقوپۆکانی دابەش دەکرێت و ئەمەش جۆرێک هاوسەنگی و قەناعەت بۆ هەردوو لایەن دێنێتە ئاراوە.

٤_ پێکەوەنانی ڕەوایەتی بۆ دامەزراوەی دەوڵەت؛ سروشتییە کە کاتێ بەشێکی بەرچاو لە خەڵک بەشداری لە هەڵبژاردن دەکەن ساختاری دەوڵەت و کابینەکەی بەڕواڵەتیش بێ وەک ئاکامی ئیعمالی ئیرادەیان شێوە دەگرێ و ئەمەش ئەو ڕاستییە دەشارێتەوە کە دەوڵەت لە ستراکچێری ڕێژیمدا قورسایی لە دامەزراوەیەکی ناهەڵبژێردراو وەک سوپای پاسداران کەمترە.

٥_ زاڵکردنی گوتاری چاکسازی و تراویلکەی گۆڕان؛ لە قەیراناویترین دۆخەکانی ڕێژیمی ئێران کە گەلان بەدوای گۆڕانەوە بوون، ئیسلاح تەلەبی وەکوو کوڵەکەیەکی ڕاگر هاتووەتە گۆڕەپانی سیاسی و بە بەڵێنی هێنانە ئارای کەشی کراوە و بازاڕی ئازاد و هەندێک دروشمی بەڕواڵەت لیبراڵ هێزی لە ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە گرتووە و فۆرجەیەکی‌تری داوە بە سەرەڕۆیی.

٦_ پاراستنی هەیمەنەی ڕێبەری؛ ڕێژیمی ئێران وەک هاوشێوەکانی خۆی، دەبێ هەمیشە ئاگای لە دارمانی تاپۆی تۆقێنەر و ئاوەزی بەدەر لە هەڵەی لووتکەی دەسەڵات و ڕێبەری تاقانەی خۆی هەبێت، بۆ ئەم مەبەستە هەرکات کە لە وتە و کردەوەدا ناچار بووە پێچەوانەی پێخۆرە ئایدیۆلۆژیکەکانی هەڵسوکەوت بکات دەستی سواڵی بۆ هەنبانەی ئیسلاحتەلەبی داکێشاوە. نموونەی ئەم باسە ملداکێشانی پێش بەرجام بوو. لە ماوەی پێش لە بەرجام کە خامنەیی هەستی بەوە کردبوو کە خەریکە بەرەو مەترسیی جیددی بچێت، ڕایگەیاند کە "منیش دەڵێم دابنیشن، بەڵام دیسان دەڵێم متمانەم بە ڕۆژئاوا نییە".

ڕستەی دووهەم کە تەئکید لەسەر بێ متمانەیی دەکات هێشتنەوەی دزەڕێگەیەک بۆ پاساوهێنانەوە بوو کە ئەگەر ئیسلاحتەلەبی سەرکەوت، تیایدا بەشدار بێت و ئەگەر سەرنەکەوت بڵێ من لە سەرەتاوە گەشبین نەبووم کە وەک بینیمان دوای هاتنە دەرەوەی ئامریکا لەم ڕێککەوتنە دەقاودەق هەر وای وت و ڕایگەیاند کە "ئەڵبەت من هەر ئەو کاتیش وتم نابێ متمانە بکەین".

بەم شێوە ئیسلاحخوازی لە هەرشوێنێک پێویست بکات قورسایی سەرشانی خامنەیی و ڕێژیم بەگشتی کەم دەکاتەوە و دەبێتە ڕزگاریدەرێکی تەواو ئەفسانەیی.

بەگشتی دەکرێ بڵێین کە ئەم دوو ڕەوتە دوو بەرهەمهێنەرەوەی هەمان دوو ڕەوتی تێهەڵکێشکراوی شیعەگەریی ئێرانییە (ئەخباری و ئوسوولی) و دەبێ لە چوارچێوەی کانتێکستی خۆیدا خوێندنەوەی بۆ بکرێت و یەکێک لە هەڵەکان لای ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستەقینەش تا ئێستە نەپرژانە سەر ئەم کانتێکستە بووە کە چوارچمکی لەم وتارە پێکەوە نانرێت و پێویستی بە لێوردبوونەوەی زۆرترە.

**دەستەواژەی ئەخباری و ئوسولی لە دەقە مێژووییەکاندا بۆ یەکەمجار لەلای "قەزوینی" لە ساڵەکانی کۆتایی سەدەی شەشی هەتاوی هاتووە. بەپێی ناوەڕۆک و شێوازی سیاسەت کردن، ئەم دوو ڕەوتە بریتین لە دوو هێڵی هەندێک جار هاوتەریب کە بەپێی هەڵکەوتەی مێژوویی ناوەناوە تەعامولیان بەرەو ملمانێ ڕۆیشتووە. ئەم دوو هێڵە هاوسەرچاوە (شیعەگەری) ئەوکاتانەی کە زەروورەتێک هاتووەتە ئاراوە تێهەڵکێش کراون و ئەم زەروورەتەش هێزگرتنی ڕکابەرێکی جیددی بووە کە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسییانی خستووەتە لێواری بەربوونەوە. لە دۆخی ئاوارتە و تایبەتدا کە هێزیتر لە سەحنەی سیاسی بەرەو کزبوون و ئاوابوون چووە ئەم دوو هێڵە بۆ بەدەستەوە گرتنی ڕێشۆمەی "ئوممەتی ئیسلامی" کەوتوونەتە ململانێ.**

**لەڕاستیدا دوو ڕەوتی ئەخباری و ئوسولی هەمان دوو ڕەوتی هەنووکەی دەسەڵاتی فاشیستی _ ئێرانین کە بە بڕێک دەستێوەردانی ئامانجدار بەناوگەلی وەک کۆنسێرڤاتیڤ و ڕێفۆرمیست ناویان لێدەبرێت.**

**لەڕووی باڵادەستییەوە، لایەنی ئوسوولی براوەتر بووە و ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ڕەوڕەوەی مێژوودا ڕێژەی ئەو فەقیهانەی کە ئامادە بوونە لەبەر باوەڕیان واز لە ئیمتیاز و پشکی زۆرتر لە بیت‌المال، دەرکردنی بڕیاری شەرعی، پێکەوەنانی پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی بهێنن، کەمتر بووە و بۆ دەسخستنی سەرچاوەکانی هێز پەیوەست بە گرووپێک بوونە کە بۆ ئەم مەبەستە شانسی زیاتری هەیە کە هەمان ئوسوولییەکان بوونە.**

# ڕاپۆرتی مەیدانی لەسەر دواڕەوشی ژیان لە کوردستان



**ئا: نیشتمان، شوان**

دوایین بارودۆخی ژیان لە شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەوپەڕی خراپی و ئاڵۆزیدایە و هەنووکە لە کوردستاندا کەمتر کەسێک دەبینرێت کە لەهەمبەر دۆخی هەنووکەیی ڕازی بێت؛ لێرەدا سرنجتان بۆ بینینی دوو ڕاپۆرت ڕادەکێشین کە هاووڵاتییەکی شاری مەهاباد و چالاکێکی سیاسی لە شاری سەقز بۆ ماڵپەڕی کوردستان میدیای ناردووە:

## ڕاپۆرتێکی کورت لە سەر دۆخی ژیانی خەڵکی شاری مەهاباد

### پێشەکی ڕاپۆرت

ئەم ڕۆژانە لە ناوخۆی وڵاتی ئێراندا زۆربەی وتوویژی ڕۆژانەی خەڵکی لە سەر دۆخی خراپی ئابوورییە. نموونەی ئەم وتوویژانە لە شوێنە گشتییەکانی وەک شەقامەکان، پارکەکان، مزگەوتەکان، ئیدارەکان و ..... یا لە نێوان موسافرانی نێو تاکسییەکان و ئوتوبووسەکانی نێو شار بە زۆری دەبینرێ. بێجگە لەم شوێنانە گلەیی و گازندەکان لە سەر قەیرانی ئابووری کە کێشەگەلێکی کۆمەڵایەتی زۆری بەدواوە بووە و تا ڕادەیەک کە تێکەڵی ژیانی ناو ماڵی خەڵک بووە و ڕێژەیەکی زۆر لە کات و مێشکی خەڵکی بە خۆیەوە گرتووە. شاری مەهابادیش وەکوو یەکێک لە شارە کورد نشینەکانی ئێران لە دۆخی بە دەر نییە و ئەم دیاردەیە لەم شارەدا بە نیسبەت شارەکانیتر زۆرتر دەردەکەوێ. مەهاباد کە هەیەتی لە نەبوونی دەرفەتی کار بۆ خەڵک و بەتایبەتی بۆ لاوەکان دەناڵێنێ. بێجگە لە کێشەی بێکاری و کەم بوونی دەرفەتی کار لە لایەکی ترەوە دیاردەی گرانی خەڵک ئازار دەدات لە درێژەی ڕاپۆرتەکەدا بە چڕی لە سەر قەیرانی بێکاری و گرانی لەم شارەدا باس دەکەین.

### دۆخی بێکاری و لێکەوتەکانی لە شاری مەهاباد

خەڵکی مەهاباد لە بواری دەرفەتی کار پشتیان بە کاری ئازاد لە ناو شار و دەوروبەری بەستووە و ڕێژەیەکی کەم لە دانیشتوانی ئەم شارە لە ئیدارە و ئۆرگانەکانی دەوڵەتدا کار دەکەن. بە شێوەیەکیتر نەفەراتێکی کەم پیشەی هەمیشەیی و ڕەسمییان هەیە. ئەم کەسانە ئەگەرچی کێشەی بێکارییان نییە بەڵام بە هۆی ئەو مووچە کەمەی کە وەری ئەگرن لەبەر گرانی بە سەختی ئەتوانن پێداویستییەکانی ڕۆژانەیانی پێ دابین بکەن، هەروەها هیچ پاشەکەوتێک بۆ گەڕان و سەفەری بۆ ئەم گرووپە نامێنێتەوە. ئەم کەسانە بە دەست گرانی ناو کۆمەڵگاوە دەناڵێنن.

چینێکی تر لە خەڵک هەن کە پیشەیان ئازادە یانیش بێکارن. ئەم کەسانە لە ئێستادا لە دۆخێکی خراپتردا دەژین. لە نێوان ئەم چینەدا دەتوانین ئاماژە بە شۆفێرانی تاکسی و ئوتوبووس، دوکاندارەکان، دەسفرۆشەکان، کرێکاران و ..... بکەین کە هەر کام لە سنفەکان بەرەوڕووی کێشەی تایبەت بە خۆیانن. شۆفیرەکان بەو داهاتەی کە هەیانە لە باشترین حاڵەتدا دەتوانن پێداویستییەکانی بنەماڵەکانیانی پێ دابین بکەن. لە هێندێ حاڵەتدا تەنیا توانای دابین کردنی خەرجییەکانی ماشینی خۆیانیان هەیە و بڕێکی کەم لە داهاتیان بۆ خەرجی خۆیان و بنەماڵەکانیان دەمێنێتەوە کە زۆرجاران خودی کەسەکە لەم نێوانەدا دەفەوتێ و ئەو داهاتەی کە هەیەتی بە خۆی ناگات. دوکاندارەکان لە گرانی شتومەک و بە دوای ئەودا بە هۆی کەم کردنی ڕێژەی فرۆشەوە دەناڵێنن. بە هۆی چوونە سەری نرخی دۆلار لەم مانگانەی دواییدا و خوار و بان کردنی بازاڕی دراویش، نرخی شتومەکی ناو بازاڕی شار زۆر چووەتە سەرەوە و توانای کڕینی خەڵک لە چاو جاران کەمی کردووە و لە ئاکامدا دوکانداران لەم دۆخە زۆر زەرەریان کرد.

چینێکی دیکە کە گوزەرانی ئەوانیش زۆر ناخۆشە کرێکاران و بەتایبەتی کرێکارانی خاوەن ژن و منداڵن. بە هۆی گرانی لە ڕادەبەدەری وەسائیلی بیناسازی لەو ساڵانەی دوایی و هەروەها بەرزبوونەوەی تێچووەکانی پەیوەندیدار بە شارەوانییەوە، بیناسازی لە شاردا زۆر کەمی کردووە و تەنانەت ئەتوانین بێژین کە بیناسازی ڕاگیراوە. ئاکامی ئەم دۆخە بێکار بوونی کرێکارانی بیناسازییە، کرێکاران کە ڕێژەیەکی بەرچاوی دانیشتووانی شار پێک دێنن، هەموو ڕۆژێ زوو لە خەو هەڵدەستن و لە گۆڕەپانێکی تایبەت بە خۆیان کە لە ناو شاردایە چاوەڕوانی دابەزینی کەسێک دەکەن کە بۆ کاریان ببات. دۆخەکە تا ڕادەیەک خراپە کە جارجارە کاتێک کەسێک بە دوای کرێکارێ یان ژمارەیەک کرێکار دێت بۆ ئەو گۆڕەپانە، دەیان کرێکار بە هیوای پەیداکردنی کار هێرش دەکەنە سەر کەسەکە و هەرکامەیان هەوڵ دەدەن کە بەڵکوو کارێکیان دەست کەوێت. لە نێوان ئەم کرێکارانەدا نەفەراتێ هەن کە بۆ چەن حەوتوو بێکار ئەبن و هەر ڕۆژە بە بێ هیوا بە تەلیسی جلە کارەکەیانەوە دەگەڕێنەوە بۆ ماڵ. دۆخی کرێکارانی پیشەییش زۆر لە کرێکارانی بیناسازی باشتر نییە. لە چەند ساڵی ڕابردوودا کارخانە و کارگەگەلی زۆر کە ژمارەشیان زۆر نییە مایەپووچ بوون و داخراون کە ئاکامەکەی بووەتە هۆی بێکاری ژمارەیەکیتری خەڵکی شار.

زۆرێک لە لاوان و بەتایبەتی لاوە خوێندکارەکانی شاریش بە دەردی بێکارییەوە دەناڵێنن. هەموو ساڵێ ژمارەیەکی بەرچاو لە خوێندکارانی ئەم شارە لە زانکۆکان دەرسەکەیان تەواو دەکەن و بە ژمارەی بێکارەکان زیاد دەبن کە ئەم دۆخە بووەتە هۆی ئەوەیکە ڕوانینی خەڵک بۆ خوێندن خراپ بێ. بەم هۆیەوە دەبینین کە زۆرێک لە دایک و باوکەکان لە درێژەدانی خوێندنی منداڵەکانیان بە هۆی گرانی خوێندن و نەبوونی داهاتوویەکی گەش بۆیان پێشگیری لە خوێندنیان دەکەن. ڕێژەی وازهێنان لە خوێندن ڕووی لە زیادبوون کردووە، جیا لەوەیکە ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە دەرچووانی زانکۆ بێکارن و لە ناو شەقامەکانی شاردا دەسووڕێنەوە.

نموونەیەکی ناخۆش کە وەبیرم هاتەوە ئەمەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ چەند مانگ لەمەو پێش، نەخۆشخانەی مەهاباد پێویستی بە ژمارەیەکی کەم هێزی کار بۆ پاک و خاوێنی بوو کە یەکێک لە پێشمەرجەکان هەبوونی بڕوانامەی دیپلۆم بوو. سەرەڕای ئەوەیکە نەخۆشخانەکە پێویستی بە ژمارەیەکی کەم هێزی کار هەبوو خەڵکێکی زۆر داوایان کردبوو کە لە ناویاندا چەند هاوڕێی خۆمی تێدا بوو کە بڕوانامەی لیسانس و فەوقەلیسانسیان هەبوو. ئەوان بۆ ئەوەی بتوانن شەرایەتی دامەرزاندنیان هەبێ خۆیان بە دیپلۆمە ناساندبوو و بڕوانامە ئاست بەرزەکانیان لە بەرپرسانی بەشی وەرگرتن شاردبوویەوە. بەو واتایە دۆخەکە بە چەشنێکە کە کەسێک بە بڕوانامەی لیسانس و فەوقەلیسانسی یاسا و ئاوەدان کردنەوەوە ئامادەن بۆکاری پاک و خاوێنی و شۆردنی ناو نەخۆشخانە کە بەهۆی بوونی خزم و خزمانێ تەنانەت لەو کارەش بێ بەش دەبن، کە بەڕاستی جێگەی داخە.

بابەتێکی نەشیاوی دیکە کە لە ناو شاردا دەبینرێ دیاردەی گەڕان بە ناو زبڵدانەکانی شاردایە بۆ کەڵک وەرگرتنی دووبارە لەو پاشماوانەی کە فڕێ دراون؛ ئەم ڕۆژانە حالەتی لەم چەشنە زۆر دەبینرێ کە کەسانی بە تەمەن و تەنانەت لاوەکان بۆ کۆکردنەوەی کەلوپەلی کۆن و بێکەڵک بە مەبەستی فرۆشتنن کە لە بواری تەندرووستیشەوە جێگەی نیگەرانییە. شوێنی کۆکردنەوەی زبڵەکانی شار کە دەکەوێتە قەراخی شار(سید آباد) ئەم ڕۆژانە پڕ بووە لە کەسانی موحتاج و بێکار کە بۆ دۆزینەوەی تیکە ئەشیایەکی کۆنە بۆ فرۆشتن دەگەڕێن.

لەم ڕۆژانەدا لە ناو شاردا پیشەگەلێکی وەک دەسفرۆشی مادده سڕکەرەکان، سیگار، حەبە ڕێگەپێنەدراوەکان و شتومەکی ناتەندرووست زۆر خێرا ڕووی لە زیادبوونە. دیاردەی منداڵانی کار سەری هەڵداوە کە بەڕاستی جێگەی داخە. لە نێو کۆڵانەکانی شار و شوێنە گشتییەکان منداڵانی کار دەبینین کە بە تەمەنێکی کەمەوە خەریکی فرۆشتنی بنێشت، دەسماڵ کاغەزی، گوڵ و ...هتد یان بۆ خاوێن کردنەوەی شووشەی ماشینەکان لە شۆفیرەکان دەپاڕێنەوە. سواڵ کردنیش بابەتێکی ترە کە بەڕاستی لەم ڕۆژانەدا و بەتایبەتی لە نێو ژناندا بە خێرایی ڕووی لە زیادبوون کردووە. کەسانێک دەبینم کە لە ڕابردوودا لە چینی مامناوەندی کۆمەڵگا بوون بەڵام ئێستا بە هۆی نەدارییەوە ڕوویان کردووەتە سواڵ کردن. ئەوەی جێگەی داخە زۆربوونی ئەم دیاردەیە لە ناو ژناندایە کە جاروباریش بەرەوڕووی بێڕێزی دەبنەوە.

هاوتەریب لەگەڵ زیادبوونی سواڵکەری لە ناو ژنان دیاردەی دزیکردنیش لە ناو پیاواندا زیادی کردووە. لە چەند مانگی ڕابردوودا بۆ خۆم شاهید بووم و بیستووشمە کە چەند جاران لە گەڕەکی خۆمان حاڵەتی دزی کردن هەبووە کە بە دڵنیاییەوە لە گەڕەکەکانی تریش و بە تەواوەتی لەناو شاردا دزی ڕووی لە زیادبوون کردووە.

### گرانی

بێجگە لەم هەموو بێکاری و کەم داهاتییە کە لە کۆمەڵگای ئێران و شاری مەهاباددا هەیە، گران بوونی نرخی شتومەک بە تایبەت پێداویستییەکانی ڕۆژانە، زۆرتر لە جاران خەڵک ئازار دەدات. لەم ڕۆژانەی دواییدا نرخی دۆلار بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز بووەتەوە و هەروەها نرخەکەی لە هەڵکشان و داکشاندایە، لە ڕاستیدا دۆلار لە گیرفانی خەڵکدا نییە بەڵام بە تەواوەتی کاریگەری لە سەر ژیانی خەڵک داناوە . هەڵکشان و داکشانەکان و گرانی بە شێوەی ڕاستەوخۆ کاریگەری لە سەر گران بوونی شتوومەکی ناوخۆیی و دەرەوە داناوە بەچەشنێک کە کاتێک لەگەڵ بازرگانەکان و بەرهەمهێنەرانی ناوخۆدا باس دەکەی، ئەوان گرانییەکە بۆ ناجێگیربوون و گرانی نرخی دۆلار دەگەڕێننەوە. لەم نێوەدا ئەوە خەڵکن کە زەرەر دەکەن و توانای کڕینیان دێتە خوارەوە.

لە ئێستادا چینی مامناوەند و هەژاری شار کە زۆرتر لە ۸۰٪ی دانیشتووانی شار پێک دێنن تا ئەو جێگەی کە پێیان بکرێ لە کڕینی شتومەک خۆیان دەبوێرن مەگەر لە حاڵەتی پێویستدا نەبێت. تا ئەو جێگەیەی کە من دەیبینم خەڵکی پێیان باشترە پێڵاوە کۆنەکانیان پینە بکەنەوە تا ئەوەی پێڵاوی نوێ بکڕن. خەڵکی زۆرتر پێیان وایە لە کۆنەفرۆشییەکان شت بکڕن و لە جێی ئەشیایی نوێ کەڵکیان لێ وەرگرن.

لەم ڕۆژانا نرخی کەلوپەلەکان لە مەهاباددا گران و ژمارەی ئەو کەسانەی شتومەک دەکڕن کەمە؛ خەڵک پرسیاری نرخەکان دەکەن و سەریان سووڕ دەمێنێ! ئەو پێداویستییەی کە پێشتر بە نرخێکی هەرزانتر دەیانکڕی ئێستە ئەوەندە نرخەکەی چووەتە سەرێ کە خەڵک تووشی شۆک دەکات بەچەشنێک کە فرۆشیاران ناوێرن باسی نرخی کەلوپەلەکانی خۆشیان بکەن. ئەوەیکە ڕوونە کەس هیوادار بە باشتر بوونی دۆخی ژیان نییە و بەپێچەوانەوە هەمووان چاوەڕێی هەلومەرجی دژوارتر و سەختترن.

ئەوەیکە باس کرا ڕاپۆرتێکی کورت بوو لە دۆخی ژیانی خەڵکی مەهاباد لە سەرەتای ساڵی ۹۷ و لەوانەیە خاڵی دیکەش هەبێت کە ئامادەکاری ئەم ڕاپۆرتە ئاگای لێیان نەبێ.

## ڕاپۆرتێکی کورت لە سەر دۆخی ژیانی خەڵکی شاری سەقز

بەهۆی سیاسەتە پاوانخوازانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە خەڵکی ئاسایی لە شارەکانی ئێران و بەتایبەت لە کوردستان لە دۆخێکی نەشیاوی ئابووریی و کۆمەڵایەتیدا دەژین بەچەشنێک کە ڕۆژانە خەڵک لەگەڵ کۆمەڵێک دیاردەی دزێوی وەک سواڵ کردن، کارتۆنخەوی، گۆڕخەوی، لەشفرۆشی، گەڕان بەدوای نانی شەو لەنێو زبڵدان و چەندین دیاردەی دیکە بەرەوڕوون؛ لێرەدا سەرنجتان بۆ بینینی ڕاپۆرتێکی مەیدانی لە یەکێک لە شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕادەکێشین:

هاووڵاتییەکی شاری سەقز لە پێوەندییەکدا بە ماڵپەڕی کوردستان میدیای ڕاگەیاندووە: خەڵکی شاری سەقز کە دووهەم شاری پارێزگای سنەیە لەبەر بێکاری و بێ بازاڕی وەزاڵە هاتوون؛ ئیتر خەڵک توانای کڕینی شتومەکە ئاساییەکانی ژیانیان نەماوە؛ کاسبکار و دوکاندار و دەست فرۆش و کرێکاران کە بەشێکی بەرچاو لە حەشیمەتی ئەم شارە پێکدەهێنن دەرەتانیان لێ بڕاوە؛ بەچەشنێک کە پەیداکردنی نان چووەتە کۆڵی شێر.

ناوبراو هەروەها دەڵێ: بارودۆخەکە ڕۆژبەڕۆژ ئاڵۆزتر ئەبێ و هیچ کەسێک خۆی بە بەرپرسیار نازانێ و کاتێکیش بەدوای هۆکارەکاندا دەگەڕێی هەر ئیدارەیەک و بەرپرسێک تاوانەکە دەخاتە ئەستۆی ئەویتر؛ هەژاری بەردەوام لە پەرەسەندندایە و چینی مامناوەند کە تا دوێنێ لانیکەم دەیتوانی ژیانی خۆی بەڕێوە ببات ئەمڕۆکە بۆخۆی بووەتە بەشێک لە چینی هەژار و کەمداهات و بە گومان و ترسەوە لە داهاتووی خۆی دەڕوانێت.

بەوتەی ناوبراو، ئەم ڕەوشە نەشیاوە تەنانەت ئێخەی دەوڵەمەندەکانیشی گرتۆتەوە؛ بەشێک لە دەوڵەمەندەکانیش دەناڵێنن چونکە کەس پارەی نییە تاکوو کەلوپەلە هاوردەکراوەکانیان بکڕێ یان ساخت وسازی خانووش بکا.

هەر لەم چوارچێوەیەدا هاووڵاتییەکی دیکە ڕایگەیاندووە: کرێنشینە دەسکورتەکان توانای دابین کردنی کرێ خانووەکانیان نییە و لە زۆر حاڵەتدا کرێنشینەکان چەندین مانگ درەنگتر لە وادەی خۆی دەتوانن کرێ وەدواکەوتووەکانیان بدەن بە خاوەن ماڵ.

کێشەی کرێنشینەکان دووکاندارەکانیشی گرتۆتەوە؛ بە دەیان دووکان لەم شارەدا بەهۆی نەبوونی داهات و داتەپینی بازاڕ ناچار بوون دووکانەکانیان دابخەن تا ئەگەر پارەیەکیان دەس ناکەوێت لانیکەم ناچار نەبن کرێ دووکانیش بدەن.

ئەو شوێنانەی کە کرێکارە ڕۆژکارەکان بەو هیوایە تێیدا کۆدەبنەوە تاکوو کەسێک بانگیان بکات و کارێکیان پێ بسپێرێ شەپۆلان دەدەن لە خەڵکی بێکار کە بینینی دیمەنی ئەو خەڵکە شەکەت و ماندووە بەو شێوە چاولەدەست و دۆشداماوە، مرۆڤ تووشی خەمۆکی و داهێزران دەکات.

بەوتەی بەشێک لە چالاکانی بازاڕ لە کوردستان، ئەم ڕەوشە بەتایبەت دوای ئەوە زۆر ئاڵۆزتر بووە کە سنووورە کۆڵبەرییەکان بەبڕیاری ڕێژیم داخران و کوردستانیان تووشی برسیەتی لەڕادەبەدەر کرد؛ ئەم کەسانە دەڵێن: کەسانی وەک بەناو نوێنەری مەجلیس کە لەکاتی پڕوپاگەندەکاندا باسیان لە پشتیوانی خەڵک و باش کردنی دۆخی ژیان و نەهێشتنی بێکاری دەکرد لە ئێستادا خۆیان کەڕ کردووە و هاواری خەڵکی بێدەرەتانی شارەکەیان نابیستن.

بەوتەی مامۆستایەکی خانەنشین کراوی ئەم شارە بەناوی "م.ع" سەرباری ئەوەیکە تەمەنم لە ٦٥ ساڵ زیاترە بەڵام ناچارم بۆ دابینکردنی بژیوی ژیانی خۆم و دوو کوڕی بێکارم کە هەر دووکیان بڕوانامەی باڵایان هەیە و کچە ئازەبەکەم کاری شۆفیری بکەم؛ دۆخی ژیانمان ئەوەندە ئەستەم بووە کە تەنیا خۆشییەکانی ژیانمان بوونەتە خەیاڵاتی ڕابردوومان.

چالاکێکی فەرهەنگی کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێ سەبارەت بەم پرسە و ژان و ئازارە داسەپاوەکان بە سەر شارەکانی کوردستاندا دەڵێ: ڕیا و درۆ و خەڵک فریودان بۆسامان و پوڵ و هەڵلووشینی داراییەکانی خەڵک لەلایەن لێپرسراوانی حکوومەتییەوە کارێکی وەهای کردووە کە ئەم کرداره نەشیاوانە هەنووکە بوونەتە نۆڕم و بایەخ و خەڵکی ئاساییش بۆ ئەوەیکە بتوانن بەردەوام بن لە ژیان کەڵکیان لێوەردەگرن؛ کاتێکیش ئەتهەوێ هاوار بکەی لە ئاست ئەو تاوانە گەورەی کە دەرحەق بە خەڵک دەکرێت بەشێوەی بەرنامەداڕێژراو خەڵکت لێ هان دەدەن کە ئەوانە سەر بە ڕێژیمن و نابێ متمانەیان پێ بکرێ.

ئەم چالاکە فەرهەنگییە دەڵێ: ڕێژیم بۆ مانەوەی خۆی لە ڕێگەی دەستوپێوەندییەکانییەوە بە هەزار شێوە فێڵ لە خەڵک دەکات؛ بەداخەوە کۆمەڵگای ئێمەش هەر خێرا باوەڕ دەکەن.

بەکورتی ئەوەیکە دەکرێ و ئەوەیکە دەبیندرێ بریتییە لە سیاسەتێکی دژەمرۆڤانەی ڕێژیم دەرحەق بە گەلی کورد کە ئەویش بریتییە لە سیاسەتی برسی کردنی گەلی کورد.

# سنوورەکان بشێوێنن

ئاسۆ مێنبەری

زۆرن ئەو کەسانەی کە لە سەر ژن و بابەتە پێوەندیدارەکان بە ژنانەوە دەنووسن و لە هەمان کاتیشدا زۆرن ئەو بابەتە جیاوازانەی کە لە سەر ژنان و بە تایبەت ژنانی کورد نووسراون، لە بچووکترین ئاکارە کۆمەڵایەتییەکانی ژنان و جۆرەکانی توندوتیژییەوە بگرە، هەتا وەئەستۆ گرتنی بەرپرسایەتی، بەشداری کردنیان لە شۆڕش ، حکوومەت کردن و بە دەیان بابەتی دیکە.

ئوریانا فالاچی یەکێکە لەو نووسەر و ڕۆژنامەوانە ژنانەی کە جگە لە کتێبی ڕەگەزی لاواز (جنس ضعیف) نەبێ ـ کە ئەویش پڕە لەو ڕاستییە ناخهەژێنانەی کە ژنان بەرەوڕووی بوونەتەوە ـ هیچکات پێی خۆش نەبووە لە سەر ژنان بنووسێت، بە بڕوای ئەو ژنان بەنرختر لەوەن کە وەکوو بابەتێکی وەرزشی یان ئابووری سەرنجیان بدرێت و لە لاپەڕەیەکی ڕۆژنامە یان گۆڤارێکدا شتیان لە سەر بنووسرێت و سنووریان بۆ دیاری بکرێت.

لە ڕاستیدا ژنان بەشێکی بەرچاو لە حەشیمەتی کۆمەڵگا پێک دێنن کە سەرەڕای ئەو هەموو توندوتیژی و هەڵاواردنانەی کە بەرانبەریان ڕووی داوە و بە سەریاندا سەپاوە زۆر جار توانیویانە خۆیان لە ئاستی سەرەوەی کۆمەڵگەدا ببیننەوە و زۆر کاتیش هاوکات لەگەڵ زۆربوون و بەربڵاوبوونی کێشەکاندا ئامادە بوونی خۆیان بۆ بەرەنگاربوونەوە و بەرخودان نیشان داوە.

گومانی تێدا نییە کە ژنانیش وەکوو پیاوان بەشێکن لە واقیعی کۆمەڵگا و هیچکەس و لایەنێک ناتوانێ حاشا لە بوون و کەرامەتی مرۆیی و بە تایبەت لە تواناییەکانیان بکات. ڕەنگە تواناییەکان لە ژنان و پیاواندا جیاواز بن بەڵام بە دڵنیاییەوە لە هەر دوو ڕەگەزدا بوونیان هەیە کە هەرکامەیان بە پێی دۆخی ژیانیان و دەرفەتەکانی بەردەمیان دەتوانن ئەو تواناییانە دەربخەن.

وەک ئاماژەی پێ کرا، دەرخستنی تواناکان و لێهاتووییەکان بەستراونەتەوە بە کەسایەتیەکەوە کە جۆری بارهێنان و دۆخی کۆمەڵگە و ژینگە لە سەر درووستبوونی کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەبووە، بە واتایەکی‌تر کۆمەڵگە وەک یەکێک لە توخمەکانی پێکهێنەر و فۆڕمپێدەری کەسایەتی مرۆڤ، کەسایەتی دەبەخشێتە تاک و بۆ وەرگرتنی ئەرکەکان ئامادەی دەکات.

بەدڵنیاییەوە پەروەردەبوون لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوودا کە تاکەکانی یەخسیری دابونەریتە کۆنەکانن، ناتوانێ ئافرێنەری مرۆڤێکی وشیار و کەسایەتییەکی سەربەخۆ بێت؛ بە پێچەوانەی ئەو ژنە بەناو ڕۆشنبیر و فیمێنیستانەی کە هەموو کێشە و گرفتەکانی تایبەت بە خۆیان پێوەند ئەدەن بە پیاوانەوە و بەردەوام لە بیری تۆڵەکرنەوەدان و کاتی خۆیان بۆ ئەو شەڕە بێ‌ئاکامە تەرخان دەکەن، لە سەر ئەو بڕوایەم کە کێشەی سەرەکی و هەرە گرینگ لەم بوارەدا خودی ژنانن و وەک فارسەکان دەڵێن: "از ماست کە بر ماست".




بە پێی ئەو لێکۆڵینەوە زانستییانەی کە لە بواری دەروونناسییەوە ئەنجام دراون، سەلمێندراوە کە ژنان لە بواری فێربوون و وەرگرتنی زانستەوە ئەگەر لە پیاوان باشتر نەبن بەدڵنیاییەوە لەوان کەمتر نین؛ تەنانەت لە هەندێ بواردا لێهاتوویی و توانایی ژنان لە ئاستێکدایە کە هیچ پیاوێک ناتوانێ خۆی بەو ئاستە بگەیێنێت، ئەڵبەت ئەمە بە واتای بەراوردکردنێکی جنسیەتی نییە، بەڵکوو ئاماژەیەکە بۆ لە بەرچاوگرتنی ئەو ڕەگەزە لەبیرکراوەی کۆمەڵگە کە بە درێژایی مێژوو و بە تایبەت لە چوارچێوەی ئاییندا تەنیا وەکوو کەرەستە و دامرکێنەرەوەی حەزی ڕەگەزی بەرانبەر چاوی لێکراوە و لە هەمان کاتیشدا بۆ وەبیرهێنانەوەی مافە حاشاهەڵنەگرەکانی.

مێژووی ئێمە، وەک نەتەوەی کورد پڕە لە ناو و یادی ئەو ژنانەی کە دەردی بە قەولی خۆمان ژنانە، نەیتوانیوە کۆڵیان پێ بدات و بە پێچەوانەوە بوونەتە سەمبۆل و هێمای ژنانەبوون بۆ ئەمڕۆی ئێمە؛ ژنانێکی وەک حەپسەخانی نەقیب، عادیلە خانم، لەیلا بەدرخان، ڕەوشەن بەدرخان، مەستوورەی ئەردەڵان، لەیلا زانا و زۆر کەسی دیکە کە بۆ هەتاهەتایە لە یادگەی مێژوودا ناو و یادیان تۆمار کراوە و ناسڕێتەوە.

ئاوڕدانەوەیەک لە خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد، پێشاندەری هەبوونی ژنان و کچانی کۆمەڵگەی کوردستان لە ڕیزەکانی پێشەوەی شۆڕش و بەرخودانە کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەیوەست بوونیان بە ڕیزی ژنانی خەباتکاری وڵات و وەلانانی یاساوڕێسا نادرووست و باوەکانی کۆمەڵگە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ژنان دەردەکانیان هەست پێکردووە، دەزانن ئازارەکانیان لە کوێوە سەرچاوە دەگرن و لە هەوڵدان هەنگاو بۆ نەهێشتن و چارەسەرکردنیان Wهەڵبێننەوە.

توێژی ژنان بە هۆی نەخوێندەواری و ژیان لە کۆمەڵگە پیاوسالار و دواکەوتووەکاندا و بە تایبەت ژیان لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا گیرۆدەی دابونەریتە کۆن و دواکەوتووەکانن، هەڵبەت نابێ ئەوەش لە یاد بکرێت کە زۆربەی ئەو دابونەریتانە خوڵقاوی بیری پیاوانن و ئەوە ئاکامی گواستنەوەی ئەو بیرە پیاوسالارانە و زاڵەی ئەوانە کە لە بیر و ئەندێشەی ژناندا جێگیر و بنەڕەتی بووەتەوە و بەداخەوە وای کردووە کە دایکەکان، نەسڵ لە دوای نەسڵ ببنە خوڵقێنەری دواکەوتوویی و کەسانێکی وەک خۆیان بۆ داهاتوو بار بێنن.

مرۆڤ لە سروشتی خۆیدا ئازادە، خولیای سەربەستی و سەربەخۆییە، حەزی لە ژیانی ئازاد و دۆزینەوە و ئەزموونی شتە نوێ و دەگمەنەکانە، بەڵام خودی ئەو مرۆڤە پێش لە هەموو شتێک پێویستی بە کەسایەتییەکی تامەزرۆی ئەو سەرکەشی و ئازادییانە هەیە، بەو واتایە کە ڕۆحێکی خوازیار و تامەزرۆ هەبێت کە بتوانێ ئەو حەز و خولیایە بخوڵقێنێت. مسۆگەر کردنی ئەو ئارەزوو و حەزانە لە گرێوی ئەو کەسایەتی و خواستەدایە کە تاک خۆی دەبێ ئافرێنەر و دەسپێکەری بێت.

ژنان بۆ مسۆگەر کردنی ئەم ئازادی و سەربەخۆییە پێویستیان بە ماندوو بوونێکی زۆرە، ماندوو بوونێکی بەرنامەداڕێژراو و بنەڕەتی کە بتوانێ کەرامەتی ئینسانی و کەسایەتی ڕاستەقینەی مرۆڤانەیان سەر لە نوێ پێ ببەخشێتەوە و ببێتە هەوێنی دەسپێکی وەرزێکی نوێ بۆ ژیانی ئازادانە و ئارەزوومەندانەی ژنانی داهاتوو.

ژنان بۆ گەڕانەوەی کەرامەتی مرۆیی خۆیان پێویستیان بە شۆڕشێکی ڕاستەقینە و بنەڕەتی هەیە، شۆڕشێک کە بە هەموو تواناوە خۆیانی بۆ ئامادە بکەن و پێوەی ماندوو بن، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە نەهێڵن وێنەکانیان ببێتە ڕێکلامی بەرهەمی کۆمپانیاکان، کاتی ئەوە هاتووە کە بەربڵاوتر لە کەمپەینی "چیدیکە لە بڵاوبوونەوەی وێنەکانمان ناترسێین" هەنگاو هەڵبگرن، کاتی ئەوە هاتووە کە پڕ بە گەروو هاوار بکەن کە ژن بوون تاوانێک نییە کە پێویستی بە سزای بەردباران و لە گۆشەی خۆراکلێنان دانیشتن هەبێ، ژن بوون بە واتای ڕەگەزی دووهەم بوون نییە، بیسەلمێنن کە ژن دەتوانێ دایک بێ، خوشک بێ، هاوسەر بێ و لە هەمان کاتیشدا مامۆستایەک بێت بۆ فێربوون، کەوایە پێویستە سنوورەکان بشێوێنن، لە ڕوانگەی خۆیانەوە جوانییەکانی جیهان ببینن، بە یاساکانی ژنانە و هەڵبەت مرۆڤانەی خۆیانەوە بژین، ڕێسا هەڵەکانی کۆمەڵگە پێشێل بکەن و مرۆڤانە بژین، تێبکۆشن ژن بوون بکەن بە ئاواتێکی گەورە و مەزن بۆ مرۆڤایەتی.

# زۆربەی قوتابخانەکانی ئێران وێرانن



قوتابخانە و قوتابییانی کوردستان و ئێران، لەژێر دەسەڵاتی بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران بەرەو هەڵدێر دەڕۆن و چارەنووسیان ناڕوونە.

"مێهروڵڵا ڕەخشانی مێهر"، سەرۆکی ڕێکخراوی نۆژەنکردنەوە، گەشەپێدان و تەیارکردنی قوتابخانەکانی ڕێژیمی ئێران لە پرێسکۆنفرانسێکدا باسی لەوە کردووە، ٢٧ لەسەدی قوتابخانەکانی ئێران لە بواری بیناسازییەوە وەک دارماو ئەژمار دەکرێن.

ناوبراو وتوویەتی ٣٤ لەسەد پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە و تەنیا ٣٩ لەسەدی قوتابخانەکان قایم و پتەون.

ئەو بەرپرسەی ڕێژیم لە قسەکانیدا باسی لەوە کردووە، کە یەک هەزار و ٧٠٠ پۆلی وانەوتنەوە لە کانێکسدا بەڕێوە دەچێت و ٩٨٧ پۆلی وانەوتنەوەی دیکەش لە قوڕ و خشت ساز کراون.

ناوبراو لە قسەکانیدا ئاماژەی بەوە داوە، ئەو قوتابخانانەی کە ماوەی ٣٠ ساڵ بۆ دەبێت کە دروست کراون وەک دارما ئەژمار دەکرێن.

ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی، بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران باسیان لەوە کردبوو، کە ساڵی نوێی خوێندن لە کاتێکدا دەستی پێ کردووە، کە لەسەدا ٥٠ی قوتابخانەکانی ئەو وڵاتە لە قوڕ و خشت دروست کراون و خودی بەرپرسانی ڕێژیمیش ئەو قوتابخانانەیان بە بۆمبی قورمیشکراو، شوبهاندووە.

ڕەخشانی مێهر لەو پرێسکۆنفرانسەدا ئاماژەی بەوە داوە، کە لە بودجەی ساڵی ٩٧دا بڕی یەک هەزار و ٢٠٠ میلیارد تمەن پارە بۆ نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان دابین کراوە، بەڵام کەمترین ئیمکانەتی ئەمنییەتی و خوێندن بۆ قوتابخانەکان دابین نەکراوە.

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، ٣٦ هەزار میلیارد بوودجەی بۆ ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی بۆ بەشی پەروەردە تەرخان کردووە، کە بەبەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوو، ٤ هەزار میلیارد کەمترە.

لە گەڵاڵەی پێشنیاری بوودجەی ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی، بۆ بەشی پەروەردە، ٣٦ هەزار میلیارد بوودجە دابین کراوە کە ٢ هەزار و ٨٣١ میلیارد تمەنی بۆ بەشی ئیجرایی دانراوە، ئەمەش بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوو، زیاتر لە ٤ هەزار میلیارد، کەمی کردووە.

بەپێی ئامارەکانی ڕێژیم، ٣٠ لەسەدی قوتابخانەکانی ئێران دەبێ بڕوخێن و سەرلەنوێ ساز بکرێنەوە، هەروەها ٤٢ لەسەدی قوتابخانەکانی ئێران، سیستمی گەرمایییان نییە و لە زۆرێک لە پارێزگاکانی ئێران قوتابخانەکان بە شێوەی کانێکس و خێوەت ساز کراون.

لە لایەکی دیکەشەوە وەزارەتی پەروەردەی ڕێژیم، توانای پێدانی مووچەی مامۆستاکانی نییە و ٦ هەزار میلیارد تمەن بە مامۆستاکان قەرزدارە و لە کاتی خۆیدا ناتوانێت مووچەیان پێ بدات.

بەپێی مادەی ٣٠ی یاسای بنەڕەتیی ڕێژیمی ئێران، خوێندن هەتا ئاستی دواناوەندیی دەبێت بە بێبەرانبەر بێت و بوودجەی تایبەت بۆ بردنە سەرەوەی ئاستی فەزای پەروەردە دابین بکرێت، بەڵام لە هێندێک قوتابخانە هەتا ٧٥٠ هەزار تمەن پارەیان لە قوتابییان وەرگرتووە.

# قوتابخانەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە تامی دەسدرێژیی سێکسی



یەکێک لە نەوەکانی پێشنوێژی پێشووی شیراز، لە یەکێک لە قوتابخانەکانی شاری تاران دەسدرێژیی سێکسی کردووەتەوە سەر قوتابییەکانی.

ماڵپەڕی "خەبەر ئانلاین"ـی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بڵاوی کردووەتەوە، یەکێک لە مامۆستایانی قوتابخانەکانی گەڕەکی دووی تاران بە بڵاوکردنەوەی وێنە و ویدیۆی غەیرە ئەخلاقی لە ڕێگای گووشیی موبایلەکەیەوە، قوتابیانی ئەو قوتابخانەیەی بە زۆرەملی بۆ ئەنجامدانی کاری سێکسی ڕاکێشاوە.

ئەو مامۆستایەی قوتابخانە دەسدرێژیی سێکسی بۆ سەر ١٧ قوتابیی ئەو قوتابخانەیە کردووە کە ئەو قوتابیانە تووشی نەخۆشیی ڕەوانی بوونە و لەژێر چاودێریی پزیشکی دان.

بنەماڵەی ئەو قوتابیانە سکاڵایان دژی ئەو مامۆستایە تۆمار و داوایان کردووە کە ناوبراو بە توندترین شیوە سزا بدرێت.

ئەو مامۆستایەی قوتابخانە، یەکێک لە نەوەکانی "محیەدین حائری شیرازی" پێشنوێژی پێشووی شاری شیرازە.

پێشتریش محەممەد گەندومنژاد تووسی ناسراو بە سەعید تووسی، یەکێك لە قورئانخوێنەکانی زۆر نزیک لە خامنەیی، دەستدرێژیی سێکسیی کردبووە سەر ١٠ تا ١٩ منداڵی ١٢ تا ١٤ ساڵە، کە بۆ فێربوونی قورئان چووبوونە لای ناوبراو.

سەعید تووسی لە لایەن غوڵامحوسەین مۆحسێنی ئیژەیی، وتەبێژی دەزگای قەزایی ڕێژیم بێتاوان ناسێندرا.

ئەمە یەکەمجار نییە کە پەروەندەی لەم چەشنە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئاشکرا و دواتر سەرپۆش دەکرێت و لە ڕەوتی هێرش بۆ سەر کوی زانکۆ و دۆسیەی کەهریزەکیش کەسانێکی وەک فەرهاد نەزەری و سەعید مۆرتەزەوی بە بێتاوان ناسێندران و قوربانییانیش بە تاوانبار.

ئەم بڕیارەی بەرپرسانی دادگای ڕێژیمی ئێران لە کاتێکدایە کە خۆیان بە نوێنەری خودا لە سەر عەرز دەناسێنن و دەیانهەوێ عەداڵەت لەسەر زەوی جێگیر بکەن.

# ڕاپەڕینەکانی لوڕستان



**شارام میرزائی**

وشە دەسپێکەری هەموو شتێک بوو، بەڵام بۆ لوڕ فیلمێک.

لالی، شاری کورد، ئەهواز، دزفوول، خورەمئاوا، ئیزە، مەسجد سولەیمان، ئەلیگودەرز و شیراز ئەمە شارگەلێک بوون کە خەڵکی لوڕ بە ماوەی چەند ڕۆژ بە هۆی خۆپیشاندانەوە شەقامەکانیان بەستبوو. خەڵکی شاری دزفوول لە بەردەم فەرمانداری ئەو شارە کۆ بوونەوە و داوای لێبوردنی حکومەتی ئێرانیان کرد، لە شارە لوڕنشینەکانی ئیسفەهان، خەڵک بۆ چەندین ساعەت شەقامەکانی شاریان بەستبوو، لە "شاری کورد"یش هەروەها، بەڵام لە شاری "ئیزە" بە بەرچاوتر و بەرفراوانتر بوون تا ئەو ڕادەیە کە لانیکەم دە هەزار پیاو و ژنی تووڕەی لوڕ داوای دەست لە کارکێشانەوەی بەرپرسی گشتیی ئیدارەی دەنگ‌وڕەنگی ڕێژیمیان کرد.

ئەم خۆپیشاندانانە لە تەواوی شارەکانی لوڕستان بۆ ماوەی چەند ڕۆژ درێژەی هەبوو. لەم بارودۆخە ئاڵوزەدا "موحسین ڕەزایی" -دەبیری کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕێژیم- و عەلی شەمخانی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای تەناهیی ڕێژیم- دوو دامەزراوەی سەرەکی لە سیستمی حکوومەتدا- دانیشتنێکی بە پەلەیان بۆ تاوتوێکردنی ئەم بارودۆخە ئەنجام دا. لە درێژەی ئەم قەیرانەدا چالاکانی فەرهەنگی لوڕ ڕایانگەیاند هەتا داوای لێبوردنی تەواوی دەزگای دەنگ‌وڕەنگی ڕێژیم خۆپیشاندانیان بەردەوامە.

**چی ڕووی داوە؟!**

لە تەلەفزیۆنی ئێران زنجیرە درامایەکی مێژوویی بەناوی "سالهای کهن" یان "ساڵانی کۆن" بڵاو بوویەوە کە دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی مەشرووتیەت، ئەو سەردەمە کە خەڵکی ئێران بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی پارلەمانی ڕاپەڕین، لە نێو ئەم فیلمەدا بە خراپە باسی خەڵکی لوڕ کراوە و ئەوان بە خائین وەسف دەکات و بە ناوی نۆکەری بریتانیا ناویان دەبات. شایانی باسە ئەم چەشنە سووکایەتی کردنە لە نێو فیلم و زنجیرە دراماکانی ئێران یەکەمین جار نییە و لە مێژە درێژەی هەیە، وەکوو بڵاوبوونەوەی فیلمی "سنەوبەر" و "ساڵە هەورییەکان" کە لە ساڵانی پێشوو لە تەلەفزیۆنی ئێران بڵاو بوویەوە و ناوەڕۆکێکی دژ بە لوڕیان هەبوو. بەڵام هیچکام لەو فیلم یان زنجیرانە نەبوونە هۆی خۆپیشاندانی بەربڵاوی لوڕ لە باشوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**ڕوانینێک بۆ ڕابردوو (شۆڕشەکانی لوڕ)**

مێژووی یەکەمین ڕاپەڕینی خەڵکی لوڕ دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پاشایەتی "نادرشای ئەفشار" کە سەرکردایەتیی ئەو ڕاپەڕینە لە ئەستۆی "عەلی موراد زولقی" بووە. "عەلی موراد زولقی" لە نێو چینەکانی خوارەوەی لوڕ سەری هەڵداوە، بەڵام توانی جەماوەری لوڕ دژ بە گوشاری حکومەتی ناوەندیی ئێران کۆ بکاتەوە و ڕاپەڕێنێ، بەڵام بە هۆی بێ ئەزموون بوونی ئەو جەماوەرە و بەهێز بوونی ئەرتەشی ئێران، سەرکوت کران. دوای ئەم تێکشکانە، لە سەردەمی پاشایەتی "فەتحعەلی‌شای قاجار"، ئەسەدخانی بیراروەنیش ڕاپەڕینێکی ڕێک خست، هۆی ئەم ڕاپەڕینە فەرمانی شای ئێران بۆ بڕینی دار بەڕووەکانی زاگرۆس بوو. ئێران دەیهەویست ئەم دارانە بۆ دابینکردنی خەڵووزی تۆپخانەی فەڕانسە بەو وڵاتە بفرۆشێت. لەم نێوانەدا ئەسەد خانی بیراروەن گەورە کەسایەتیی لوڕ، ئەم فەرمانەی بە ناڕەوا و دژ بە خەڵک و سروشتی زاگرۆس ناو برد و ڕایگەیاند هەر دانیشتوویەکی زاگرۆس کە هێزی چەک هەڵگرتنی هەیە و چەک هەڵناگرێت، شەرەفی خۆی نەپاراستووە. ئەم شۆڕشە زۆر بەربڵاو و چڕوپڕ بووە، بەڵام بە هۆی دەستێوەردانی هێزێکی بیانی ئەم ڕاپەڕینە تێک شکا. شۆڕشی خەڵکی لوڕ بەم سەرکوتکردنە کوتایی پێ نەهات.

"موحەمەد تەقی خانی چالەنگ"، گەورەی عەشیرەی بەختیاری لە سەردەمی پاشایەتیی "محەممەد شای قاجار" ڕاپەڕینێکی دیکەی ساز دا. ئەم شۆڕشانە لە سەردەمی حکوومەتی قاجار درێژەی هەبوو تا هاتنە سەرکاری "ڕەزا شای پەهلەوی".

ڕەزا شای پەهلەوی بڕوای بە پێکهێنانی ئێرانێکی یەکدەست و یەک زمان و یەک نەتەوە بوو، بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش بەکارهێنانی چەک و سەرکوتکردنی گەلە جیاوازەکانی نێو چوارچێوەی ئێرانی بە ڕێگاچارە دەبینی و لەو بڕوایەدا بوو تا کاتێک کە نەتەوە جیاوازەکانی ئێران لە بواری زمان و شێوازی جلوبەرگ وەکوو یەک نەبن، ئێرانێکی یەکدەست و یەک نەتەوە پێک نایەت. لەم سۆنگەیەوە گەورەترین کۆسپەکانی لە نێو کورد و لوڕدا دەبینی.

ڕەزاشا بۆ ئەوەیکە بتوانێ بیانووی باشی بۆ هێرشکردنە سەر خەڵکی لوڕ هەبێت، لە پیلانێکدا ژنراڵ "ئەمیر تەهماسب" وەزیری ڕێگەوبانی ئێران تیرۆر دەکات و بەرپرسایەتیی ئەو تیرۆرە دەخاتە سەر لوڕەکان، ئەمە ئەبێتە بیانوویەکی گەورە بۆ داگیرکردنی ناوچەی لوڕستان؛ بە فەرمانی ڕەزاشا ئەرتەشی ئێران بە سەرکردایەتیی ژنراڵ "ئەمیر ئەحمەد" -ناسراو بە قەساوی لوڕ- هێرش دەباتە زاگرۆس.

"ویلیام داگلاس" دادوەری بەناوبانگی ئەمریکایی ماوەیەک دوای ژینۆسایدی لوڕەکان سەردانی ئێرانی کردبوو، لە نێو بیرەوەرییەکانیدا دەنوسێت: سەربڕینی پیاوانی گەنجی لوڕ کارێک بوو کە ئەفسەران و سەربازانی ئەرتەشی ئێران بۆ گەمە و گاڵتە دەیانکرد. لە شوێنێکی دیکەی ئەو کتێبە ئاماژە دەکا: ئەفسەرانی ئێران شێوەیەکی جیاواز و نوێیان بۆ قومار داهێنابوو، ئەویش قومار لە سەر ژمارەی هەنگاوی لەشە بێ سەرەکان بوو. کوشتنی خەڵکی لوڕ ئەوەندە زۆر بوو کە لە پشتکۆ (بەشێک لە ناوچەی لوڕ) تەنیا ئەو کەسانەی زیندوو ماون کە هەڵاتبوونە عێراق. -کۆنە سەرباز- بیرەوەرییە سیاسییەکانی ژنرالی ئەرتەش- غوڵام ڕەزا ڕەحمانی- بەرگی یەک لاپەڕەی ٦٦-

بەڵام بەرخۆدانی کوردانی لوڕ بەم هەموو کوشتارەشەوە هەر درێژەی هەبوو. بە هۆی ئەستەم بوونی ئەو ژێئۆگرافییە داگیرکردنی زاگرۆس کارێکی بێ ئاکام و بێهودە بوو. پاش سێ ساڵ شەڕی تۆپ و چەکی نوێ لەگەڵ لوڕەکان، ڕەزا شا فەرمانی بۆردمانکردنی نیشتمانی لوڕی دا. ئەرتەشی ئێران بە فڕوکەگەلێک کە تازە کڕیبووی دەستی کرد بە بوردمانی لوڕستان، ئەم پیلانە خەسارێکی ئێجگار گەورە بوو بۆ سەر بزاڤی لوڕ، زۆربەی لوڕەکان بۆ پاراستنی بنەماڵە و منداڵانی خۆیان کە لە گوندەکان دەژیان چەکەکانیان دانا و خۆیان بە دەستەوە دا.

ژنراڵ "ئەمیر ئەحمەدی" سەرکردەی هێزی ڕۆژئاوای ئەرتەشی ئێران بە بێ لەبەرچاوگرتنی گرێبەستی ئاشتی لە نێوان خۆی و هێزەکانی لوڕ، هەموو سەرکردەکانی ئەو شۆڕشەی لە سێدارە دا و زۆرینەی چەکدارەکانیشی تیرباران کرد. ئەم کارەساتە ـ یەکەمین دەوڵەت لە دنیا کە خەڵکی خۆی بە فڕۆکە بوردومان کردووە ـ لە مێژوودا بە ناوی ئێران تومار کراوە.

دوای سەرکوتکردنی ئەو هەموو شۆڕشە و بۆردمانکردنی شار و گوندی زاگرۆس، ئەم جارە نۆرەی تاڵانکردنی ماڵ و ناموسی لوڕ بوو. ویلیام داگلاس دەڵێت: هۆکاری سەرەکیی هەژاری و دەسکورتیی قەومی لوڕ، دەستدرێژیی ئەرتەشی ئێران بۆ سەر سامانی ئەو وڵاتە بوو کە لە کوتاییدا بوو بە بنەمای کۆمەڵکوژیی ئەو خەڵکە.

ناوبراو لە درێژەی کتێبەکەیدا دەنوسێت: سەردانی گوندەکانم کرد، لوڕەکان بە هۆی برسییەتی و هەژاری تەنانەت نەیاندەتوانی بۆ ماوەی ٥ چرکە لە سەر پێ ڕاوەستن. ئەم برسێتی و هەژارییە ئەوەندە لەم وڵاتە بەربڵاو بوو کە فارسەکان بۆ سووکایەتیکردن بە کەسێک، دەستەواژەی "لوڕی پاپەتی"یان ساز کرد، لەگەل ئەمەشدا بنەمایەک بۆ سوکایەتی بە لوڕ ساز کرا کە لە درێژەی ئەم وتارەدا باسی دەکەین.

**کەسایەتیی لوڕ وەکوو بابەتێک بۆ نوکتە:**

دوای سەرکوتکردنی شۆڕشی قەومی لوڕ و کۆمەڵکوژیی خەڵکی ناوچەکە و هەروەها دورخستنەوەی عەشیرە بەناوبانگەکان لە ناوچەی خۆیان نۆرەی لەناوبردنی کەسایەتی و هەستی لوڕ بوون بوو بەڵام بەڕێوەبەرانی ئەم قوناغە نە چەکدارەکانی ئەرتەش بوون نە ژنراڵەکانی هێزی ئێران، بەڵکوو چینی خوێندەوار و ئاکادێمیک ئەم ئەرکەیان گرتە ئەستو، "بەهار" یەکێک لەو شاعیرانە بوو کە لە ناو شێعرەکانیدا، ئەو هەموو کوشتارە، بە پێشکەشکردنی کولتووری مۆدێڕن بۆ خەڵکی لوڕ ناو دەبات و جەماوەری لوڕ بە کۆمەڵێک گەمژە و نەخوێندەوار کە نازانن ژیانی نوێ چییە دەشوبهێنێت. هاوکات لەگەڵ شاعیرانی ئێران، کۆمەڵێک نوکتە سەبارەت بە کەسایەتیی لوڕ لە ناو گوڤارەکان و ڕۆژنامەکاندا بڵاو دەبێتەوە کە ئاماژە بە گەمژەبوون و لادێیی بوونی لوڕ دەکات. ئەم نوکتانە لە ساڵانی ٦٠ و ٧٠ی زایینی بە دەنگی گۆرانیبێژەکانی ئێران تۆمار دەکرێت و لە نێو کۆمەڵگادا بڵاو دەبێتەوە. ئەم هەموو سووکایەتییە تەنیا یەک ئامانجی بوو، ئەویش لەناوبردنی کەسایەتیی لوڕ و پێکهێنانی مرۆڤێکی بێ شوناس و هەڵاتوو لە ڕەگەز و نەتەوەی خۆی. ئەم مرۆڤە ئیتر ناتوانێ ڕاپەڕینی هەبێت یان بەرانبەر بە دەسەڵاتی ناوەندی داوای مافی سەربەخۆیی خۆی بکات بەڵکوو دەبێتە مرۆڤێکی چاک بۆ خزمەتکردن لە پێناو ئامانجەکان و بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیەکی دیکە کە لەم مرۆڤە دەتوانرێ بە ئاسانی کەڵکاژۆ وەربگیرێ بۆ سەرکوتکردنی شۆڕش و ڕاپەڕینی گەلانی دیکەی ئێران.

**ئەم هەموو دوژمنایەتییە بۆ چییە؟**

بوونی حەشیمەت: خەڵکی لوڕ لەم پارێزگایانەی ئێراندا دەژین کە بریتین لە: "چوارمەحاڵ و بەختیاری"، "کۆهگیلویە و بویرئەحمەد"، "شیراز"، "لوڕستان"، هەروەها لە پارێزگاکانی ئیسفەهان، خووزستان، بووشێهر، قەزوێن و تاران حەشیمەتێکی زوری هەیە. پانتایی جوغرافیایی لوڕستان و ڕێژەی زۆری حەشیمەتیان ئەبێت بە هۆی گرینگیی ئەو ناوچەیە، ئەم حەشیمەتە کە مێژوویەکی هاوبەش و جوغرافیایەکی یەکپارچەیان هەیە، ئەگەر بیانەوێت دەتوانن مەترسییەکی زۆر بخەنە سەر ڕژیمی دەسەڵاتدار لە ئێران.

بوونی هێزی چەکدار: لوڕ لە مێژوودا هێزی چەکداری تایبەت بە خوی هەبووە، هێزێکی چەکدار کە ئەرکی پاراستنی شەرەف و نامووس و سامانی لوڕی لە ئەستۆ بووە. لوڕ هەر لە منداڵییەوە فێری بەدەستەوەگرتنی چەک و کەڵکوەرگرتن لە چەک دەبێت. ئەم هێزە تەنانەت لەگەڵ ئەرتەشە بیانییەکانیشدا تووشی شەڕ و پێکدادان بووە. بوونی ئەم هێزە چەکدارە هۆی سەرەکیی لاوازبوونی دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران لە ڕابردوودا بووە. بۆ وێنە لە سەردەمی «قاجار»ەکاندا دەوڵەتی بریتانیا بۆ پاراستنی کێڵگە نەوتییەکان لە "خووزستان" لە هێزی چەکداری لوڕ کەڵک وەردەگرن و بێ ڕاوێژکاری لەگەڵ حکوومەتی ئێران، ئەرکی پاراستنی ئەو ناوچانە دەدات بە لوڕەکان.

بوونی نەوت: لە سەدا بیست و پێنجی نەوتی ئێران لە لوڕستاندایە و هەروەها یەکەمین چاڵە نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە شاری «مەسجد سولەیمان» دۆزراوەتەوە، نەوت ئیستراتژیکترین بەرهەمی سروشتیی ئێرانە و نایەوێ ئەو داهاتە لە دەست بدات. «ڕەزا شا» دەیهەویست لەگەڵ سەرکوتکردنی هێزی چەکداری لوڕ دەسەڵاتی حکوومەت بە سەر ئەو ناوچانە بسەپێنێ کە هەروەهاش کرا.

سەرچاوەکانی ئاو: ٨٠ لە سەدی ئێران بیابان و بێ ئاوە، زۆرینەی ئاوی خواردنی ناوەندی ئێران و هەروەها سەرچاوەی ڕووبارە گرینگەکان لە زاگرۆس تایبەت بە لوڕستانە. ئاو سەرەکیترین خاڵی گرینگ بوونی لوڕستانە. هەنووکە ئاوی زۆربەی ناوچە فارس نشینەکان لەوانە کرمان، یەزد، سمنان و ئیسفەهان لە لوڕستانەوە سەرچاوە دەگرێ. خاڵی زۆر گرینگی ئەم باسە بوونی سەرچاوەی ڕووبارە مەزنەکانی باشووری ئێرانە کە لە لوڕستانەوە سەرچاوە دەگرێت، وەکوو ڕووباری کەرخە، کارون، دز و زایەندەڕوود. هەروەها بە پێ ئامارە حکومییەکان زۆرتر لە ٦٠ لە سەدی ئاوی خواردنی گشت ئێران لە کوردستان ڕۆژهەڵات دایە.

دەسەڵاتدارانی ئێران باش دەزانن کە لوڕ مێژوویەکی هاوبەشی لەگەل ئەو ناوچانە هەیە کە کورد تێیدا نیشتەجێیە و کوردستان و لوڕستان دراوسێی جوغرافیاییەکی زۆر لێک نزیکن و لوڕ لە بواری فەرهەنگی و سیاسی و ئابووریی لەگەڵ کورد تا ئاستی تێکەڵاوی نزیک. دەسەڵاتی ئێران باش دەزانێ کە لە ساڵانی ڕابردوودا تێکەڵاوبوونی لاوانی لوڕ لەگەڵ گەنجانی دیکەی کورد لە زانکۆکان و هەروەها بەرزبوونی ئاستی خوێندن لە ناو خەڵکی ئاسایی لوڕ بۆتە هۆی زەقبوونەوەی داخوازییەکانی نەتەوەیی لە لوڕستان.

**لوڕستان دوای خۆپیشاندانەکانی ١٣٩٢(زستانی ٢٠١٤)**

ئێستا دوای ئەو هەموو باسە، هەڵدەگەڕینەوە بۆ سەرەتای وتارەکە، ئاکامی چەند ڕۆژ خۆپیشاندان و بەرخۆدانی لوڕ، داوای لێبوردنی فەرمیی بەرپرسی گشتی دەزگای دەنگ‌وڕەنگی ڕێژیم لە خەڵکی لوڕ و قەدەغەکردنی بڵاوبوونەوەی فیلمی «ساڵانی کۆن» بوو. بە ڕاستی ئێران باش دەیزانی و دەزانێت کە ئەگەر لوڕ بێتە نێو خەباتی مافخوازی نەتەوەییەوە پاشگەزبوونەوەی مەحاڵە، بۆیە بە پەلە داوای لێبوردنی کرد و فیلمەکەی قەدەغە کرد، بەڵام دەبێ بزانین کە ئێستا خەڵکی لوڕ دوای بە دەستهێنانی ئەو سەرکەوتنە مێژووییە گەیشتۆتە ئاستی ئاگایی نەتەوەیی و دەزانێ چ هێزێکی هەیە و چۆن دەتوانێ بە کەڵک وەرگرتن لەو هێزە بەرژەوەندییەکانی بپارێزێت.

دەبێ لەمەودوا چاوەڕێی ڕووداوەکانی نوێ و داخوازییە نەتەوەییەکانی لوڕ بین، ئەوان چیدیکە واز ناهێنن و چینی خوێندکار و ڕۆشنبیریش ئەرکی ڕێبەرایەتیی ئەو بزووتنەوەیەی گرتۆتە ئەستۆ. هەر ئەو جورە کە لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٩٦ هەتاوی دیتمان کە لوڕ چۆن تەنیا لە ناو یەک ڕۆژدا هێرشیان کردە سەر دام و دەزگا ئەمنی و نیزامییەکانی ڕێژیمی ئێران و بەربڵاوترین ڕاپەڕینیان بە نیسبەت ناوچەکانی دیکە دژ بە کۆماری ئیسلامی هەبوو.

# لە هاووڵاتی دوژمنییەوە تاکوو هاووڵاتی ژێردەستە

ن: ئاگری ئیسماعیلنژاد
و: کوردستان



چەمکی "هاووڵاتی" لە ئەندێشەی سیاسیدا بۆ پێناسەی پێوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە لەگەڵ یەکتر وەکوو کەسایەتی حقوقی و پێوەندی تاکەکان لەگەڵ حکومەت کەڵکی لێوەردەگیرێ، ئەم چەمکە دەرهاویشتەی دوو پرس یان بابەتی "حقوق" و "ئەرک" و لەسەر بنەمای "تاک"، لە چوارچێوەی حقوق / یاسا شکڵی گرتووە و لە یەک سەدەی ڕابردوودا لە فەزای سیاسی ئێراندا جێگەی چەمکی "رعیت"ی گرتەوە. جیاوازی بنەڕەتی ئەم دوو چەمکە لە چوارچێوەی شێوەی ڕوانین بۆ پرسی "حقوق"ە؛ لە هاووڵاتیدا "تاک" بریتییە لە "مرۆڤ" و لە ناخی خۆیدا خاوەنی "حقوق"ە و لە دووهەمدا هەر شتێک کە تاک وەکوو "ژێردەستە" هەیەتی، لە "بەزەیی حاکمان"ەوە سەرچاوەی گرتووە و خودی تاک خاوەنی مافی سروشتی نییە؛ ڕوونە کە یەکەمیان حکومەت ئەرکدار دەکات بە جێبەجێ کردنی مافی سروشتی تاک و دووهەمین ژێردەستە ناچار بە جێبەجێکردنی مافی حاکمەکان دەکات و ئەگەر ژێردەستە (رعیت) شوکرانەبژێری حاکمان نەبێت سزادانی لەلایەن حاکمەوە مافێکی ئاساییە.

پرسی قەومیەتەکان

یەکێک لەو پرسە بنەڕەتییانەی کە نیزیک بە سەدەیەکە لە گۆڕەپانی سیاسی ئێراندا سەیر دەکرێت پرسی مافی نەتەوەیی و بەشداری ئێتنیکە غەیرەفارسەکان لە دەسەڵاتە. پرسێک کە شێوەی ڕوانینی ئەمنیەتی حاکمان و شێوەی بەرخوردی دەسەڵات لەگەڵی و هەروەها قازانجە نەتەوەییەکانی فارسەکان بووەتە هۆی ئەوەیکە لە مەسەلەیەکی حقوقییەوە بگۆڕدرێت بۆ مەزنەقەیرانێکی ئەمنیەتی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، حقوقی، سیاسی، مێژوویی و فەرهەنگی.

مافە ئێتنیکییەکان و پرسی شوناسی نەتەوەیی نەتەوە غەیرەفارسەکان لە ئێراندا، تەنیا پرسێک لە نێوان حکومەتێکی تۆتالیتێری ئیسلامی لەگەڵ کۆمەڵێک "هاووڵاتی" یان "ژێردەستە"ی خۆی نییە بەڵکوو پرسی نێوان نەتەوەیەکە کە دەستی بەسەر هەموو جمگەکانی دەسەڵات لە جوغرافیایەکی تایبەتدا گرتووە و ڕوانینی بۆ شوناس و چارەنووسی نەتەوەکانی نیشتەجێ لەم جوغرافیایە لەسەر بنەمای قازانجە نەتەوەییەکانی خۆیەتی و ئەم ڕوانینەی لە ڕێگەی حیزبەکان، ڕەوت و نوێنەرە سیاسی و فکرییەکانی خۆی ئەنجام دەدات. ئەوان پێیان وایە کە کۆکردنەوەی زۆرەملێی قازانجی نەتەوەکانی جوغرافیای ئێران دەبێتە "سفر".

١٠٠ ساڵ دەسەڵات و کەڵکوەرگرتنی ئامرازی لێی لەڕاستای قازانجەکانی نەتەوەی فارس نەتەنیا خاوەندارەتی دەسەڵات لەلایەن ئەم نەتەوەی کردووەتە پرسێکی حاشاهەڵنەگر بەڵکوو مافویستی، شوناسخوازی، خواست و ئیرادەی نەتەوە غەیرەفارسەکانیشی کردووەتە مەسەلەیەکی نائاسایی کە وەک زیدەخوازی پێناسەی بۆ دەکرێت.

شوناسخوازی نەتەوە غەیرەفارسەکان لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا بە ناونیشانی وەک تالانچییەتی، خەیانەت، ئاژاوەگێڕی، جیاییخوازی، یاساشکێنی، دژایەتی کردنی مەدەنییەت، هەڵسوکەوتی بانیاسایی و ... پێناسەی بۆ کراوە. یەک بە یەکی ئەم چەمک و دەستەواژانە سازکراوی دەستی نەتەوەی داگیرکەری دەسەڵات لە کانتێکستە جیاوازەکان و بۆ پاساوهێنانەوە لەگەڵ هەڵسوکەوتی جۆراوجۆریان لەگەڵ پرسی شوناسخوازی نەتەوە غەیرەفارسەکانە، ئەوەیکە هەموو ئەم وشە و چەمکانە وەک دنکەکانی تەسبێح پێکەوە گرێ دەدات، پرسی دەسەڵاتخوازی نەتەوەی فارس و ئیرادەی ئەم میللەتە بە داگیرکردنی تەواوی جوغرافیای ئێران و حاشاکردن لە شوناس و خواستی نەتەوەکانی دیکەیە لەم ڕاستایەدا.

لێرەدا بۆ باشتر تێگەیشتن لەم بابەتە چەند نموونەی درکپێکراو دەهێنینەوە:

نموونەی یەکەم:

جیاییخوازی وەکوو ڕوانگەیەکی سیاسی

لە چەند مانگی ڕابردوودا کە پرسی ڕوخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بووەتە یەکێک لە پرسە سەرەکییەکانی فەزای سیاسی ئێران، هەم حاکمە دەسەڵاتدارەکان و هەم گروپە ئۆپۆزسیۆنە فارسی – ئێرانییەکان لە نێوان شرۆڤە و هەڵسوکەوتی خۆیاندا بەردەوام باس لە دوو مەترسی بۆ سەر "خەڵکی ئێران" دەکەن.

ئەم دوو مەترسییە لە ڕوانگەی دەسەڵاتدارانەوە بریتین لە: ١. پیلانی ناوچەیی بۆ لەنێوبردنی ئەمنیەتی ئێران، ٢. مەترسی دابەشبوون یان ڕووخانی ئێران.

دوو مەترسی لە ڕوانگەی ئۆپۆزسیۆنی فارسی – ئێرانیش بریتییە لە: ١. ناتوانایی ڕێژیم لە بەڕێوەبەریی وڵات و پێویستیی تێپەڕین لێی، ٢. مەترسی ڕوخان و دابەشبوونی ئێران وەک جوغرافیایەکی دیار.

لە یەک سەدەی ڕابردوودا پرسی جیاییخوازی وەکوو ڕوانگەیەکی سیاسی لە بیاڤی سیاسی ئێراندا بەردەوام بوونی هەبووە و لە هەلومەرجی ئێستاشدا بە تێگەیشتنێکی سادە پرسی ڕووخانی جوغرافیای هەنووکەیی ئێران ترسی هاوبەشی نێوان ئۆپۆزسیۆن و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە بەڵام مەسەلە لێرەدا هاوبەشی ئەم ترسە نییە بەڵکوو مەسەلەی سەرەکی لە چییەتی "جیاییخوازی"یە. پرسیارەکە زۆر سادەیە: چ کەسێک جیاییخوازە یان چ هۆکارێک دەبێتە هۆی ڕووخانی جوغرافیای ئێران؟

سەرەڕای ئەوەیکە نیزیک بە سەد ساڵ لە کەڵکوەرگرتن لەم چەنکە تێدەپەڕێت، ئەم دەستەواژەیە لەباری نێوەرۆکەوە بێمانایە و چەمکێکی بەتەواوەتی ئەمنیەتییە. بۆوێنە یاسای بنەڕەتی هەنووکەیی کۆماری ئیسلامی، یاسایەکە کە هەم لەژێر هێژمۆنی ئاخوندەکان و "مرجعتقلید"ەکان نووسراوە و هەم لە ساڵی ١٣٦٨دا لەو کاتەدا کە کۆماری ئیسلامی هەموو ڕکەبەرە سیاسییەکانی خۆی لەنێو بردبوو دووبارە "ئیسلاح" کرایەوە بەڵام هەرکاتێک مەسەلەی ئیجراکردنی ماددەی ١٥ی ئەم یاسایە لەلایەن کۆمەڵگەی مەدەنی کوردستان، ئازەربایجان و ... دێتە گۆڕێ و ئەم خواستە باڵا دەکات، بێ یەک و دوو ڕۆژنامەکانی بەستراوە بە باندە دەسەڵاتدارەکان لەنێو ڕێژیم و بەشێک لە ڕاگەیەنە فارسی زمانەکانی دەرەوەی وڵات پرسی کاریگەریی فێرکاری بە زمانی دایکی لەسەر "ئیرادەی میللی" دەکەنە بابەتی سەرەکی خۆیان و فێرکاری بە زمانی دایکی وەک مەترسییەک بۆسەر زیادبوونی دوورکەوتنەوە لە ناوەند، کەم بوونەوەی یەکگرتوویی نیشتمانی، هەڕەشە بۆسەر ئەمنیەتی میللی و .. ناو دەبەن و لە پشت هەر کام لە چەمکانەدا مەترسی ڕووخانی جوغرافیای ئێران دەخەنە ڕوو. مانای سادە و سەرەتایی ئەم هەڵسوکەوتە ئەوەیە کە تەنانەت بەشێک لە شوناسخوازی ئێتنیکە غەیرەفارسەکان کە لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتی ڕێژیمیش گونجێندراوە لەڕاستیدا لەلایەن بەشێک لە نوخبە فارسەکانەوە وەک جیاییخوازی پێناسەی بۆ دەکرێت.

ناڕوونی لە پێناسە و سنوورەکانی "جیاییخوازی" لەڕاستیدا ناگەڕێتەوە بۆ گرینگ نەبوونی ئەم چەمکە لەنێو بەشێک لە کۆمەڵگەی فارسی و هەندێک نوخبەی فارس زمان بەڵکوو ڕوون نەبوونی سنوورەکانی جیاییخوازی، ئەو دەرەتانەی داوە بەوان کە بە دەستێکی کراوەترەوە ڕکەبەرە غەیرە فارسەکانیان بە تاوانی جیاییخواز سەرکوت بکەن و مل بۆ هیچ کام لە خواستەکانی کۆمەڵگەی غەیرەفارس ڕانەکێشن. بەم پێیە کە لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا بینیومانە نەتەنیا جیاییخوازی بووەتە هۆکارێک بۆ ترساندنی کۆمەڵگەی فارس زمان بەمەبەستی سەرکوتی خواستی کۆمەڵگە غەیرە فارسە شوناسخوازەکان بەڵکوو لەبەرامبەر ئەم پرسەدا کە شوناسخوازی کۆمەڵگە غەیرەفارسەکان بە جیاییخوازی ناو دەبەن سەرکوتی ئەم کۆمەڵگەیانە لەلایەن حاکمانی فارسیش وەک داکۆکی لە یەکپارچەیی عەرز، داکۆکی لە سنوورەکان، ئەمنیەتی پایدار، کورتکردنەوەی دەستی بێگانە و تەنانەت "مۆدێرنیزاسیۆن"ی ئێران ناوی لێ دەبەن.

ئەوەیکە جیاییخوازی نیگەرانی و ترسی هاوبەشی نێوان بەشێک لە ئۆپۆزسیۆنی فارسی – ئێرانی و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە ئەو بەشە لە کۆمەڵگەی فارسی – ئێرانی لە گشتییەتی خۆیدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ شوناسخوازی فارسی و مەسەلەی بەشداری گرووپە غەیرەفارسەکان لە دەسەڵات جێی گرتووە.

بۆ ئەوەیکە هەروا بە سادەیی لەم پرسە تێنەپەڕین نموونەیەکی دیکە دەهێنینەوە.

نموونەی دووهەم:

ڕۆژانە دەزگای پڕوپاگەندەیی ڕێژیم لە ئاستی کۆمەڵگەدا پرسێک دەورووژێنێت؛ ئەم بابەتە پرسی "محلی" لە بەرامبەر "ملی"یە. موسیقی، کلتوور، زمان، ئەدەبیات، مێژوو، خواردن و ... نەتەوە غەیرە فارسەکان بە لۆکاڵی و مەحەلی و مێژوو، موسیقی، کلتوور، زمان و خواردنی فارسی بە "نەتەوەیی" یان میللی ناودێر دەکات؛ لێرەدا وشەی "محلی" لەڕاستیدا بۆ بچووک نیشاندان و سووکایەتی کردن کەڵکی لێوەردەگیرێ و لەبەرامبەریشدا وشەی "ملی" بۆ فەخرفرۆشی و گەورەیی.

سیستمی محلی / ملی سیستمێکە کە لە پشتی خۆیدا چەشنێک لە گەورەییخوازی فارسیی شاردۆتەوە و لەبەرامبەر ئەم گەورەییخوازییەدا، سووکایەتی کردن بە فەرهەنگ و کلتوورەکان دەکاتە ئامانجی سەرەکی خۆی. لە ناخی ئەم سیستمەدا تاک ئەندامی فەرهەنگی غەیرەفارسی نەتەنیا هەست بە شانازی بە ئەندامەتی خۆی لەم فەرهەنگەدا ناکات بەڵکوو چەشنێک لە سووکایەتیش لە ناخیدا چەکەرە دەبەستێ. ئەم سیستمە لەلایەن دەزگای ئیدئۆلۆژیک و پڕوپاگەندەیی زاڵ ڕۆژانە لە نێو ژیانی خەڵکی ئێراندا ڕەنگ دەداتەوە و ئامانجی قایمترکردنی قازانجەکانی بەشێک لە نەتەوەی فارسە کە دەستیان بەسەر دەسەڵات لە ئێراندا گرتووە. ئەم سیستمە خاوەنی پانتاییەکی زۆرە کە بەشێکی وەکوو "کەتواری ئێران" لەلایەن کۆمەڵگە غەیرەفارسەکانیشەوە قبووڵ کراوە.

یەک سەدە داگیرکردنی جومگەکانی دەسەڵات لەلایەن فاشیزمی پاڵەوی – ویلایەتی فەقیهی، فەرهەنگێکی سیاسی بۆ هێژمۆنی گۆڕەپانی سیاسی ئێران گۆڕیوە کە من ناوم لێ ناوە "هاووڵاتی- دوژمنی". "هاووڵاتی- دوژمنی" واتە بەشێک لە هاووڵاتییان، بەشێکی دیکە لە هاووڵاتییانی هەمان کۆمەڵگە وەک دوژمن دەبینن و هاتنەدی مافەکانیان وەک لەنێوچوونی مافەکانی خۆیان پێناسە دەکەن یان وەک هۆکاری نائەمنی و هەڕەشە دەبینن. بە زمانێکی سادەتر بەشێک لە هاووڵاتییان، پێیان وایە کۆکردنەوەی زۆرەملێی قازانجی هاوڵاتییانی کۆمەڵگایەک دەبێتە "سفر".

لە یەک سەدەی ڕابردوودا هاووڵاتییانی داگیرکەری دەسەڵات (بەشێک لە کۆمەڵگای فارس یان بە فارسیبوو) بە کەڵکوەرگرتن لە ئامرازەکانی دەسەڵات دوژمنایەتی خۆیان کردووەتە پرسێکی ڕێگەپێدراو. هاووڵاتی- دوژمن، ئەو هاووڵاتییانەن کە بەهەموو چەشنێک سەرکوت دەکرێن. یاسا، حکومەت، هێزی نیزامی – ئەمنیەتی، ناوەندە زانستییەکان، نیهادە فەرهەنگییەکان، میدیا و تەنانەت بیروڕای گشتی لە دژیان وەستاون.

هاووڵاتی- دوژمنی دیاردەیەکە کە بەرهەمی یەک سەدە سەرکوتی خواستە شوناسخوازانەکان لەڕاستای هێنانەدی دەوڵەت – نەتەوەیە. ئەم دیاردە، شوناسی فارس – تشیع دەکاتە شوناسی پێوەر بۆ ئێران و هەموو شوناسەکانی تر وەک مەترسییەکی "بالقوە" لەقەڵەم دەدات و ڕێژەی مەترسی شوناسە غەیرەفارسە شیعەکان لەسەر بنەمای مەودای نێوان شوناسی پێوەر دیاری دەکات. خاڵێکی دیکە لە دیاردەی ئاماژەبۆکراو دێتە بەرباس، کە ئەویش پرسی نەبوونی شوناسخوازییە، واتە ئەو هاووڵاتییانەی کە خواستی شوناسییان نییە کە دەکەونە نێو پرۆسەی یەکسانسازی و دەبنە هاووڵاتی – ژێردەستە. بەو واتایە کە ئەوان دەبێ تەواوی شانازییەکانی شوناسی پێوەر بە شانازی خۆیان بزانن و هاوکات "قوتابی یەکەم"یش بن واتە هاوکات لەگەڵ ئەوەیکە دەبێ شانازی بە شوناسی پێوەر دەکەن دەبێ وە پێشیشی بکەون.

لەم قۆناغەدا هاووڵاتی ژێردەستە مافە ئینسانییەکانیان وەک ئیمتیاز و پوانێک دێتە پێش چاو کە لەلایەن هاووڵاتییانی کۆمەڵگای پێوەر پێیان دەدرێت. هاووڵاتی ژێردەستە بە ڕوانینێکی دیکە هاووڵاتییەکی ئێعتبارییە کە تا ئەو کاتە دەتوانێ خاوەنی "ئیمتیاز" بێت کە لە خزمەت شانازییەکانی شوناسی پێوەردایە و لە غەیری ئەوە ئیمتیازەکانی لەدەس دەدات و ئێعتبار و متمانەی نامێنێت.

پرسی ڕووبەڕووبوونەوەی هاووڵاتییانی بەشێک لە کۆمەڵگای ئێران (هاووڵاتییانی شوناسپێوەر یان هاووڵاتییانی سەرکوتکەر) لەگەڵ باقی هاووڵاتییان ( هاووڵاتییانی ئەندام لە شوناسی ناپێوەر یان دوژمن -هاووڵاتی) گرینگترین هۆکاری بەردەوامی دیکتاتۆریەت لە ئێرانە لە ماوەی ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا؛ لەڕاستیدا دیاردەی هاووڵاتی – دوژمنی بەبیانوی دەسەڵاتداران گۆڕدراوە بۆ سەرکوتی ڕەوتەکان لە ناخی کۆمەڵگەی هەڵگری شوناسی پێوەر. ئەوەیکە سادق زیباکەلام وەکوو لێکۆڵەرێکی سیاسی ئیدعا دەکات ڕووخانی ڕێژیمی ئیسلامی واتە ڕووخانی ئێران لە ڕاستیدا باس لەوە دەکات کە بۆ سەرکوتی هاووڵاتی – دوژمنەکان، سیستمی دیکتاتۆرییەت باشترین حاڵەتی بەردەستە.

## جاقل

# ڕاسان لە لێکدانەوە و بڕیاری دروستەوە فرچکی گرتووە و ئەگەر تۆزێک ئینسافمان ببێت دان بەوەدا دەنێین کە حیکمەتی ڕاسان لە مەعریفە و تێگەیشتنێکی قووڵەوە هاتووەتە ئاراوە



خوێنەرانی خۆشەویستی "کوردستان"، سەبارەت بە دۆخی ژیان لە ئێران و کوردستان و هەروەها ئەگەر و پێشهاتەکان لە داهاتوودا وتووێژێکمان لەگەڵ چالاکێکی سیاسی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات پێکهێناوە کە بەهۆکاری تایبەتی ئەمنیەتی ناتوانین ئاماژە بە ناوی ڕاستەقینەی بکەین و لێرەدا بەناوی خوازیاری "جاقل" دەیناسێنین.

**دیمانە: شەماڵ تەرغیبی**

**● هەڵسەنگاندنتان لەسەر دۆخی دواڕۆشی ژیان بەتایبەت لەباری ئابوورییەوە لە کوردستان چییە؟**

کوردستان بەگشتی لە باری ئابوورییەوە بە هۆی سیاسەتی دوژمنکارانەی ڕێژیم و نەبوونی کارخانەگەلی بەرهەمهێنان و زۆر هۆکاری دیکە هەر لە سەرەتایشەوە وەزعێکی باشی نەبووە، لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردووشدا کێشە ئابوورییەکان لە کوردستان بەهۆی داخرانی سنوورەکان لە نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و دابەزینی بەهای تمەنی ئێرانی و هەڕەشە و گەمارۆ دەرەکییەکان لە سەر ئێران بەرەو خراپتر بوون ڕۆیشتووە؛ بە جۆرێک کە دەتوانم بڵێم ئێستا ژیان لێرە زۆر ئەستەمە و بە کردەیی تەبەقەی مام ناوەندی ئیقتسادی خەریکە دەبێتە چینی هەژار. خەڵکانێکی زۆر بە بەهایەکی کەم ڕۆژانە دەست دەدەنە کارگەلێک کە مەترسی ڕاستەوخۆی لە سەر ژیانیان هەیە. پێکهێنانی ژیانی هاوبەش زۆر ئەستەمە، ناهەنجاریگەلی کۆمەڵایەتی بە هۆی نەدارییەوە بە زۆری پەرەی سەندووە، دەرتانەکان بۆ ژیان ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ کەمتر دەبنەوە و هیچ بەرپرسێکی حکومەتیش خۆی بە وڵامدەر نازانێت ! میکانیزم و پلانێکی ئیقتسادی بۆ وەگەڕخستنەوەی چەرخەی ژیان لە لایەن حکومەتەوە بەدی ناکرێت و ئەوەی دەوترێت هەر قسەیە و وادەی بێ بنەما، خەڵک بێ لە پێش چاو گرتنی کەیفیەت و تەنوع کەم و زۆر هەر خواردەمەنییەکان وەک پێویستی ژیان دەکڕن، وەزعیەتی نەخۆشەکان و گرانی دەوا و دەرمان ، منداڵانی خوێندەوار وهتد لە ئاستێکی زۆر زۆر خراپدایە . هەموو سینفێک بە دیاریکراوی لە دەسکەوتی ماددی ڕۆژانەی نارازییە و بە گشتی دەتوانم بڵێم زیاتر لە هەشتا لە سەدی دانیشتوانی کوردستان لەم چەند مانگەی ڕابردوودا داهاتەکەیان وڵامدەری پێویستییە لانیکەمییەکانی ژیانی ڕۆژانەیان نەبووە .

**● وەک دەزانن بە کشانەوەی ئامریکا لە بەرجام گەمارۆ سڕکراوەکانی سەر ئێرانیش دەگەڕێنەوە و لە داهاتووشدا ڕێژەیان زیاتر دەبێ؛ بەم پێیە ئێوە پێتان وایە داهاتووی بازار و ئابووری لە ئێران و بەتایبەت لە کوردستان بەرەو چ ئاقارێک دەڕوات؟**

هەروەک عەرزم کردن هەر ئێستاش لە ئێراندا و بەتایبەت لە کوردستاندا وەزعی زۆر خراپی ئابووری ژیان و گوزەرانی خەڵکی لە گەڵ کێشە و گرفت ڕووبەڕوو کردووەتەوە . حەزدەکەم ئەوە بزانن کە پێش ئەوەیکە تەواوی ئەو گەمارۆیانە لە باری کردەییەوە بخرێنە بواری جێبەجێ کردنەوە، باری ڕەوانی هاتنەوەی دووبارەی گەمارۆکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران شوێندانەری خۆیان هەبووە؛ بە جۆرێک کە بازرگانانی ئێرانی سەرمایەکانیان لە بازاڕەکاندا کۆدەکەنەوە . کارخانەکان وەک جاران بە چەک یان بە قەرز کاڵاکانیان ڕەوانەی بازاڕەکانی ناوخۆ ناکەن . هەر بە هۆی هاتنەوەی ئەو گەمارۆیانەوە بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی کاڵا لە چوارچێوەیەکی قەتیس و دیاریکراودا لە ئێران بەڕێوە دەچێت و بە مودیریەتێکی ئامانجدار ( بۆ کۆکردنەوەی سەرمایە بڵاوبووەکانی پێشوو ) لە لایەن خاوەن سەرمایەکانەوە مودیریەت دەکرێت . زۆربەی بانکەکان لە ناو زەرەردان و ناتوانن سودئاوەرییان بۆ ڕێژیم ببێت . پێم وایە درێژەی ئەم وەزعە کارگە و کارخانەکانی ئێران بەرەو مایە پوچ بوونی زیاتر دەبات . متمانە لە بازاڕی ئێراندا نەماوە . لە ئێراندا بە ڕێژەیەکی زۆر زیاتر لە پێویست دوکان بۆ فرۆشتن هەبوو کە بە هۆی گرانی و هەڵاوسانی بازاڕ لەم چەند مانگەی ڕابردوودا بە ڕێژەیەکی بەرچاو ئەوانە بێکار ماونەتەوە . ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ بێکاری و گرانی و هەڵاوسان باڵ بە سەر ئێراندا دەکێشێت و ئێران لە دارمانی ئابووری نیزیکتر دەکاتەوە .

**● ئایا پێتان وایە ئەو دۆخەی کە هەنووکە باڵی بەسەر ئێراندا کێشاوە و هەروەها ئەگەری خێراتربوونی گەمارۆکان بەدژی ڕێژیم، خەڵک هان بدات لەدژی ڕێژیم بڕژێنە سەر شەقام بەمەبەستی ڕووخاندنی؟ واتە ئەو شۆڕشە جەماوەرییە سەرباری زاڵ بوونی کەشی ترساندن و تۆقاندن لەلایەن ڕێژیمەوە دێتە ئاراوە؟**

خەڵکێکی زۆر لە چەند مانگی ڕابردوودا لە زۆربەی شارەکانی ئێران بە شێوەگەلی جۆراوجۆر نارەزایەتی خۆیان لە وەزعی خراپی ناوخۆی ئێران دەربڕی و ئێستاش ئەو نارەزایەتی دەربڕینە هەر درێژەی هەیە و هەتا ئێستاش حاکمیەت هیچ وڵامێکی کردەیی بەرانبەر بەو داواکارییە ڕەوایانە نەبووە کە لە لایەن زۆربەی خەڵکی ئێرانەوە هاتونەتە ئاراوە . ئەگەر بە کورتی داواکارییەکان پێناسە بکەین لە دوو داوای سەرەکی و تەبیعی و ڕەوادا دەتوانین کۆیان بکەینەوە کە ئەویش نان و ئازادییە . خەڵک بە گشتی پێیان وایە ئەم ڕێژیمە قابلیەتی ئیسڵاحی نییە و ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژیش ڕێژەی ئەو کەسانە کە داواکاری ڕوخانی ڕێژیمن ڕوو لە زیاد بوونە، بۆیە زۆربەی دروشمەکان هەر داوای ڕووخان و گۆڕینی ڕێژیمیان دەکرد، ڕێژیم بە کوشتن و گرتن و تۆقاندن نەیتوانی وەزعیەتەکە بگۆڕێت بۆ ئەوە کە خواستی خۆی بوو. پاڵپشتی مەعنەوی وڵاتە زلهێزەکان و چڕتر بونەوەی گەمارۆکان دەتوانێت هاندەرێکی بەقەوەت بێت هەتا خەڵک دڵگەرمانەتر بێنە مەیدانی داواکارییە ڕەواکانی خۆیانەوە کە بە ڕوخانی ڕێژیم بە دەست دێن . ڕێژیم هەر لە سەرەتایشەوە پرسی ئازادی نە قبوڵ دەکرد و نە بەرنامەیەکیشی بۆی هەبوو، بە جۆرێک کە دەتوانم بڵێم ڕێژیم دژایەتی تەواوی لە گەڵ ئازادیدا هەبووە و هەیە . سیستەمی ئیقتسادی ڕێژیم لە پاش چل ساڵ گەیشتووەتە بون بەست و تەقریبەن دواهەناسەکانی خۆی دەکێشێت، کۆی گشتی ئەم شتانە و ئەزمونی هاتنە شەقامی خەڵک لە چەند مانگی ڕابردوودا سەلمێنەری ئەوەن کە خەڵک سەرەڕای بەکارهێنانی توند وتیژی لە لایەن حاکمییەتەوە، پاشەکشە ناکەن . ئەگەر حاکمییەت هەر بیهەوێت بە ملهۆڕی دەنگی خەڵک کپ بکات و خۆی بەسەر خەڵکدا بسەپێنێت ئەوە لەوانەیە خەڵکیش ناچار بن هەر بەو شێوە کە ڕێژیم لە گەڵیان ڕەفتار دەکات وڵامی بدەنەوە . پێم وایە ڕووبەڕوو بوونەوەی خەڵکی کازرون بە دژی کوشتنی خەڵکی بێ تاوانی ئەو شارە لە قەوارەی گەورەتردا هەتا ڕووخانی ڕێژیم بە یەکجاری لە شارەکانی دیکەی ئێراندا دووپات ببێتەوە .

**● خەڵک لە ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی چەندە یەکگوتارن لەسەر نەهێشتن و ڕوخاندنی ڕێژیم؟ ئایا بەستێنی شۆڕشێکی هەمەلایەنە لە کۆمەڵگەدا بەدی دەکەن؟**

پێم وایێت ئێستا کۆدەنگییەکی زۆر لە نێوان خەڵکی شوێنەکانی دیکەی ئێران و کوردستاندا هەیە بە مەبەستی نەهێشتنی ئەم ڕێژیمە . لە ساڵانی پێشوودا خەڵکی کوردستان واقعیەتەکانی ئەم ڕێژیمەیان ناسی و لە ئاکامی دژایەتی لە گەڵ ئەم ڕێژیمەیشدا شەهید و قوربانی زۆری دا و کینە و ڕقەبەری حاکمییەت لە گەڵ نەتەوەی کورد، هەر لە سەرەتای جێگیربوونییەوە فۆڕمی سیستماتیکی بە خۆیەوە گرت بەڵام هەمووی ئەمانە نەیانتوانی خەڵکی کوردستان و هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات بهێننە سەر ئەو قەناعەتە کە ددانی خێر بەم ڕێژیمە ئازادیکوژ و ئینسانکوژ و کوردکوژەدا بێنن . پێم وایە بۆ هەتا هەتا خەڵکی کوردستان بە هۆی ئەو تێگەیشتنە قوڵەوە لە چاو بەشەکانی دیکەی ئێران سەربەرزترن و پێشەنگی دژایەتی ئەم نیزامە دواکەوتووەن . لە چوارچێوەی کوردستاندا خەڵک ڕووخانی ڕێژیم بە حەتمی دەزانن و لە سەر ڕووخانی ڕێژیم کۆدەنگییەکی بەرچاو هەیە و متمانە کردن بە یەکتری و قسە و باس لە سەر ڕووخانی ڕێژیم لە کۆڕ و کۆبونەوەی خەڵکدا زۆر بەرچاوە و جێگای دڵخۆشیشە.

لە بەشەکانی دیکەی ئێراندا ڕێژیم پیرۆزییە ئیدئۆلۆژیکییەکانی (قداست) نەماوە یان زۆر کەمڕەنگ بووەتەوە، گەندەڵی سیستماتیک و وەزعی خراپی ژیان و گوزەرانی خەڵک لەو ناوچانە خەڵکی تێکەڵ بە بیرکردنەوەی سیاسی کردووە، هەر چەند زۆربەی شتەکان هەڵقوڵاوی ڕێکخستنێکی تۆکمە و پتەو نییە بەڵام لەو شوێنانەش خەڵک جار لە گەڵ جار بە دژی ڕێژیم زیاتر متمانەیان لە ناودا دروست دەبێت و لە قەوارەی گەورەتردا یەکتری دەناسن و بڕوابەخۆبوونیان دەچێتە ئاستێکی سەرترەوە . ئەم ئێعترازانە هەر جارەو لە نوقتەیێک لە جوغرافیای ئێران دێتە ئاراوە و دەتوانن ببنە شۆڕشێکی هەمەلایەنە. هەر چەند لە حاڵی حازردا بە هۆکارگەلی جۆراوجۆر نەیانتوانیوە بە گوێرەی پێویست خۆیان پیشان بدەن بەڵام پێم وایە لە داهاتوودا لە باری کەمییەت و کەیفیەتەوە زۆر تەکامول پەیدا دەکات و دەچێتە ئاستێک کە ڕێژیم دەڕوخێنێت .

**● چاوەڕوانییەکانی خەڵک لە ئۆپۆزسیۆنی کوردی دژبەری ڕێژیم چییە؟**

خەڵکی کوردستان بە گشتی خواستێکی نەتەوایەتییان هەیە و لەژێر چەتری داواکارییە نەتەوایەتیەکاندا داواکاریە ڕەواکانی دیکەیان مەتەرەح دەکەن . خەڵکی ڕۆژهەڵات و هێزە ڕۆژهەڵاتیەکان لە باری ڕۆحی و ڕەوانییەوە زۆر لە یەکتری نیزیکن و تێگەیشتنی باشیان لە باری تێئۆریک و ماناوە لە یەکتری هەیە بەڵام لە باری واقعی و کردەییەوە لە یەکتری دورن و ئەزمونی کاری هاوبەشیان کەمە یان هەر نیانە . سەیر نییە ئەگەر بڵێین خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەلاقەی وەزعییەتی باشوری کوردستانەوە سەرنجی داهاتووی ڕۆژهەڵات دەدەن . ئەزمونی دەسەڵاتداری و پێکەوە کارکردن لە باشوردا ئەگەرچی شکست خواردوو نەبووە بەڵام ڕووداوگەلێکی لە مێژوی خۆیدا تۆمار کردووە کە دەتوانێت بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵات لە باری عاتفیەوە هەم هیوا بێت و هەم ترسیش بێت .... لە پێشدا هیوابەخشە چونکە خەڵک بە هەر شێوەیەک بووە ئاواتیان دەسەڵاتێکی خۆماڵیە و بێگومان ئەولەویەتی داواکاری نەتەوایەتی وادەکات ئەوان خۆیان لە ناو حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکاندا ببیننەوە بەڵام ترس لە پەرتەوازەیی، گیر و گرفتی ناوخۆی حیزبەکان و ترس لە دووپات بوونەوەی ڕووداوە کارەساتبارەکانی باشور دیوێکی دیکەی ئەو هیوا مەزنەی خەڵک دەگۆڕێت بە ترس و دڕدۆنگی لەو داهاتووە نادیار و نارونە ! پێکهێنانی ناوەندی هاوکاری لە نێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا ئەگەرچی لە شەقامی کوردیدا بە تەواوی ڕەنگی نەداوەتەوە بەڵام لە لایەن نوخبەی دەروەستەوە وەک خاڵێکی بەهێز بۆ یەکگرتوویی و تەبایی سەیر دەکرێت . بە گشتی ئەوەی خەڵکی کوردستان لە حیزبەکان داوای دەکەن ئەوەیە کە ئەوان [ هێز] بن و بێگومان بۆ هێزبوونیش پێویستی بە یەکگرتویی و زۆر موئەلەفەی دیکە هەیە کە لێرەدا بە پێویستی نازانم بچمە نێو ئەو وردەکارییانەوە .

**● ڕاسان چەندە توانیویەتی یان دەتوانێ لەسەر پرسی یەکخستن و سەرخستنی شۆڕش دەور بگێڕێ؟**

ڕاسان لە کاتێکدا هاتە ئاراوە کە کەمتر کەسێک یان حیزبێکی سیاسی دەیتوانی ئەو واقعیەتانە بۆ ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە نێو کۆمەڵگای ئێراندا ببینێت کە ڕاسان توانی ببینێت . ئەوە خاڵی هەرە بە هێزی ڕاسانە چونکە ئێستا و پاشی چەند ساڵ دەبینین کە ڕاسان لە لێکدانەوە و بڕیاری دروستەوە فرچکی گرتووە و ئەگەر تۆزێک ئینسافمان بێت دان بەوەدا دەنێین کە حیکمەتی ڕاسان لە مەعریفە و تێگەیشتنێکی قوڵەوە هاتووەتە ئاراوە . ڕاسان خاڵێکی بەهێز بوو بۆ هیوابەخشین بە تاکی تا ڕادەیەک بێ هیوای ڕۆژهەڵاتی . ڕاسان هەر لە سەرەتای دەسپێکیەوە توشی گیر و گرفتی زۆر بوو . ڕاسان خوێنی زۆری پێشکەش بە ناوەرۆکی پڕمانای خۆی و نیشتمان کرد ئێستا دەتوانم بڵێم ڕاسان لەو شەڕە ڕەوانیەدا کە زۆر لایەن بە ئەنقەست یان بە هەڵە چەشنی تاران بە دژی هێنابویانە ئاراوە تا ڕادەیەکی بەرچاو ڕزگاری بووە و زۆربەی سیاسییەکان ئەگەرچی بە زمان لەوانەیە نەیڵێن بەڵام بە کردەوە ڕاسان بە دروست دەزانن یان مەدلولی ڕاسان واقع بوون . ڕاسان بە تێچوویەکی زۆرەوە توانی هێماگەل و واتایەکی نوێ لە خەباتی شاخ و شار لە ناو جەرگەی ڕۆژهەڵاتدا زیندوو بکاتەوە کە لە قوڵایی دڵی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بوونی هەبوو بەڵام بە هۆی تاراوگەوە تۆزێکی لە سەر نیشتبوو کە ئەگەر ڕاسان نەبا نەسڵی ئەمڕۆیی توانای ناسینەوەیانی نەبوو وا باشە ئەو واقعیەتەش بڵێین کە ڕاسان بە گشتی تەوەقوعاتی خەڵکی نەهێناوەتە دی بەڵام خەڵک وەک داری پڕبەر و هیوای سەرەکی خۆیان بۆ شۆڕش و ڕێکخستن وەک مەرجەع و سەرچاوە ناوی دەبەن و تەمکینی پێدەکەن . تەئسیر و کاریگەری ڕاسان زۆر بووە و بە دڵنیاییەوە لەمە بە دوایشەوە زیاتر دەبێت، چونکە وەزعییەتی هەنوکەیی ئێران ئەمجارە ئەوە دەخوازێت کە خەڵکی وەزاڵەهاتووی ڕۆژهەڵات بەرەو پیری زیاتری ڕاسان بچن و ئەوان وەک زەرورەتی ژیان و سیاسی ئیدی پێویستی هەمیشەییان بە ڕاسان هەیە . ڕاسانێک کە هەم هزرە ، هەم ڕێکخستنە و هەمیش چەکێکی بەرگری و پشتیوانییە .

ڕاسان لە لێکدانەوە و بڕیاری دروستەوە فرچکی گرتووە و ئەگەر تۆزێک ئینسافمان ببێت دان بەوەدا دەنێین کە حیکمەتی ڕاسان لە مەعریفە و تێگەیشتنێکی قوڵەوە هاتووەتە ئاراوە ڕاسان بە گشتی تەوەقوعاتی خەڵکی نەهێناوەتە دی بەڵام خەڵک وەک داری پڕبەر و هیوای سەرەکی خۆیان بۆ شۆڕش و ڕێکخستن وەک مەرجەع و سەرچاوە ناوی دەبەن و تەمکینی پێدەکەن . تەئسیر و کاریگەری ڕاسان زۆر بووە و بە دڵنیاییەوە لەمە بە دوایشەوە زیاتر دەبێت

**ڕاسان بە گشتی تەوەقوعاتی خەڵکی نەهێناوەتە دی بەڵام خەڵک وەک داری پڕبەر و هیوای سەرەکی خۆیان بۆ شۆڕش و ڕێکخستن وەک مەرجەع و سەرچاوە ناوی دەبەن و تەمکینی پێدەکەن . تەئسیر و کاریگەری ڕاسان زۆر بووە و بە دڵنیاییەوە لەمە بە دوایشەوە زیاتر دەبێت**

# جەلال مەلەکشا

## - شاعیرێک لە ڕەگەزی داربەڕوو
## - ئازادی، شاپەیڤی سەفەری ئەوینستانی شێعری پڕ هاواری جەلالە
## - تفەنگ و قەڵەم، لە شێعری جەلالدا دوانەی گەیشتن بە سەربەستین
## - خۆڕاگر چەشنی ئاویەر، قورس و قایم چەشنی شێعر



**شەریف فەلاح**

کەمن ئەو مرۆڤانەی هەم و خەم و ژیانیان لێوانلێو لە ئەشق و ئەوین بێت. دەگمەنن ئەوانەی ئەیناری نیشتمانن و بە هونەر و هزر و خامە ئازار و مەینەتی نەتەوەیەک دەگێڕنەوە، دەگمەنن ئەو باڵابرینانەی وەک شێعر دەژین و ژیان و سەربوردەیان ئاوێنەی باڵانوێنی نیشتمانێکی هەڵوەدای ئازادییە.

زیاتر لە شەش دەیەیە لە شاری ئەوین و جوانی، لە شاری سنەی خوێناوی، لە داوێنی ئاویەری سەربەرز، لە باژێری فەرهەنگی و هونەردا شاعیرێک دەژی کە ناوی جەلالە. جەلال ئەو قەڵەمە یاخییەی بۆ ئەشق ئەنووسێت و بەگڕ هەورا دەچێت و قەڵەم و هزر و ئەندێشەی بۆ هیچ داگیرکەر و دارەدەستێک دەستەمۆ نەبووە و هەموو کات پێی وایە ئاسمان قەڵەمڕەوی باڵندەیە. قەت ملکەچی ئەوە نەبوو کە ئاسمان قەڵەمڕەوی یاسای داڵ بێت، پشتی لە ماڵی دنیا کرد و خەم و ئازار و مەینەت بوونە بەشی. نە زیندان و نە بەند و کەلەپچە هیچیان نەیانتوانی خەونەکانی پێ شڵوێ کەن، ئەو هەر بۆ لووتکە فڕی و ئەوانەش کە بۆسەیان بۆ دانا خۆیان بوونە بلقی سەر ئاو. هەرچەند وەک خۆی دەڵێ کەوتوومەتە بەر تووکە شەقی چارەنووس، بەڵام سەربەرزە وەک شێعر و سەرفەرازە چەشنی شاخی یاخی. تووڕەیە لە ستەم و زەردەواڵەی وشەی بەگژ نەیارا دەکات و پەیامی ژیان و جوانیی پێیە.

هەرچەند باڵندەی ناو قەفەسە، بەڵام چریکە و نەغمەکانی پڕن لە خۆزگە و بریا، ئەو باڵندەی ناو قەفەسە دەنگی ئێمەیە، دەنگی لە ناخ خنکێندراوی ئەم گەلە ئازار چەشتووەیە، دەنگی هەموو ئەو سەوداسەرانەیە کە خۆزگەیان گەیشتنە بە ئازادی.

جەلالی کورد و شێعر، لە نیشتمان و شێعر و هونەر زیاتر دەروەستی هیچ کەس و لایەن و پیلان و داو و تەڵەیەک نەبووە و سەربەخۆیی و سەربەستبوون شانازیی ژیانییە. هیچکات شێعر و هونەر و نووسینی فیدای پلە و پایە و ناوبانگ نەکردووە. ژیانی تژییە لە هەوراز و نشێو و گلان و هەستانەوە، لە هەر گلان و بەند و زیندانێکدا بەرهەمێکی پڕ لە جوانی و چیرۆک و سەربوردەیەکی هەرمانی کردووەتە دیاری.

ئەم قەڵەم بوێرە چاوگەی یاخیبوون و ئاخێزگەی کاروانێکە بە قەرەجی ڕێگە هەتڵەکان تەی دەکات، ئەم خامە ڕەنگینە چیرۆکی نەتەوەیەکی لە هەگبەی ناوە. لە زڕەی زنجیری وشە دیلەکانەوە بگرە هەتا کارەسات و تراژیدیی ناخهەژێنی کورد، ئاوێنە و سیمای راستەقینەی دۆزی ڕەوای کوردن. جەلال ناسنامە و دەنگ و هاواری ئێمەیە، ئەو ئێمەیەی خۆمان لەبیر کردووە، دەنگی ڕۆژهەڵاتە، ڕۆژهەڵاتی نوقمەساری کارەسات و نامۆبوون لە ناسنامەی دزراو.

شاخ و کوێستان و تفەنگ، خوێن و شەهید، زریکە، هاوار، کەلەپچە و زیندان و گورگ لە شێعری جەلالدا قوڵپ دەدەن. هاوکات تفەنگ و قەڵەم دووانەی خەونەکانی گەیشتن بە سەربەستین، چونکە پێی وایە نەخشەی وڵاتەکەم تفەنگێکە و بتانەوێ و نەتانەوێ من شاعیری خوێن و کوێستان و تفەنگم. ئازارێک گینگڵی جەلال دەدا، خەمێکی خست ناخی دەخواتەوە، برینێکی بەسۆ، ژینەخۆرێک لێی نابێتەوە، ئەویش داستانی دارەپیرەیە کاتێک لقێک دەبێتە دەسکی تەور و هۆرە و پواز و سەراپای جەستەی داری دایک ئەنجن ئەنجن دەکات، ئازارێکە و نابڕێتەوە.

ئازادی، شاپەیڤی سەفەری ئەوینستانی شێعری پڕ هاواری جەلالە. سەفەرێک کە تژییە لە خەون، خەونێک کە لێوانلێوە لە ئەشق، ئەشقێک کە سەرلەبەری ڕۆحی کوێستانە و بۆ نەخشەی دزراو و پارچە پارچە کراوی ئەم گەلە دەگەڕێت هەتا کوردستانی پێ بدوورێتەوە. کەسێک پەروەردەی ئازار و ڕەنج بێت، ڕەنجێک کە ئەشقی گەیشتن بە دڵدار تان و پۆی بێت، بێگومان هەرمانە و لە دڵ دەنیشێت.

زۆرن ئەوانەی لەم سەفەرە پڕ لە هەورازەی جەلالدا هاوڕێی بوون و نەیانتوانی و جێ مان و گلان و هەڵنەستانەوە، سەفەرەکەی جەلال پڕ بوو لە چاوی گورگ، پڕ بوو لە دڕک و داڵ و قەل و ژینە خۆرە و بەربوونە گیانی، ئەم جەستە لاوازە هەموویانی ورد و خاش کرد و هەر نووسی و هەر مایەوە و هەرچەند هێشتا چریکەی نەگەیشتووەتە بنمیچی ئاسمانی ئازادی و شنەی سەرکەوتنی هەڵنەمژتووە، چونکە لە ڕەگەزی کۆڵنەدان و داربەڕووە، بۆیە سەربەرزە وەک شێعر و خۆڕاگرە وەک ئاویەر و هەرمانە هەتاهەتایە.

جەلال مەلەکشا ساڵی ١٣٣٠ی هەتاوی (١٩٦٤ی زایینی) لە گوندی مەلەکشا سەر بە شاری سنە لەدایک بووە. هەر لە شاری سنە خوێندوویەتی و بڕوانامەی دیپلۆمی وەرگرتووە. لە منداڵییەوە هۆگری شێعر و نووسین بووە.

جەلال وەکوو مرۆڤێکی ئاشتیخواز نەیتوانی لە هەمبەر زوڵم و زۆردا چاو بنووقێنێ و ئەسپی قەڵەمی لە مەیدانی خەبات دژ بە زوڵمدا تاو داوە و لە سۆنگەی ئەم گەرناسییەوە تووشی دەردیسەری و ئازاری زیندانیی زۆر بووە.

مەلەکشا شاعیرێکی دەروەست و نەتەوەییە کە لە سەرەتاوە بە فارسی شێعر و پەخشان و چیرۆکی نووسیوە و لەبەر هێز و پێزی لە نووسیندا بەبێ ئەوەی کتێبی چاپکراوی هەبێ، کراوەتە ئەندامی کانوونی نووسەرانی ئێران.

مەلەکشا لە دەیەکانی چل و پەنجای هەتاوی بەهۆی چالاکیی سیاسی لەدژی حکوومەتی پاشایەتی، ماوەیەک لە گرتووخانە بووە و دواتر و پاش شۆڕشی گەلانی ئێرانیش بەهۆی بیروباوەڕی سیاسی و بۆچوونی جیاواز و نووسینی ڕەخنەگرانەوە بۆ چەندین جار لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە زیندانی کراوە و بەشێکی زۆر لە ژیانی لە دەرد و ڕەنج و دژواریدا بووە و وەک خۆی دەڵێ بەشێک لە شێعرە بەهێزەکانی زادەی کونجی زیندان و کاتی کەلەپچە و پاوانن.

مەلەکەشا لە ساڵی ١٩٧٩ بەملاوە بە شێوەی جیددی دەست دەکا بە نووسین بە زمانی کوردی و لە کوردی نووسینیشدا سەرکەوتنێکی بەرچاوی دەبێت.

پاش دامەزراندنی گۆڤاری سروە لە ورمێ لەلایەن مامۆستا هێمنەوە بانگهێشت دەکرێت بۆ ماوەی ١٤ ساڵ وەکوو نووسەر و ڕۆژنامەوان دەبێتە ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری سروە؛ وەک بەرپرسی بەشەکانی شێعر و چیرۆک و وەڵامی نامەی نووسەران، هاوڕێ لەگەڵ ئەحمەدی قازی، سوارە فتووحی، مارف ئاغایی و دەیان نووسەری دیکە خزمەتێکی بەرچاو بە زمان و ئەدەبی هاوچەرخی کوردی دەکەن کە بە گوتەی دەیان کارناسی ئەدەبی ئەو سەردەمەی جەلال و هاوڕێیانی لە گۆڤاری سروەدا بوون، پرشنگدارترین قۆناغی خزمەت بە زمان و ئەدەبی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان بووە، هەرچەند وڵات لەژێر چەکمە و بۆسەی داگیرکەردا بووە.

مەلەکشا لە بواری شێعر و چیرۆکی کوردی و فارسیدا خاوەن گەلێک بەرهەمە و هاوکات لە بواری وەرگێڕانیشدا دەستێکی باڵای هەبووە و چەند بەرهەمێکی گرنگی وەرگێڕاوە، بەڵام بەهۆی بێدەرەتانی و هاوکات سانسۆری دامودەزگا فەرهەنگییەکانی ئێران، تەنیا دوو کۆمەڵە شێعر و کۆمەڵە چیرۆکێکی بەناوی (زڕەی زنجیری وشە دیلەکان، بەشێک لە شێعرەکانی جەلال مەلەکشا و کۆمەڵە چیرۆکی (کارەسات)ی چاپ و بڵاو کراونەتەوە.

شێعرەکانی جەلال تا ئێستا بە زمانەکانی فارسی، عەرەبی، ئینگلیزی، لیبیایی، سویدی و... وەرگێڕدراون.

جەلال مەلەکشا ماوەی چەند ساڵێکیش ئاوارەی هەرێمی کوردستان بووە و لێرە سەرنووسەری گۆڤاری (پرشنگ) بووە کە پێنج ژمارەی لێ چاپ کراوە و پاشان لە دامەزراوەی فەرهەنگیی ئەندێشەی ئەحمەدی خانی لە ورمێ چالاک و سەرقاڵی ڕاهێنان و پەروەردەی نووسەر و ئەدیبانی گەنجی کورد بووە.

شێعری جەلال مەلەکشا، یەکێکە لە شێعرە بەهێزەکانی ئەدەبی هاوچەرخی کورد، شێعری جەلال سادە، بێ گرێ و گۆڵ، هاوکات ڕەسەن و تژییە لە مانا و لێوانلێوە لە خەم و برک و ژان. ژیانی ئەستەم و دژواری خۆی کاریگەرییەکی ئێجگار مەزنی لە شێعر و نووسیندا داوەتەوە. شێعری مەلەکشا لەلایەک لە ڕەهەندەکانی ژان و ئازاری ئینسانی، کەموکووڕی و نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان، لەلایەکی دیکەشەوە باسکردن لە ڕەوش و گوزەرانی تاکەکەسیی خۆی، ژانە ڕۆحییەکان، زەخت و گوشاری ژیانی لەخۆ گرتووە. هاوکات شێعری جەلال شێعرێکی قووڵ، هەرمان و هەڵگری توخم و مۆتیڤە ئوستوورەیی و مێژووییەکانە. ڕوانگە فەلسەفییەکانی جەلال و شارەزایی لە بواری چەمکە ئەفسانەییەکان یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مەلەکشایە کە لە شاعیرانی دیکەی جیا دەکاتەوە. لە گشت گرنگتر شێعری جەلال، شێعرێکی نەتەوەیی و دەروەستە، هاوکات چوارچێوە نوێخوازییەکانیشی پاراستووە و لەگەڵ شاعیرانی دەیەی پەنجا و شەست و نەوەی نوێشدا هەتا ڕادەیەک خۆی گونجاندووە.

بەرهەمی مەلەکشا هیچکات لە هەمبەر نەریت و تایبەتمندییە ڕۆژانەکاندا کۆڵی نەداوە و هەر ئەم خەسڵەتە بووەتە هۆی ئەوەی شێعرەکانی هەردەم نوێ بن. عەشقی ڕۆمانتیک لە شێعری مەلەکشادا لە خزمەتی ئەندێشەی ڕزگاربوونە لە ستەم و چەوسانەوەی نەتەوەییدا. جەلال سەرکوت و ستەم و دیکتاتۆری بە بەربەستێکی بەردەم گەیشتن بە ئەشقی خەیاڵیی خۆی دەزانێت. لەخۆبردوویی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، هیچکات لە شێعری مەلەکشا جیا نەبۆتەوە، چاوەڕوانی، بێ مانایی سەردەم و جۆرێک لە نهێلیزم لە سەرەتای شێعری جەلالدا دەبینرێت، کە سەرەنجام پاش چەشتنی ئازار و ڕەنجی زۆر، شاعیر چەشنی کێوی ئاویەر، هێشتا سەربەخۆ، خۆڕاگر و کۆڵنەدەرانە لە نووسین بەردەوامە و هیچکاتێ شێعر و نووسین و قەڵەمەکەی نەکردووەتە قوربانیی ناوونیشان و پلە و پایە.

KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan • No:726 • 5 June 2018

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia

# ڕۆژنامەی کوردستان بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکرا کردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر دوایین بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو و دەیخاتە بەر دیدی خوێنەران ڕۆژنامەی کوردستان.

ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی کۆتایی مانگی جۆزەردانی ٩٧ی هەتاوی لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتییە لە حاڵەتەکانی دەسبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران.

## هێمایەک لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە دوو حەوتووی ڕابردوودا:



### هێمایەک لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە دوو حەوتووی ڕابردوودا دەسبەسەر،بانگهێشت و زیندانیی کردن و حوکمی زیندان و ناڕوونی چارەنووسی زیندانیان:

دادگای ئینقلابی شاری ورمێ، حوکمی ١٨ مانگ زیندانی بە سەر دوو چالاکی ژینگەپارێزی خەڵکی شاری بۆکان، بە ناوەکانی "جەعفەر ئەمینی" و "حامید سپهری"دا، سەپاند. ئەو دوو هاووڵاتییە کوردە، کە ئەندامی ئەنجومەنی "ژینگەپارێزی وڵات"ن، ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٠ی ڕەشەمەی ساڵی ڕابردوو، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی سەر بە ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری بۆکان دەسبەسەر کران. هەروەها، بارودۆخی تەندروستی ئەمیر پەیغامی، زیندانی سیاسیی کورد، لە گرتووخانەی شاری ورمێ نالەبارە و سپای پاسداران لە ناردنی بۆ دەرەوەی زیندان بۆ چارەسەریی پزیشکی دژایەتی دەکات.

کۆتایی مانگی بانەمەڕ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "عوسمان جەلالی" خەڵکی شاری جوانڕۆ، لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی حکوومەتی ئێران، دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا؛ هێزە ئەمنییەتییەکان ئەو هاووڵاتییە کوردەیان بە تۆمەتی "هاوکاریی لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیونی حکوومەتی ئێران" دەسبەسەر کردووە.

ڕۆژی دووشەممە ٧ی جۆزەردان، هاووڵاتییەکی کوردی خەڵکی یەکێک لە گوندەکانی شاری مەریوان دەسبەسەر کرا؛ شوناس و ناونیشانی ئەو هاووڵاتییە کوردە، بە ناوی "ئەمجەد قادری"، خەڵکی گوندی "چۆڕ" سەر بە شاری مەریوان ڕاگەیەندراوە.

لە لایەکی دیکەوە، ڕۆژی سێشەممە ٨ی جۆزەردان، هێزە ئیتلاعاتییەکان هێرشیان کردە سەر ماڵی هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "موسەیب لاچینی" و ناوبراویان دەسبەسەریان کرد؛ هێزە ئیتلاعاتییەکان هۆکاری دەسبەسەرکردنی ئەو هاووڵاتییە کوردەیان بۆ چالاکیی سیاسی گەڕاندۆتەوە و پاش دەسبەسەرکردنی، ناوبراویان بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگواستووە.

ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە ٨ی جۆزەردان، سێ هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی "ئەمجەد قادری" کوڕی ئەحمەد، شاهۆ سوورەیی کوڕی محەممەد و مووسا یووسفی کوڕی سەید عەلی" خەڵکی گوندی "چۆڕ"ی شاری مەریوان لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزران.

لەو پەیوەندییەدا، "میترا عەلیزادە"، خەڵکی شاری کرماشان، کە ڕۆژی ٨ی بەفرانبار لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی ئەو شارەوە دەسبەسەر کرابوو، پاش پێنج مانگ و ٤ ڕۆژ چارەنووسی ناڕوونە؛ میترا عەلیزادە، لە کاتی ناڕەزایەتییە خەڵکییەکانی خەڵکی شاری کرماشان، لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمەوە دەسبەسەر کراوە و هەتا کاتی بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە چارەنووسی بە ناڕوونی ماوەتەوە.

هەروەها، چەند ڕۆژ پێش، کچە چالاکێکی کوردی خەڵکی شاری شنۆ، بە ناوی "گوڵاڵە مورادی" پاش چوونە دەرەوە لە ماڵ، بێسەروشوێن بووە و هەتا ئێستا هیچ زانیارییەک لە بارەیەوە لە بەردەستدا نییە.

لەلایەکی دیکەشەوە هاووڵاتییەکی کورد، بە ناوی "باقر ڕۆستەمی" تەمەن ٤٧ ساڵ کوڕی فەرەج، خەڵکی گوندی "تەوریوەر" سەر بە ناوچەی "ژاوەرۆ"ی شاری سنە، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هێزە ئیتلاعاتییەکان هێرشیان کردووەتە سەر ماڵی ئەو هاووڵاتییە کوردە و ناوبراویان دەسبەسەر کردووە.

### کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران:

ڕۆژی دووشەممە ٣١ی بانەمەڕ، کۆڵبەرێکی کورد، بە ناوی "ڕامین سنجی" خەڵکی بەشی "نازلوو"ی شاری ورمێ، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی، لە سنووری ناوچەی تەرگەوەڕ، بریندار کرا؛ئەو کۆڵبەرە، بە هۆی بەرکەوتنی گوللە لە سینگی بە توندی بریندار بووە و هەنووکە لە ناوەندی دەرمانیی شاری ورمێ، لەژێر چاوەدێریی پزیشکییە، کە پزیشکان دۆخی تەندروستی ئەو کۆڵبەرەیان نالەبار ڕاگەیاندووە.

٦ی جۆزەردان، هاووڵاتییەکی تەمەن ٣٠ ساڵ، خەڵکی شاری نەغەدە، بە تەقەی هێزە ئینتزامییەکان لە نزیک شەقامی "سەردار ڕۆحیی نەغەدە" گیانی لە دەست دا؛ بە وتەی شایەتحاڵان، ئەو ڕووداوە لە کاتێکدا ڕووی داوە، کە هێزە ئینتزامییەکان لە کاتی ڕاودوونانی "کاسبکاران" تەقەیان کردووە، کە گوللەیەک وەبەر چاوی ئەو هاووڵاتییەی کەوتووە.

ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ٧ی جۆزەردان، سێ کاسبکاری کورد بە ناوەکانی "ڕێبوار مورادی" تەمەن ٢٦ ساڵ و کوڕی ڕەسووڵ خەڵکی گوندی "کانی ڕەش"( کوژراو )، سیروان مورادی برای ڕێبوار بریندار و " خەلیل فەڕوخی" تەمەن ٣٢ ساڵ خەڵکی گوندی"دڕوو"(بریندار) لە بەرزاییەکانی شاخی "کێلەشین و سپی ڕێز" بە تەقەی هێزەکانی حکوومەتی پێکران.

ڕۆژی سێشەممە ٨ی جۆزەردان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "سەلیم خەلیلی" دانیشتووی ناوچەی "دەشتەبێڵ" سەر بە شاری شنۆ، بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران بریندار کرا.

ئەوە کۆڵبەرە کورد لە دەوروبەری شاری نەڵۆس سەر بە شارستانی شنۆ تووشی ئەو ڕووداوە بووە و بۆ چارەسەریی پزیشکی ڕەوانەی نەخۆشخانەیەکی تەورێز کراوە.

شەوی ١٠ی جۆزەردان، هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران، جێگیر لە پاسگای سنووری "سەرداو"ی شاری بانە، کۆڵبەرێکی کوردیان دایە بەر دەسڕێژی گوللە و لە ئاکامدا بوو بە هۆی کوژرانی ئەو کۆڵبەرە کوردە.

شوناس و ناونیشانی ئەو کۆڵبەرە بە ناوی "کەماڵ محەممەدی" کوڕی مەجید، خەڵکی گوندی "سووراو"ی شاری بانە ڕاگەیەندراوە.

شەوی ١٠ی جۆزەردان، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد دەکەونە بۆسەی هێزە نیزامییەکان و لە ئاکامدا، کۆڵبەرێکی کورد، خەڵکی یەکێک لە گوندەکانی پیرانشار بە تەقەی هێزە نیزامییەکان پێکرا؛ شوناسی ئەو کۆڵبەرە کوردە "عەبدوڵڵا" خەڵکی گوندی "قەڵاتە ڕەش"ی شاری پیرانشار ڕاگەیەندراوە.



### خۆکوژی لە کوردستان:

هاووڵاتییەکی تەمەن ٤٠ ساڵ، خەڵکی شاری ورمێ، لە یەکێک لە گەڕەکەکانی ئەو شارە بە شێوەی خۆهەڵواسین کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا؛شوناسی ئەو هاووڵاتییە کوردە، بە ناوی "ع. دەریایی" خەڵکی ناوچەی وەحدەت "تەرزیلوو" ڕاگەیەندراوە.

ئێوارەی ڕۆژی ٨ی جۆزەردان، سەربازێکی کورد بە ناوی "س.ب" خەڵکی شاری پیرانشار، بە چەک لە شوێنی نیگابانییەکەی خۆیدا، هەوڵی خۆکوژی دا. دوانیوەڕۆی پێنجشەممە ١٠ی جۆزەردان، دوو خوشک خەڵکی شاری مەریوان بە ناوەکانی "ئامینە سەعیدی" تەمەن ٣٠ ساڵ و "خەدیجە سەعیدی" تەمەن ٣٥ ساڵ، دەستیان دایە خۆکوژی و کۆتاییان بە ژیانی خۆی هێنا؛ ئەو دوو خوشکە کە دانیشتووی گەڕەکی "تەپەی مووسک"ی شاری مەریوان بوون،لە ڕێگای خۆهەڵواسینەوە، هەوڵی خۆکوژیان داوە و لە کاتی ڕەوانەکردنیان بۆ نەخۆشخانە دەرکەوتووە کە هیچ جۆرە نەخۆشییەکیان نەبووە.

لە لایەکی دیکەوە، ڕۆژی ١٣ی جۆزەردان، کچێکی مێرمنداڵ خەڵکی شاری بانە لە ڕێگەی خۆهەڵواسینەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا؛ شوناسی ئەو کچە بە ناوی "سروە ڕەحیمی" ڕاگەیەندراوە.

هەر لەو پەیوەندییەدا، بەڕێوەبەری تۆڕی بێهداشت و دەرمانیی شاری بیجاڕ باسی لە خۆکوژی ٦٠ هاووڵاتیی خەڵکی ئەو شارە لە ساڵی ڕابردوودا، (٩٦) کرد؛ بە وتەی ئەو بەرپرسەی بێهداشت، لەو ٦٠ هاووڵاتییە کوردە، ٣٩ کەسیان پیاو و ٢١ کەسیان ژن بوون؛ بەڕێوەبەری تۆڕی بێهداشت و دەرمانی شاری بیجاڕ هەروەها دەڵێت: "لەو ڕێژەیە، ٣٢ کەسیان خێزاندار و ٢٨ کەسیان سەڵتن کە ١٥ کەسیان خەڵکی گوندەکانی بیجاڕ و ٤٥ کەسیان دانیشتووی ئەو شارە بوونە".

ئەم ڕاپۆرتە بە پشتبەستن بە ئاماری تۆمار کراو لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا تۆمار کراوە.

## سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئێران ڕێگری لە ئازادبوونی محەممەد نەزەری دەکات



ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا بڵاوی کردەوە کە سپای پاسدارانی ئێران لەگەڵ ئازادکردنی محەممەد نەزەری، زیندانی سیاسی دژایەتی دەکات.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە زیندانی ورمێ بە ئاژانسی کوردپا ڕایگەیاند: "کاتێک محەممەد نەزەری لە زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج مانی لە خواردن گرتبوو، دۆزگەر لەگەڵ ناوبراو چاوپێکەوتنی کرد و بەڵێنیی ئازادکردنی محەممەد نەزەری دا، بەڵام سپای پاسداران دژایەتی لەگەڵ ئازادبوونی ئەو زیندانییە سیاسییە کوردە دەکات".

ئەو سەرچاوەیە دەڵێت: "سپای پاسداران، داوایان لە محەممەد نەزەری کردووە لە هەمبەر ئازادبوونی لە زیندان، "توبە نامە"یەک بنووسێت".

بە وتەی ئەو سەرچاوە ئاگادارە، ئەو زیندانییە سیاسییە بە ڕەتکردنەوەی داواکارییەکی سپای پاسداران ڕایگەیاندووە کە "ماوەی ٢٤ ساڵ بە بێتاوان لە زیندان دام، ئێستا بۆ بێتاوانییەک کە نەمکردووە، تۆبە بکەم".

ئەو سەرچاوەی هەروەها ئەوەشی خستەڕوو: "محەممەد نەزەری پاش ڕەتکردنەوەی داواکاریی سپای پاسداران، خەزەڵوەری ساڵی ڕابردوو (٩٦) بۆ زیندانی ورمێ گوازرایەوە".

ناوبراو یەکێک لە دێرینەترین زیندانییانی سیاسیی کوردستان و ئێرانە، کە بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئیسلامیی ئێران و چالاکیی تەبلیغی بۆ ئەو حیزبانە دەسبەسەر کراوە و دادگا بەبێ بوونی پارێزەر و بە سەرۆکایەتی دادوەر "جەلیل زادە"، بەرپرسی دادگای ئینقلابی شاری ورمێ، ناوبراوی بە ئێعدام مەحکووم کرد.

محەممەد نەزەری، زیندانیی سیاسیی کورد، خەڵکی شاری "ساین قەڵا"، ڕۆژی ٩ی جۆزەردانی ساڵی ٧٣ی هەتاوی، لە لایەن مەئموورانی ئەمنییەتیی سپای ئەبووزەری شاری بۆکانەوە دەستبەسەر کرا و هەتا ئێستا لە مافی هەر جۆرە مورەخەسییەکی یاسایی بێبەرییە.

ئەو هاووڵاتییە سەرئەنجام ساڵی ١٣٧٨ حوکمی لەسێدارەدانەکەی بۆ زیندانی هەتاهەتایی گۆڕدرا و هەتا ئێستا لە زیندانەکانی ورمێ و ڕەجایی‌شاری کەرەج لە دەسبەسەری دایە و لە مافی چوونە مەرەخەسیی بێبەرییە.

محەممەد نەزەری، کۆتاییەکانی مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٩١ بە نیشانەی ناڕەزایەتی دەربڕین لە مانەوەی دوو دەیە لە زیندان، لێوەکانی خۆی دووری و هاوکات بۆ ماوەی ٤٠ ڕۆژ مانی لە خواردن گرت.

ڕۆژی سێشەممە ٣ی ڕەشەممەی ١٣٩٥، دادستانی حکوومەتی ئێران بە ناردنی نامەیەک بۆ محەممەد نەزەری زیندانیی سیاسی لە گرتووخانەی ڕەجایی‌شاری کەرەج دژایەتی خۆی بە لێبوردنی ناوبراو دەربڕی.

محەممەد نەزەری، زیندانیی سیاسیی کورد، خەڵکی شاری "ساین قەڵا"، ڕۆژی ٩ی جۆزەردانی ساڵی ٧٣ی هەتاوی، لە لایەن مەئموورانی ئەمنییەتیی سپای ئەبووزەری شاری بۆکانەوە دەستبەسەر کرا و هەتا ئێستا لە مافی هەر جۆرە مورەخەسییەکی یاسایی بێبەرییە.

ئەو هاووڵاتییە سەرئەنجام ساڵی ١٣٧٨ حوکمی لەسێدارەدانەکەی بۆ زیندانی هەتاهەتایی گۆڕدرا و هەتا ئێستا لە زیندانەکانی ورمێ و ڕەجایی‌شاری کەرەج لە دەسبەسەری دایە و لە مافی چوونە مەرەخەسیی بێبەرییە. ئەو زیندانییە سیاسیە، ڕۆژی یەکشەممە ١٤ خەزەڵوەر ساڵی ٩٦، لە سەر داواکاری محەممەد حوسێن ئاقاسی، پارێزەری دۆسیەی ناوبراو کۆتایی بە مانگرتنە ٩٩ ڕۆژیەکی خۆی هێنا.